


# فیۆدۆر
# دۆستۆیڤسکی

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**بنیاتنەرانی کەلتوور ژمارە (٢)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

# فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

ئەرنست جی. سیمۆنز

وەرگێڕ: هیوا عەزیزی

سلێمانی ٢٠١٤

**سەرچاوە:**
انتشارات کهکشان
نسل قلم
کتاب شصتم : فئودور داستایفسکی
نویسنده : ارنست جی. سیمونز
مترجم : خشایار دیهیمی
چاپ اول : بهار ۷۵

**ناوی کتێب: فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی**

**نووسینی: ئەرنست جی. سیمۆنز**

**وەرگێڕانی: هیوا عەزیزی**

**هەڵەچنی و ڕێنووس: شادی عەبدوڵڵا**

**دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد**

**دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی**

**تیراژ: ۷٥۰ دانە**

**نرخ: ۲٥۰۰ دینار**

**چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ۲۰۱٤**

**کوردستان ـ سلێمانی**

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارە (۱٦٤۳)ی ساڵی ۲۰۱٤ پێ دراوە**

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©**

بۆ

ڕۆژدا و ژیان

هەنووکە* ئەمە مایەی سەرسووڕمانە کە لە سۆڤیەتدا* ڕەخنەگرێکی ئەدەبی دەنووسێت: «تێگەیشتن و مەعریفەی ئێمە لەمەڕ فیکر و داهێنان، هێشتا ئەبێ زۆر پێشکەوێت هەتا لەوە تێبگەین کە بۆچی وەک نموونە ئەلبێرت ئەنیشتاین[1] ڕای وابوو سوودێکی زۆرتری لە دۆستۆیڤسکی[2] وەرگرتووە، هەتاکو لە کەسێکی وەکو کارڵ فریدریش گایۆس[3]، کە یەکێک لە گەورەترین زانایانی فیزیا و ئەستێرەناسی و ماتماتیک بووە.» چونکە وەک دەڵێن، ساڵانێکی پێش ئێستا، کاتێک لە "لینین"یان[4] پرسیبوو کە ڕای لەسەر ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی چییە، لە وەڵامدا وتبووی: «من هیچ دەرفەتێکم بۆ ئەمجۆرە هەڵیتوپەڵیتانە نییە.» مەکسیم گۆرکیش[5] سەرەڕای ئەوەی ستایشی بلیمەتیی دۆستۆیڤسکی دەکات و بە شێکسپیری[6] بەراورد دەکات، بەڵام بەولادا بە «وردەبۆرژوا و شکستگەرا»ی ناو دەنێت و بەمەشی

---

* تێبینی: جگە لەم پەراوێزەی خوارەوە و کۆی پەراوێزەکانی کۆتایی ئەم کتێبە هەموو ئەو پەراوێزانەی بە هێمای * دەستنیشان کراون، هی وەرگێڕی کوردن.

* بۆ ئاگاداریی خوێنەران ئەم وتارە پێش ڕووخانی سۆڤیەت نووسراوە.

تاوانبار دەکات؛ هەروەها تاوانی تاکخوازیی خۆپەرستانەشی دەخستەپاڵ کە لە سیستەمی ئەخلاقییانەی سۆڤیەتدا گوناحێک بوو لێخۆشبوونی هەڵنەدەگرت، ئەم تاوانەشی بە یەقینێک دەزانی کە دەیگوت: «هیچ بزنێک نییە بۆنی بۆگەن نەدات.» ولادیمیر نابۆکۆفی[٧]، دژەسۆڤیەتیش کە لایەنگری ئەنتاگۆنیزمی ئەنتاگۆنیستەکانە، لە پرس و کێشە ئەدەبییەکاندا، وەک چاوەڕێی لێدەکرێت، لەم ململانێیەدا لایەنی لینین دەگرێت و دەڵێت دۆستۆیڤسکی «ڕۆماننووسی گۆتیک و هەتا بڵێی هەستگەرای سەردەمی خۆیەتی کە بە خوتوخۆڕایی هێندە گەورە کراوە... یەک لەو مایکانەی بەڵگەنەویستەکان دەقیرێنن.»

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پێگە و شوێنی دۆستۆیڤسکی لە ڕۆماننووسی و هزرگەریدا، لەنێوان هاونیشتمانییانی خۆیدا هەمیشە پارێزراو بووە و هیچ دڕدۆنگییەک دزەی تێدا نەکردووە. ئەو کتێبانەی کە لەسەر هەر قۆناغێکی ژیان و کاری دۆستۆیڤسکی نووسراون، بە شێنەیی بەڵام بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر، ڕووی لە زیادبوون کردووە.

تەنانەت ئەو کەسانەی کە ڕەخنە لە سۆڤیەت دەگرن، سەرباری ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە، بە کۆنەپەرست و پەسنکەری قەیسەرەکان و بە ئیمانداری تەرەقەسووری ئایینزای ئورتۆدۆکسی ڕووسیی دەزانن و لەبەر ئەمەش خەتێکی ڕاست و چەپی بەسەردا دەکێشن، نایانەوێت لە ئەمن و ئەنوای جاویدی پێش شۆڕشەکەی وازبێنن؛ چونکە دۆستۆیڤسکی یەکێک لەپڕخوێنەرترین ڕۆماننووسە گەورەکانی سەدەی نۆزدەیە و کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر چەندین نووسەری باشی سۆڤیەت داناوە. بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشمان لەمەڕ ئەم ڕۆماننووسە بۆ دەستەبەر ببێت، بێگومان گەنجینەی ڕەخنە ئەدەبی و دیراسییەکانی سۆڤیەتەکان دەرهەق بەم نووسەرە، بایەخ و بەهایەکی زۆریان دەبێت.

هەندێک بەڵگە سەلمێنەری ئەم ڕایەن کە دوای مردنی ستالین[٨]، هەڵکشانی ناوبانگ و خۆشەویستیی دۆستۆیڤسکی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا، تەنها ئاماژەیەکی تری - هەڵبەت بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەوە - نوێبوونەوەی ڕەوتی مێژوویی "بەڕۆژئاوابوونی" ڕووسیایە لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتی و

ئابوورییەوە؛ چونکە لە مەودای نێوان دوو شەڕی جیهانی و دوای کۆتاییهاتنی ئەم دوو شەڕەدا، هیچ ڕۆماننووسێکی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەورووپای خۆرئاوا و ئەمریکاشدا، هێندەی دۆستۆیڤسکی بەها و گرنگیی پێنەدراو. هەرچەند ستایشی ڕەخنەگرانیشی پتر دەگەڕێتەوە بۆ بایەخ و گرنگیی ئەم نووسەرە وەک پێغەمبەر، فەیلەسووف، دەروونناس و بیرمەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی، هەتا هونەرمەندێکی ئەدەبی.

ڕەنگە ئێمە کە ئەمڕۆ لە ڕووی وەرگرتنی هەڵوێستی فیکرییەوە، لە دۆخێکی سەختدا دەژیین، جوانتر لە هەموو ئەمانە تێبگەین، چونکە زۆربەی ئەو کێشە سیاسی و ئەخلاقی و ئایینییانەی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا، زیاتر لە نەوەیەکی شپرزە و پەرتەوازە کردووە، بە باشترین و کاریگەرترین شێوە لە نووسین و بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەمدا، ڕەنگیان داوەتەوە.

فریدریش نیچە[٩]، لە بواری سایکۆلۆژییادا، کتمانی دەینی خۆی بۆ دۆستۆیڤسکی ناکات و ئەم بیرۆکەیەشی کە هەر خولقێنەرێکی چاکە و خراپە،

دەبێت سەرەتا هەموو ئەرزش و بەهاکان بڕووخێنێت، ویکچوونێکی تەواوی بە بیرۆکەکەی شیگالیفەوە[١٠] هەیە لە ڕۆمانی "**جادوولێکراوەکان**"[١١]دا. کاتێکیش تۆماس ماساریک،[١٢] ساڵی ١٩١٣ کتێبی "**ڕۆحی ڕووسیا**"ی[١٣] بڵاو کردەوە و تیایدا دۆستۆیڤسکی ی بە تاکە کەسایەتیی سەنتراڵی دادەنا لە بیچمگرتن و پێشکەوتنی فیکر لە سەدەی نۆزدەهەمدا، دەمێک بوو ڕێبازی ڕاستەقینەی دۆستۆیڤسکی، تەڕاتێنی بە هەموو لایەکی دنیای مەعریفی و فیکریی ئەورووپادا دەکرد. پێش ئەوەی هیتلەر[١٤] بێتە سەر حوکم، ڕەخنەگرێکی ئەڵمانی تا ئەو شوێنە دەڕوات کە بڵێت لە سەردەمی مارتین لۆتەرەوە[١٥] هەتا ئێستا، هیچکەس هێندەی دۆستۆیڤسکی لە ئەڵمانیادا نفووزی مەعنەویی نەبووە. دواتریش ئەندریە مالرۆ[١٦] شایەتیی ئەوەمان بۆ دەدات کە دۆستۆیڤسکی کاریگەرییەکی قووڵ و بەرچاوی لە سەر کۆی مێژووی ڕۆشنبیریی نەوەی ئەو لە فەڕەنسادا هەبووە. لەڕاستیدا ژان پۆل سارتەریش[١٧] ستایشگەر و سپاسگوزاری دۆستۆیڤسکی دەبێت بۆ ئەوەی حوکمدانی لەسەر

ئیدانەکردنی دیسپۆتییەتی عەقڵ، ئیلهاموەرگرتنی ئەم قەناعەتە ئەگزیستانسیالیزمییەی لێدەکەوێتەوە کە سەرجەم کردار و هەڵسوکەوتێکی ئینسان، تەنها دەرهاویشتەی ئاتاجێکی بایۆلۆژییانەیە بۆ تەعبیرکردن لە کەینونە و وجوودی خۆ. ئەلبێر کامۆش[١٨]، لە کتێبی "**مرۆڤی یاخی**"[١٩]دا پشتبەستنی زۆری هەیە لەو هەموو پرسیارە ئازاربەخشانە کە لە "**برایانی کارامازۆف**"دا[٢٠] خراونەتە ڕوو" لەسەر بنەمای ئەم پرسیارانەش ئەم تیۆرەیە دادەڕێژیت کە لە سەردەمانی مۆدێرندا، بڕواکردنی نابەجێ بە عەقڵ، لەناوچوونی هەر چەشنە تێگەیشتنێکی لەمەڕ قیەم و بەهاکان لێکەوتۆتەوە، لە ئەنجامیشدا مەخابن دیکتاتۆرەکان ڕکێفی دەسەڵاتیان کردووە.

ئەم ڕیبازە ئەورووپییە، کاتێک گەیشتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تا ڕادەیەک تەوژم و تینی خۆی لەدەست دابوو، بەڵام لە ساڵانی دواییدا، هۆگری و حەزی ئەمریکییەکان بۆ دۆستۆیڤسکی، ڕووی لە زیادبوون کردووە. ئەگەر پێوەرمان بۆ هەڵسەنگاندنی نووسەری گەورە، نەک ئەمە بێت کە چی دەڵێت، بەڵکو گۆڕانێک بێت لەناوماندا دروستی

دەکات ـ واتە بەو ڕادەیەی ڕوانگە و گۆشەنیگای خۆیمان تێدا دەچێنێت و تێگەیشتنمان بۆ جیهان دەگۆڕێت ـ ئەوا بە حوکمی ئەمە دەبێت بەپێی ڕێسا، دۆستۆیڤسکی ڕاکێشەیەکی بەرچاوی بۆ خوێنەرانی ئەمڕۆی ئەمریکی هەبێت. هەرچەند تێبینییە ستاتیکییەکان ناچنە دەرەوەی بازنەی سەرنجەکانی ئێمەوە، بەڵام زۆرترینی سەرنجی خۆمان دەخەینە سەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییانەی کە لە ناو ڕووداوە ئینسانییە پڕ ترپەکانی پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ئەودا دەبینرێن، هەروەها ئەو کنە و پشکنینە سایکۆلۆژییە ناوازانەی کە بۆ نێو ژیانی لێوانلێو لە ئازار و ژانی ئەم کاراکتەرانە دەیکات. وەکو تریش پێدەچێ ئێمە هۆگرییەکی تایبەتمان بۆ «وشیاریی نەخۆش»ی ئەم ژن و پیاوە ناسۆربارانە هەبێت، کە هەوڵ دەدەن لە دونیایەکدا کە پێی نامۆن، شوناسی خۆیان بدۆزنەوە. چونکە دژە پاڵەوانەکانی دۆستۆیڤسکی کە هاوشێوەی هاوتاکانی خۆیان لە بەشێکی سەرەکیی ئەدەبی چیرۆکی هاوچەرخی ئەمریکادا، لەژێر قورسایی باری ڕاڕایی و دڕدۆنگیدا فەتارفەتار کراون، گیرۆدەی نێو دۆلابی چەوری

بیرکردنەوەی ناکۆتا هاتوون و لەبەر نەبوونی ورە و ئیرادە، قەدەری نەبزۆکی و مەندێتییان لە چارە نووسراوە.

دۆستۆیڤسکی بە پێچەوانەی گەورەنووسەرانی هاوچەرخی خۆی، واتە ئیڤان تۆرگنیف[٢١] و لیۆ تۆلستۆی[٢٢]، کە لە خێزانگەلێکی پارەدار و خاوەن فەرهەنگی ئەریستۆکراتی دەرەبەگ هەستابوون، سەربە خێزانێکی ڕیزی خوارەوەی چینی ناوەڕاستی مۆسکۆ بوو، بگرە لە ڕیزێکی وەهاشدا شوێنێکی ئەمن و ئەمینی نەبوو. دۆستۆیڤسکی خۆی بە «پرۆلیتاریای ڕۆشنبیر» ناو دەنا. بنەماڵەکەی دەعیەی ڕۆشنبیرییان نەبوو، باوکیشی کە پزیشکی پێشووی سوپا بوو، لە کێشەکانی ماڵ و مناڵدا پیاوێکی تۆسن و سەخت بوو. ئەم باوکەش دواتر بە دەستی سەپانەکانی[*] خۆی، لە پارچە زەوییەکی بچووکی دەرەوەی شاردا کوژرا. ئەم جیاوازییەی نێوان جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، کاریگەریی لەسەر حەز و ویستە ئەدەبییەکان و ناواخنی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی دانا و ئەمەشیان

---

* Serf

لێکەوتەوە کە ئەم ڕۆمانانە، ئەمەندە جیاوازییان لەگەڵ ڕۆمانەکانی تۆرگنیف و تۆلستۆیدا هەبێت.

دۆستۆیڤسکی لە هەڤدە ساڵیدا دەچێتە خوێندنگەی ئەندازیاریی سەربازیی پیتەرزبورگ و لەو پێنج ساڵەشدا کە لەوێی بەسەر دەبات، هەموو وەختی پشووی خۆی کە دەیتوانی لەم مەشقە وەڕەزکەرەی سەربازی و زانستەکانی پەیوەست بە دروستکردنی بەربەندسازی* بیدزێت، تەرخانی خوێندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان بکات. کونجکۆڵی و فزوولیی لەڕادەبەدەر، یەک لە تایبەتمەندییە سروشتکردە چالاک و هەستەوەرکانی بوون. جگە لە بەرهەمی نووسەرانی ڕووسی کە لە ناویاندا "پوشکین"[٢٣] و "گۆگۆل"[٢٤]ی زیاتر لە هەموان خۆش دەویست، بەرهەمی نووسەرانی جیاواز و جۆربەجۆری دەرەکیشی دەخوێندەوە. بۆ وێنە: هۆمیرۆس[٢٥]، شێکسپیر، کۆڕنی[٢٦]، ڕاسین[٢٧]، ڕۆسۆ[٢٨]، گۆتە[٢٩] و بایرۆن[٣٠] و شیلەر[٣١] کە شەوقێکی وەهای بۆ شیلەر هەبوو کە هەرگیز

---

* Fortification.

لەدەستی نەدا. (لەڕاستیشدا شیلەر و ویلهیلم شیلگیل[٣٢] و فریدریش شیلگیل[٣٣] لە داڕشتن و سیاغەکردنی ستاتیکییانەی دواتریدا، دەوری بەرچاویان بەردەکەویت). چێژێکی گەنجانە کە لە هەموو چیرۆکێکی پڕلە ڕووداو دەیبرد، بە خوێندنی ڕۆمانسە گۆتیکەکانی ئان ڕادکلیف[٣٤]، ئم. جی. لویز[٣٥]، چارلز مەتۆرین[٣٦] و هۆفمان[٣٧] دادەمرکاندەوە کە وەرگێڕانی کتێب و بەرهەمەکانیان لەو سەردەمانەدا، بازاڕێکی گەرمی لە ڕووسیادا هەبوو. بێگومان داڕشتنی دیمەن و دیمەنسازیی تۆقێنەری نێو بەرهەمی ئەم نووسەرانە، لە ڕاکێشانی زەوقی دۆستۆیڤسکی بە لای میلۆدراما* و پەیچنی* لێوانلێو

* Melodrama

* پەیچن (plot) لە هونەری شێوەکاری وەرگیراوە بە واتای سکێچێک دێت کە شێوەکاران لە سەر کاغەز دەیکێشن و دوایی کامڵی دەکەن. سکێچێکی بینایی کە مێعمارەکان دایدەڕێژن و خانووەکەی لە سەر بینا دەکەن. پەیچن لە چیرۆکدا بە واتای گێڕانەوەی سەرجەم ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە دێت بە جەختکردن لەسەر هاوکێشەی هۆکار و دەرەنجام لەنێوان ڕووداوەکاندا.«دوای ئێوارەیەکی غەمگین بایزی شووی هەمین شێت دەبێت» ئەمە چیرۆکە چونکو بەپێی سووڕی زەمەنی تەنها ڕەچاوی ڕەوتی لۆژیکیی ڕووداوەکان کراوە. بەڵام«دوای ئەو ئێوارە غەمگینەی کە هەمین هەتا ئەبەد نەهاتەوە و

لە توندوتیژی و تاواندا، کاریگەریی خۆیان بەجێ دەهێڵن و کۆی ئەمانەش دواتر لە پێکهات و ستراکتۆری سەرجەم چیرۆکەکانیدا، ڕەنگیان دایەوە. بەڵام هاوکات ئەو نووسەرانەشی پشتگوێ نەدەخست کە دەیانتوانی بانگەوازکەری ڕیالیزم بن، لەوانە سێر واڵتر سکات[٣٨]، ئێنۆرە دۆ بەلزاک[٣٩]، ویکتۆر هۆگۆ[٤٠] و ژۆرژ ساند[٤١] و ئۆژن سۆ[٤٢]. زانیارییەکی ئەوتۆمان دەرهەق بە کەسایەتیی دۆستۆیڤسکی لەم چەندساڵەی لەبەردەستدا نییە کە وردەوردە دەچوو هەتا بیچم بگرێت، بەڵام بە پشتبەستن بەو فاکت و بەڵگانەی لە بەردەستدان، دەتوانین بڵێین ئەو کەسایەتییە شەرمن و خۆنەدرکێن و تەنیایەی لە ژیاننامەکانیدا لێیان خستۆتە ڕوو، تا ڕادەیەک لەگەڵ واقیعدا نایەتەوە. هەڵبەت کاتێک لە بەرامبەر بەرپرسان و کاربەدەستانی سەرووی خۆی

---

ئاوا بوو ئیدی بایز شێت دەبێت.» ئەمە پەیچنە چونکو لەم دەربڕینەدا تەرکیز لەسەر هۆکاری شێتبوونی بایزیش کراوە. بە گوتنێکی دی پەیچن سکێچێکی تۆکمە و ئیقاعدار و هارمۆنیدارە کە لە شوێنێکەوە دەست پێدەکات و لە شوێنێکی تردا کۆتایی پێدێت. لەنێوان ئەم دوو پنتەشدا ڕووداوگەلێک ڕوو دەدەن کە هەموو پەیوەندییەکی سەبەبی و هۆکار و دەرەنجامیان لەنێواندایە.

ڕادەوەستا، لەوانەیە وەها بووبێت، بەڵام هاوکاتیش چێژی لە شەونخوونیکێشان لەگەڵ هاوزانکۆییەکانی خۆی و خواردن و خواردنەوەی باش دەبینی. قسەوباسی دڵخواز لەگەڵ هاوڕێیان، مۆسیقا، شانۆ و دانیشتن لەگەڵ ژنانی جوان و سۆزانیدا. یەکسەر نوقمبوونی لەنێو شتێکدا و خوازیاری هیچ یان هەموو شتێک بوون، حاڵەتێکی سروشتکردی ئەو بوون کە زۆر خێرا لەپاڵ مێزەکانی قومار و پلانە بەرزەفڕەکانیدا، بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی دەسبەجێی ئابووری، خۆی دەرخست. هەرچەند لە کێشە ئابوورییەکاندا قەت بیری لە دوارۆژ نەدەکردەوە و هەمانەیەکی کراوەی هەبوو. سەردەم، سەردەمی داڕشتنی خەیاڵ بوو، ئەویش خەیاڵبازێکی دەستباڵای ناو و ناوبانگ، کاری فیداکارانە و لەخۆبوردانە و دۆستایەتیی ئایدیالییانە بوو.

هەتا ساڵی ١٨٤٣ کە کۆتایی بە مەشقی پیشەیی خۆی هێنا، بیرۆکەی ئیشکردن لە ئەندازیاریی سوپادا، یەکسەر جێی خۆی دایە بڕیار و ئیرادەیەک بۆ بوون بە نووسەر. هەستی دەکرد لە ئەدەبدا قسەیەکی بۆ وتن هەیە و لە هەمان سەردەمیشدا،

پرۆڤەی کاری خۆی بە وەرگێڕانی "**ئۆژنییە گراندە**"[٤٣] دەست پێکردبوو. پاییزی ساڵی دواتریش، بۆ میخاییلی[٤٤] برای دەنووسێت: «پشتم بەستووە بەم کارە. خەریکم ڕۆمانێک تەواو دەکەم لە ئاستی "**ئۆژنییە گراندە**"دا. پێموایە هێشتا کەس دەستی بۆ نەبردبێت.»

لە٢٣ ساڵیدا، واز لە ئیشەکەی خۆی دەهێنێت و سەرقاڵی پێداچوونەوە و سەرلەنوێ نووسینەوەی ڕۆمانەکەی دەبێت، لە بەهاری ١٨٤٥ یشدا، بە دڕدۆنگی و ڕاڕاییەکی زۆرەوە و یەکسەر نادڵنیا لە زەوق و بەهرەی خۆی، دەستنووسی تەواوبووی "**خەڵکی ڕەشوڕووت**"[٤٥] دەسپێرێتە گەنجێکی هاوڕێی، هەتا بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە و ڕەخنە، پیشانی ڤیساریۆن بلینسکی[٤٦] ڕەخنەگری بلیمەتی ئەو سەردەمەی بدات. دوای چەند ساڵ لە "**یادداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەر**"[٤٧]دا، بە هەستێکی قووڵەوە، قسە لە کاردانەوەی کەیفئامێزی بلینسکی دەکات. ئەم ڕەخنەگرە، ستایشی بەهرەی هونەریی تیژی دۆستۆیڤسکی دەکات بۆ دەرخستنی نەستی شاراوەی پاڵەوانەکانی و دەڵێت: «نهێنیی بایەخی هونەریی بەرز

هەر ئەمەیە. ئەمەیە هەقیقەت لە هونەردا! ئەمەیە خزمەتێک هونەرمەند دەیکات بە هەقیقەت! وەکو هونەرمەندێکی ڕاستەقینە هەقیقەتت بۆ دەرکەوتووە؛ ئەمە خەڵاتێکە تۆ هەتە. ڕێز لەم خەڵاتەی خۆت بگرە و ئیمانت هەبێ پێی، ئەوسا دەبی بە نووسەرێکی گەورە!»

وێڕای ئەوەی "**خەڵکی ڕەشوڕووت**"، بەری لە کەموکورتی و فەریکدەستیی تازەکاران نییە، بەڵام ستایشی بەرزی بلینسکی هەقیقەتی پێشبینییە پێغەمبەرانەکانی دەرخست، چونکە ئەمەی کەشف کردبوو کە دۆستۆیڤسکی کارێکی بێوێنەی لە ئەدەبی ڕووسیدا دەست پێکردووە. ئەم کورتە ڕۆمانە، یەکەم چیرۆکی کۆمەڵایەتیی ڕووسیا بوو کە بەسەرهاتی فەرمانبەرێکی تۆمارکاری هەژاری بەساڵاچوو دەگێڕێتەوە کە نائومێدانە هەوڵ دەدات ڕێز و پێگەیەک بۆ خۆی مسۆگەر بکات و لەژێر جلکی نواندنی سۆزی باوکانەدا، عەشقی ڕاستەقینەی خۆی بۆ کچە هەتیوێکی هەژار دەشارێتەوە. ئەم هەقیقەتە و هێرشی شاراوەی چیرۆکەکە بۆ سەر خەمساردیی کۆمەڵگە لە ئاست هەژاراندا، دڵی

بلینسکی، ئەم لیبراڵە ڕیفۆرمخوازە، بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و پێشوازییەکی گەرمی خوێنەرانیشی لێدەکەوێتەوە. دیارە "**خەڵکی ڕەشوڕووت**" لەژێر کاریگەریی "سەرۆکی وێستگە"[٤٨] ـ ئەو چیرۆکە کەم تا زۆر ناوازەیەی پوشکین ـ دا بوو کە لەمەڕ چینی خوارەوەی کۆمەڵگە نووسیبووی، هەروەها چیرۆکی بەناوبانگی "قاپوت"[٤٩] کە گۆگۆل نووسیویەتی. "قاپوت" یەکێکە لەو بەرهەمانەی گۆگۆل کە وای لە بلینسکی کردبوو هەتاکو لە ئەدەبی ڕووسیدا بە بوونیاتنەری "قوتابخانەی ناتۆرالیزم"ی دابنێت. ئەمێستاش ئـەم ڕەخنەگرە، دۆستۆیڤسکی شی دەخستە ڕیـزی لایەنگرانی "قوتابخانەی ناتۆرالیزم"ـەوە. دۆستۆیڤسکی واقعی سـەیری داماوان و ئازاردراوانی شاری کەشف کردبوو و ببوویش بە شاعیری زمانحاڵی ئەم چینە جەماوەری نێو کۆمەڵگەی ڕووسیا. دۆستۆیڤسکی تاڕادەیەک شێوەڕوانینی ئەدەبی مرۆڤدۆستانەی خۆرئاوای لە ڕووسیادا برەو پێدا کە لەم سـەردەمەدا، وردەوردە پاڵەوانـە بـژاردە و پارەدارەکانی نێو کۆمەڵگەی کەنارگیر دەکرد و لەبری ئەمان، هەژاران و

پەراوێزخراوانی کۆمەڵگەی دادەنا. لە نموونەی ئەم نووسەرانەش لە ڕۆژئاوادا ژۆرژ ساند، ئۆژن سۆ و چارڵز دیکنز[٥٠] بوون. فۆرمی نامەشێوەی یەکەم ڕۆمانیشی، نەک هێندە ئیلهامی لە **"کلاریسا"**[٥١]ی سیمۆییل ڕیچاردسۆن[٥٢]، یان **"ئیلۆئیزی نوێ"** [٥٣] ی ژان ژاک ڕۆسۆوە وەرگرتبوو، بەڵکو زیاتر ئیلهامی لە **"جاک"** [٥٤] ی ژۆرژ ساندەوە وەرگرتبوو کە پاڵەوانی ئەم چیرۆکەیان بە دیڤۆشکینی[٥٥] **"خەڵکی ڕەشوڕووت"** بەراورد کردووە.

بەڵام بەپێچەوانەوەی گۆگۆل، یان هەریەک لە نووسەرانی پێشەنگی ئەم ستایلەی نووسین، دۆستۆیڤسکی گرنگی بە ڕەهەندێکی نوێ دەدات: سەرنجێکی توندوتۆڵی سایکۆلۆژییانە کە تیایدا ململانێی پاڵەوانی چیرۆکەکە لە دەرەوە وێنە ناکرێت، بەڵکو بە قووڵی و لە ناوەوە ڕاڤە و شرۆڤە دەکرێت. دۆستۆیڤسکی دەرهەق بە **"خەڵکی ڕەشوڕووت"** بۆ براکەی دەنووسێت: «بلینسکی و کەسانی دیکە ڕۆحییەتێکی بیگەردی نوێیان لە نێو مندا دۆزیوەتەوە. لەبری ئەوەی بمەوێ بە لێکدانی توخمی هەمەجۆر ئیشەکەم پێش بەرم، دەکەومە ڕاڤە و شرۆڤەکردنیان،

واتە ڕۆدەچمە قووڵایی بابەتەکەوە و سەرباری لێکدانەوەی هەر بەشێکی سادەی، هەوڵ دەدەم گشتییەتی بابەتەکەش کەشف بکەم.» ئەنجامی کارەکەش تێگەیشتنێکی قووڵ بوو لەمەڕ عەبەسییەتی تراژیکی عەشقی خەڵکی ڕەشوڕووت، واتە هەمان ئەو خەڵکانەی قوربانیی بارودۆخی بێبەزەییانەی ژیانی نێو کۆمەڵگەی هاوچەرخن. شێوازی داڕشتنی دۆستۆیڤسکی بۆ ڕووداو و بەسەرهاتە نەفسی و سایکۆلۆژییەکانی ئەم خەڵکە، ئەم ڕاستییەی سەلماند کە "**خەڵکی ڕەشوڕووت**" ببووە خاڵێکی دەستپێک بۆ قوتابخانە تایبەتییەکەی خۆی لە چیرۆک و چیرۆکنووسیی ڕیالیزمی ڕووسیدا.

سەرکەوتنی ئەدەبی، شانبەشانی سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی ڕووی دا. هەردووی ئەمانەش سەری دۆستۆیوفسکییان پڕکرد لە با. بە لووتبەرزی و فەخرەوە، بۆ براکەی لەمەڕ ئەو بانگهێشتە زۆر و بێئەژمارانە دەینووسی کە داوەتی نێو تەلار و ئاهەنگەکانی شێوی ئەریستۆکرات و دەوڵەمەندان و ناوبانگدارانی ئەدەبی دەکرا. بەڵام ئەم پیاوە قژبۆرە کورتەباڵایە، بە چاوانی گچکەی خۆڵەمیشییەوە، بە

سیما و ڕوومەتی هەڵبزرکاو و نەخۆشئاساوە، بە لێوە لەرزیوە دەمارییەکانیەوە، لەم ئاهەنگە کەشخە و ڕازاوانەدا، حاڵەتێکی بەزەییئامێزی وەردەگرت. ڕەفتارەکانی غەشیمانە و ناوێزە بوون، هەستی بە مورتاحبوون نەدەکرد، لە قسەکردنیشدا، هەندێ جار ماوەیەکی درێژ بێدەنگیی هەڵدەبژارد و هەندێ جاریش، بە تەنیا ڕایەڵی قسەی دەگرتەدەست و بە گوڕوتینەوە دەدوا. دۆستۆیڤسکی کە مرۆڤێکی زۆر هەستیار بوو، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تێگەیشت کە لە فەزا و کەشێکی وەهادا، بەها و بایەخێکی ئەوتۆی نابێت.

خۆشبەختانە زیهن و ڕۆحی دۆستۆیڤسکی دەرگیری نووسین بوو، ماوەیەکیشی نەخایاند کە دوای یەکەم هەوڵی خۆی، ڕۆمانێکی کورتی دیکەی بە ناوی **"مۆکڵ"** [٥٦] نووسی. ئەو کە ئێستاکە متمانەیەکی زۆرتری بە بەهرە و توانای خۆی هەبوو، بۆ براکەی دەنووسێت کە: «ئەم چیرۆکە نوێیە دە ئەوەندەی **خەڵکی ڕەشوڕووت** چیرۆکێکی بەهێزترە. لەنێو بازنەکەی ئێمەدا دەڵێن لە ئەدەبی ڕووسیدا، پاش **جەماوەری مردوو**[٥٧]، هیچ کتێبێک ئەوەندەی ئەم

کتێبە بەهێز نییە، هەروەها دەڵێن بەرهەمێکی بلیمەتانەیە و زۆر شتی دیکەش!». هەرچەند بەراوردکردنی "**مۆکڵ**"* بە ڕۆمانێکی درێژی بەرکەماڵی وەک "**جەماوەری مردوو**" کە بە شاکارێکی ئەدەبی دادەنریت پێکەنیناوییە، بەڵام بەهەرحاڵ دۆستۆیڤسکی وەک گۆگۆل هەوڵی دابوو بەرهەمێکی شاز و ڕاقی بنووسێت، هەرچەند لە پۆلێکی بەرتەسکتری هونەری چیرۆکنووسیدا. "**مۆکڵ**" پەیوەست بە سات و کاتی خۆی توێژینەوەیەکی سەیرە لەمەڕ سایکۆلۆژییای ناوێزەیی. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە، گۆلیادکین[٥٨]، فەرمانبەرێکی پلەنزمی گیرۆدەی مانیای زۆری ئەشکەنجە و ئازارە. ڕێکەوتی پیاوێک دەکات کتومت شێوە و ناویشی لە خۆی دەچێت. سەرەتا دەبێتە دۆست و هاوڕێی ئەم پیاوە و ئیشێکی لە فەرمانگەکەی خۆیاندا بۆ دەدۆزێتەوە. پاشماوەی چیرۆکەکەش تەقریرێکی ورد و توێکارانەی بەسەرهاتی گۆلیادکینە لەگەڵ مۆکڵەکەی خۆیدا.

---

* بوونەوەرێکی نادیارە کە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ، ئەویش لەدایک دەبێت و لە هەموو ژیانیدا لەگەڵیدایە.

گۆلیادکین بە دڵشکاوییەکی زۆرەوە، دەبینێت ئەم مۆکڵە ستایش و سەرنجی بەرپرسانی باڵا و فەرمانبەران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، هەمان ئەو کارەی کە ئەو (واتە گۆلیادکین) بە هەموو هەوڵی خۆی نەیتوانیبوو بیکات. لە زیهنی پەرتەوازە و شێواوی گۆلیادکیندا، مۆکڵەکەی دەبێتە سەرکردەی تاقمێکی پیلانگێڕ لە دژی ئەو و ئەویش بێهوودە هەوڵ دەدات حاشا لەم زەلامە دەمڕووت و چاوشکاوە بکات. دواجاریش پاش زنجیرەیەک ڕووداوی کۆتایی کە تیایدا خەنیمەکەی سووکایەتیی پێدەکات، چیرۆکەکە بە دیمەنێک تەواو دەبێت کە تیایدا مۆکڵەکە یارمەتیی گۆلیادکین دەدات هەتا سواری گالیسکەیەک ببێت کە بڕیارە بەرەو شێتخانەی بەڕێ بکات.

توانا و هێزیک دۆستۆیڤسکی بۆ ڕاگرتنی وەهمی "مۆکڵ" هەیەتی و ناسکیی تێگەیشتنی سایکۆلۆژییانەی لەمەڕ زیهنی لاروچەوتی گۆلیادکین، شارەزایی هونەرمەندانەی شایانی ستایشی ئەم هونەرمەندە گەنجە، خۆیا دەکات. پشێویی زیهنیی پاڵەوانی چیرۆکەکە نامۆ و نەناس نییە لای. لە

ڕواڵەتدا، ئەم یەکەم هەوڵەی دۆستۆیڤسکی بۆ شیکردنەوەی کاراکتەرێکی دووفاق، پەیوەستە بە سەرقاڵیی زیهنیی دواتریەوە لەمەڕ ڕەهەندە هەمەجۆرەکانی دووفاقی لە خولقاندنی هەندێک لە نەمرترین کاراکتەرە چیرۆکییەکاندا. بەوەی چیتر تا ئەو ئاستە هەرگیز پەرەی بە لایەنە خەسارناسییەکانی دووڕوخساری و دووفاقی نەدا، کە سەبارەت بە گۆلیادکین شوێنی کەوتبوو، بەڵام لەو دیمەنە هەرە بەناوبانگەی "**برایانی کارامازۆف**"دا، کە تیایدا ئیڤان[59] ڕێکەوتی مۆکڵەکەی خۆی دەکات و بە شێوەیەکی کاریگەر، دووفاقی و دووڕوخسارییەکەی دەردەخات، زۆر نزیکی ئەم شتە دەبێتەوە.

بلینسکی کاتێک بەشێک لە دەستنووسی ئەم کتێبەیان بۆ خوێندەوە، سەرەتا ستایشی **مۆکڵی** کرد، بەڵام دواتر کاتێک کتێبە چاپکراوەکەی خوێندەوە، شەوق و گوڕوتینی دامرکایەوە؛ چونکە پێی وابوو ئەم چیرۆکە ئەو سەنگە کۆمەڵایەتییەی نییە کە بەڕای ئەو یەکێک لە کۆڵەکە هەرە سەرەکییەکانی ئەدەبی پێک دەهێنا. لەوەش خراپتر، زۆربەی خوێنەران ئەم

چیرۆکەیان بە چیرۆکێکی وەرزکەر بینییەوە. دۆستۆیڤسکی بەو ڕۆحییەتەی ڕەخنەلەخۆگرتن کە بە شێوەیەکی شایانی ستایش دژی ئەو خۆهەڵکێشانەی جارانی خۆیەتی، لەمەڕ سەرنەکەوتنی "**مۆکڵ**" نامەیەک بۆ براکەی دەنووسێت و تیایدا بەم شێوەیە دێتە قسە: «من عەیبێکی زۆر ترسناکم هەیە، ئەویش غروور و تمووحی بیڕادەیە. ئەم بیرەی کە من چاوەڕوانییەکی نابەجێم هەڵخڕاندووە و شتێکم بەفیڕۆ داوە کە دەیتوانی چیرۆکێکی گەورە و ناوازە بێت، تێکی شکاندووم.»

سالانێک دواتر، لە "**یادداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەر**"دا، دانی بەمەدا نا و گوتی فۆرم و داڕشتەی ئەم چیرۆکە بەتەواوەتی فاشیل بووە، بەڵام هاوکات پێی لەسەر ئەمە داگرتەوە کە «من هەرگیز بیرۆکەیەکی جیدیتر لەمەم لە ئەدەبدا دانەڕشتووە.»

لە مەودای نێوان سالانی ١٨٤٦ تا ١٨٤٩دا، کە بە گیران و دەستبەسەربوونی، لەپڕ ئەم سەردەمە بەراییەی چالاکی و کاری ئەدەبی، کۆتایی پێدیت، چەندین کورتەچیرۆک و هەمیسان هەندێک سکێچی زۆرتری نووسی کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

جەنابی "پرۆخارچین"[٦٠]، "خاتوونی خاوەنماڵ"[٦١]، "نەویز"[٦٢] و "چەتەی بەڕێز"[٦٣]. جگە لەمەش بە ماوەیەکی کورت دوای بڵاوبوونەوەی "**خەڵکی ڕەشوڕووت**"، کەوتبووە نووسینی یەکەم ڕۆمانی درێژی خۆی. ڕاشکاوانە دەیویست لەم ڕۆمانە بەرهەمێکی دانسقە و مەزن بخولقێنێت هەتا وەڵامیک بێت بۆ بلینسکی و لایەنگرانی کە ئێستا ئەویان بە ناسەرکەوتوو دەزانی و یەکسەر ئافەرۆزیان کردبوو. "**نیتۆچکا نیزڤانۆڤا**"[٦٤] کە بڕیارە ڕۆمانێکی سایکۆلۆژییانەی قووڵ بێت، سەرەتا ساڵی ١٨٤٩ لە "**یادداشتە نیشتیمانییەکان**"[٦٥]دا بڵاو کرایەوە. بەڵام هێشتا تازە سێ ئەپیزۆد* لە ڕۆمانەکە بڵاو کرابۆوە و سیهەمینیشیان ناتەواو بوو کە دۆستۆیڤسکی گیرا و بەمجۆرە ڕۆمانەکە کۆتایی پێهات. چیدیکەش قەت دەستی بۆ نەبردەوە، ڕەنگە لەبەر ئەمە بووبێت کە زانیبێتی ئەم ڕۆمانە، یەکێتیی دانان و نووسین و ستایلی تێدا نییە.

---

* بەشێکی هەندێک جار سەربەخۆ لە بەرهەمێکی پێکبەستراوی وەک فیلم یان چیرۆکدا.

هەریەک لە ئەپیزۆدەکان بەشێوەی چیرۆکێکی سەربەخۆ داڕێژراون کە ئامادەگیی بەردەوامی حیکایەتخان، واتە نیتۆچکا پێکیانەوە گرێ دەدات. سەرچاوەی ئیلهامبەخشی ئەم سکێچە، لەوانەیە "**پاڵەوانی سەردەم**"[٦٦]ی لیرمانتۆف[٦٧] بووبێت. لە ئەپیزۆدی یەکەمدا نیتۆچکا قسە لە سەردەمی منداڵیی خۆی و دایک و زڕباوکی واتە یەفیمۆف[٦٨] دەکات. بەهرەی کەمانچەژەنیی یەفیمۆف بەهۆی خۆکەمبینییەوە، نەزۆک دەمێنێتەوە؛ ئەمەش دانپێدانانێکە بە شکست، کە بەڕواڵەت ڕەنگدانەوەی ئەو سەرکۆنەکردنەیە کە لەم سەردەمەدا دۆستۆیڤسکی لە ڕووی هونەرییەوە بە خۆی ڕەوای بینیوە. کچەی بچووک (واتە نیتۆچکا) بەوپەڕی شارەزاییەوە وێنە کراوە. خوێنەر لە شارەزایی دۆستۆیڤسکی لەمەڕ بابەتێکی دژواری وەک سایکۆلۆژییای منداڵ، سەری سووڕ دەمێنێت، بەتایبەت لەو بەشەیدا کە تیایدا قسە لە عەشقی نەخۆشئاسای نیتۆچکا دەکات بۆ زڕباوکێکی بەرەڵا و هەستی گوناحی خۆی بۆ خۆشنەویستنی دایکی دەردەبڕێت. (دۆستۆیڤسکی سەرکەوتوانە ئەم

شارەزاییەی خۆی لە ڕۆمانەکانی دواتریدا بەکار دەهێنێتەوە).

ئەپیزۆدی دووهەم، لەمەڕ بە زڕمندالّ قبولّکردنی نیتۆچکایە لەلایەن بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندەوە دوای مردنی دایک و باوکی و هۆگریی بەتینی نیتۆچکایە بۆ کاتیا[٦٩] کچی بچووکی ئەم خێزانە. ناکۆکیی بەرچاوی نیتۆچکای پشوودرێژ و هێمن لەگەڵ کاتیای لووتبەرز و مەغروور لە پەیوەندیی عەشق و نەفرەتی نێوانیاندا پێشوەخت خەبەر لە ناکۆکییە لێکچووەکان دەدات کە لە کاراکتەرسازیی ڕۆمانە ناوازە و مەزنەکانی دواتری دۆستۆیڤسکیدا دێنە ئاراوە. لە ئەپیزۆدی ناتەواوی سێهەمدا، تاکە کاراکتەری جێبایەخ، شووی بەدزات و ڕقخوازی سایەداری نیتۆچکایە، کە زیاد لە هێمایەک بۆ دروستبوونی کەسایەتییەکی شەڕەنگێزی گەورەی تێدا دەردەکەوێت. ئەم ڕۆمانە ناتەواوە کە دۆستۆیڤسکی بە پێداچوونەوە لە کۆبەرهەمەکانیدا گونجاندوویەتی، لەم ڕووەوە جێی بایەخە کە هێماگەلێک لە هونەرێکی تێدایە کە خێرا ڕیگای پێگەیشتن و نزووجی خۆی تیدەپەڕێنێ. جگە لەمەش دەکرێت پێشوەخت بیرۆکە

و وێنە و کاراکتەرسازی و تەکنیکەکانی وەک دیالۆگ، یاخود مۆنەلۆگە فەلسەفییەکانی تێدا ببینین کە لە ڕۆمانەکانی دواتریدا پەیتاپەیتا سوودیان لێدەبینرێتەوە.

بەپێی نووسینەکانی دۆستۆیڤسکی لەم سەردەمانەی یەکەم چالاکیی ئەدەبیدا، دەتوانین تا ئەندازەیەک ڕەوتی سەرەکیی پێشکەوتنی داهێنەرانەی دواڕۆژی، مەزەندە و دیاری بکەین. هەندێک لە کارکتەرەکانی ئەم یەکەم بەرهەمانە سکێچی بەرایی کاراکتەرە بەناوبانگەکانی داهاتوون. ئەم کاراکتەرانە مرۆڤگەلێکی خەیاڵاوی و دوور لە کردارن، یان فەرمانبەری کەساس و خوێندکارانی دەسکورتن کە لە پەسیوێکی نوتەک و ناشیرین و قێزەونی شاری پیتەرزبورگدا دەژین. ئەم کاراکتەرانە، مەخلووقاتێک نین تەنها لەژێر کارتێکەریی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا خولقابن، هاوکات بەرهەمی بەرکەماڵی توێژینەوە نیوەناچڵەکانی نووسەرێکی گەنجیش نین کە دەرهەق بە ژیان و ژینگەی خۆی کردبێتی؛ ئەوەی ڕاستی بێت، لێکدانەوەی دۆستۆیڤسکی بۆ هەست و نەستی کاراکتەرەکانی ڕەنگدانەوەیەکە لە سەحکردنی

دەروون و ڕۆحی سۆزمەندانە و سایکۆلۆژییانەی خۆی. بەڵام ئەزموونێکی لەپێشدا بوو کە دەبوایە تێگەیشتنی لەمەڕ سروشتی مرۆڤ قووڵتر بکاتەوە و بە چەندین پلەش بلیمەتیی بەرزتر بکاتەوە بۆ دەرخستنی ململانێیەکی ناوەکی،کە لە هەناو ڕۆحی پیاوان و ژنانی دەردەداردا بوونی هەیە.

هۆکاری ڕاستەقینەی دابڕانی دۆستۆیڤسکی لە بلینسکی، دەگەڕێتەوە بۆ گۆشەنیگا ناکۆکەکانی نێوانیان لەسەر هونەر. بڕوا و قەناعەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ڕەخنەگرە بەناوبانگە، ئەوی بۆ ڕەفزکردن و حاشاکردن لە "هونەری پەتی" پەلکێش کردبوو. تیڕوانینی بلینسکی تیڕوانینێکی پراکتیکی و سوودگەرا بوو: ئەدەب دەبێت ژیانی جەماوەر و چینە هەژارەکانی نێو کۆمەڵگە وێنە بکات، بە لێکدانەوەی بار و هەلومەرجی مرۆڤی هاوچەرخیش نرخاندن و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات. هەڵوێستی دۆستۆیڤسکی لەم سەردەمانەدا توخمگەلێکی لە ستاتیکای ئایدیالیستانەی کانتی[٧٠] تێدابوو؛ لەم هەڵوێست و ڕوانینەدا جەخت لەسەر "فۆرمی پەتی"، کایەی ئازادیی زیهن و هونەری بێئامانج دەکرا.

دۆستۆیڤسکی پێی لەسەر سەربەخۆبوونی هونەر و ملنەدانی کاری داهێنەرانە دادەگرت لە هەمبەر عەقڵ و ڕێسا لۆژیکییەکاند؛ دەشیگوت لە ئیشی داهێنەرانەدا، بیر، کێشە، پرسیار و خەون و تیۆر و گریمانەکان، ململانێی زیهنی و هەیەجانی فیکرییان لێدەکەوێتەوە، لە ناو ئەم ململانێ و هەیەجانەشدا، تێگەیشتنێکی هونەرمەندانە و ڕیالیستییانە لەمەڕ ژیان دێتە کایەوە. بە واتایەکی تر، دۆستۆیڤسکی جگە لەوەی لە بڕوامەندانی پێداگریی دیسپۆتیزم و ئایینزای ئۆرتۆدۆکسی ڕووسی بوو، بەڵام بەو باردا، بەتوندی کەوتبووە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەکانی بلینسکییەوە لەمەڕ سۆسیالیزم و ئیلحادەوە کە ئامانجیان شەڕ دژی کەنیسەی کۆنەپەرست و حکوومەتی ستەمکارانەی نیکۆلای یەکەم[٧١] بوو.

کەواتە هیچ سەیر نییە ئەگەر دۆستۆیڤسکی پاش دابڕان لە بلینسکی و هەڤاڵانی، لە گەڕاندا بەشوێن دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ لە بازنەی "هەینی" لە ماڵی میخایل پتراشۆفسکی[٧٢]ی ئایدیالیستدا، بیاندۆزێتەوە. لەم بازنەیەدا قسە لە نووسینەکانی سۆسیالیستە یۆتۆپییە فەڕەنسییەکان فۆریە[٧٣]، سەنسیمۆن[٧٤]،

پرۆدۆن[٧٥] و پێویستی ڕیفۆرم و چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە ڕووسیادا دەکرا. بەڵام دۆستۆیڤسکی لەم بازنەیەدا هاموشۆ و دانیشتنی لەگەڵ گرووپێکی بچووکتر لە هەندێک کەسی کۆنجکۆڵتردا هەبوو. ئەندامانی ئەم گرووپە کە بە "بازنەی دۆرۆف"[٧٦] دەناسران، پێیان وابوو ناکرێت بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چاکسازی بکرێت، پەنامەکییانەش پلانیان دادەڕشت هەتاکو شۆڕشێک بۆ ڕزگارکردنی سەپانەکان ڕێک بخەن. ئەوان دەیانویست بە چاپکردنی بەرهەم و وتار و نووسینەکانیان بە ئامێری چاپی دەستی، کە بەنهێنی ڕێکیان خستبوو، دید و بۆچوونەکانی خۆیان لە ناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە. هەروەها دەشزانین کە دۆستۆیڤسکی پەیتاپەیتا و بە حەماسێکی زۆرەوە، نامە یاساغە بەناوبانگەکەی بلینسکی بۆ گۆگۆلی دەخوێندەوە بۆ ئەندامانی هەردوو کۆڕەکە. لەم نامەیەدا بلینسکی وێڕای چەند بابەتێکی دیکە، بەتوندی ڕەخنە لە کەنیسە دەگرێت و ستایشی کوفر و ئیلحاد دەکات.

حکوومەتی قەیسەری کە لە ڕێی سیخۆڕەکانی پۆلیسەوە، ئاگای لەم ڕووداوانەیە کە لەنێو ئەم

بازنەیەدا ڕوو دەدات و لە تەشەنەکردنی ئاژاوەی شۆڕشگێڕانەی ئەم سەردەمەی خۆرئاوا بۆ نێو ڕووسیا دەترسێت، ئیدی لە مانگی نیسانی ١٨٤٩دا هەموو ئەندامانی بازنەی پتراشۆڤسکی دەگرێت و دەستبەسەریان دەکات. پاش لێپێچینەوەیەکی دوورودرێژ، ٢١ زیندانی، لەوانە دۆستۆیڤسکیش حوکمی گوللەبارانیان بەسەردا دەدرێت. بیرەوەریی ئەو ساتە سەخڵەت و ترسناکەی کە دۆستۆیڤسکی و هاوڕێکانی، پاش ئامادەکارییە تۆقێنەرەکانی لەسێدارەدان، لەو بەرەبەیانە تۆفەی مانگی دیسەمبەردا، لە گۆڕەپانی سیمۆنۆف[٧٧]دا تێپەڕیان کرد پێش ئەوەی حوکمی داشکانی سزا لەلایەن قەیسەرەوە ڕابگەیەندریت، سێبەری خستۆتە سەر هەموو لاپەڕەیەکی چیرۆکەکانی دۆستۆیڤسکی . حوکمی سێدارەکەی، بۆ چوار ساڵ زیندان بە کاری سەخت و تاقەتپڕووکێن لە گرتووخانەیەک لە ئۆمسکی[٧٨]ی سیبریا و چوار ساڵی تر سەربازی لە سوپادا داشکایەوە.

تێگەیشتن لەم خاڵە بەپێی کاردانەوەی دۆستۆیڤسکی لە ئاست ئەم کارەساتەدا، لەبەر ئەوە

بایەخدار و گرنگە کە دۆستۆیڤسکی لە چالاکییەکی نایاسایی دەگلێت و ساڵی ١٨٧٠ یش بۆ نووسینی ڕۆمانی "**جادوولێکراوەکان**" کەڵکی لێوەردەگرێت. "**جادوولێکراوەکان**" ڕۆمانێکە سەرچاوەی ئیلهامەکەی قەتڵێکی سیاسییە کە بە دەستی س. گ. نیچایۆفی[٧٩] شۆڕشگێڕ و دەستوپێوەندە پیلانگێڕەکانی جێبەجێ کرابوو. دۆستۆیڤسکی لە "**یادداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەر**"دا دەڵێت: «پێدەچێ هەرگیز نەمتوانیبێت نیچایۆڤ بم، بەڵام ئەوەی یەکێک لە لایەنگرانی بم، لەمە زۆر دڵنیا نیم؛ ڕەنگە لە سەردەمانی گەنجیمدا توانیبام.» بەکورتی پێی وابوو سزادانە قورسەکەی بەرهەق و ڕەوایە و هاوشێوەی کاراکتەرە گوناحبارەکانی ڕۆمانەکانی دواتری خۆی، کە بە ئازارچەشتن دەرگای بەختەوەرییان بە ڕوودا دەکرێتەوە، ئەویش سزای خۆی وەک هەمان ئەو جەردە و پیاوکوژە ئاساییانە وەردەگرێتەوە کە بە کۆتوبەندەوە لە ناو بۆدڕن و کاری سەخت و تاقەتپڕووکێن لەناویاندا ژییا. دۆستۆیڤسکی لە ڕێی ئەم ئەزموونە دژوارەوە، زۆر ژان و ئازاری قووڵی نەفسی و ڕۆحی دەچێژێت. یەکەم هەڵمەتەکانی

ئازاری فێکەشی هەر لەم سەردەمەدا دێتە سەر. لە زینداندا بە قووڵی هاوزیندانییە ئاسایی و توندوتیژەکانی خۆی دەناسێت و ستایشیان دەکات. دەرهەق بەو زیندانییانەش دەڵێت: «ئەمانە لە زۆر ڕووەوە لەنێو خەڵکانی وڵاتی ئێمەدا، بەهرەمەندترینی کەسانن.» سەرباری ئەوەی نووسینیان لێ قەدەغە کردبوو، بەڵام خەیاڵدانی چالاکانە پلان و پرۆژە ئەدەبییەکانی دادەڕشت. دواتر بۆ براکەی دەنووسێت: «نازانی چەندە زۆر تایپ و کاراکتەری خۆماڵیم لە زیندانەوە هێناوە! چەندە چیرۆکی زۆری جەردەکان و بەگشتی ژیانی لۆمەبار و کارەساتبارم لەگەڵ خۆمدا هێناوەتەوە. کۆی ئەم چیرۆکانە دەتوانن چەندین بەرگی چەندین کتێب پێک بهێنن. چ خەڵکانێکی سەیروسەمەرە! بەگشتی ژیان و تەمەنی خۆمم بەفیڕۆ نەدا. ئەگەر نەمتوانی ڕووسیا بناسم، ئەوا لەباتی ئەوە، توانیم زۆر جوان خەڵکانی ڕووسیا بناسم، هێندە باشیان بناسم کە لەوانەیە تەنها هەندێک کەسی زۆر دەگمەن توانیبێتیان بەمجۆرە بیانناسن.»

**ئینجیل** تاکە کتێبی ڕیگەپێدراوی نێو زیندان بوو کە دەتوانرا بخوێندرێتەوە، دۆستۆیڤسکیش چما بۆ تۆبەکردن لەوەی کەوتبووە نێو داوی باوەڕە ئیلحادییەکانی بلینسکییەوە، لە هەر دەرفەتێکدا کە دەستی دەکەوت، جار دوای جار ئەو کتێبە پیرۆزەی دەخوێندەوە. [لە زینداندا] سەرلەنوێ مەسیحی کەشف کردەوە و لە ئینجیلەکانیشدا ئۆخژنی ڕۆحی بە بەردا هاتەوە. تەنها مەسیح دەیتوانی گوناحبار هەڵکشێنێت و سوکنایی بە داماوان ببەخشێت، لە سەر ئەرزیش مژدەی ژیانێکی نوێ بە خاکەڕایان پێشکەش بکات. ئەم ئیمانە نوێیە دڵتەنایی و ئۆخژنی پێبەخشی و تفتوتاڵییەکانی سەردەمی زیندانی بۆ کەم کردەوە. بە ماوەیەکی کورت دوای دەربازبوون لە زیندان، لە نامەیەکدا بۆ ژنێک کە لە ڕۆژانی گرتنیدا پەیوەندیی دۆستایەتیی لەگەڵدا بەستبوو، لەسەر ئەم سەردەمەی گۆڕانی ئایینی دەنووسێت:

بەمجۆرەیە: باوەڕ بەمەی کە شتێک جوانتر و قووڵتر و هاوسۆزانەتر و ماقووڵتر و بەرکەماڵتر لە مەسیح، بوونی نییە. نەک هەر شتێکی وەها بوونی

نییە، بەڵکو بە عەشقێکی پڕحەسرەتیشەوە بە خۆم دەڵێم چەشنە شتێک ناشتوانێت بوونی هەبێت. لەمەش بترازێت، ئەگەر کەسێک بۆمی بسەلمێنێت کە مەسیح هەقیقەتی نەبووە و **بەڕاستیش** وابێت، واتە مەسیح هەقیقەتی نەبێت، ئیدی ئەوکات من مانەوەم لەگەڵ مەسیح بە مانەوەم لەگەڵ هەقیقەت بەلاوە باشترە.

ئەم بانگێشەیە زۆر گرنگە، چونکە لە ناو ئەم پێداگرتنەیدا لەسەر ئیمان، بێئیمانی خۆی حەشار داوە. پاشماوەی ژیانیشی گەشت و گەڕانێکی پیرۆز بوو، گەڕانێکی ناکۆتا بەشوێن دۆزینەوەی خودادا، بەڵام لە دڵەوە بەسۆزترین و پڕهەستترینی ئیمانەکانی تێکەڵ بە مەزنترین بێئیمانی کردبوو. ڕەنگە ئەم گەشت و گەڕانە خۆی دوامەنزڵێک بووبێت کە ویستبێتی پێی بگات، وزەی ڕۆحانیانەی بوون و لەوانەشە بتوانین بڵێین وزەی هێزە هونەرمەندانەکانی.

دۆستۆیڤسکی کاتێک پێی خستە زیندانەوە، گەنجێکی ڕادیکاڵی بێئیمان بوو، کاتێکیش لە زیندان

هاتەدەر، ڕێزێکی زۆری بۆ دەسەڵاتی شاهانە دادەنا و ئیمانێکی نوێشی بە ئامۆژگارییەکانی مەسیح هێنابوو. ئەوەی بەسەری هاتبوو، لە ڕێگەی مەینەت و ئازارەوە، بیرۆکەی بەختەوەریی پێ فێر کردبوو. دیارە **ئینجیلیش** ئەم باوەڕەی لەلا پتەوتر کردبوو. دواجار فەزیلەتەکانی خەڵکانی ئاسایی ڕووسیای کەشف کردبوو. بەم ئەنجامەش گەیشتبوو کە ئەم خەڵکانە بایەخ و گرنگییەکی تایبەتیان لە چارەنووسی وڵاتەکەیدا هەیە. زیندان بۆ گەشەکردنی هونەری داهێنەرانەی دۆستۆیڤسکی، نەک هەر کاریگەرییەکی سلبیی دانەنا، بەڵکو کاریگەرییەکی ئیجابیشی لێکەوتەوە. چوونە زیندان ڕەوتی داهێنەرانەی ئەوی نەگۆڕی؛ لەم ڕووەشەوە دابڕانێک لەگەڵ ڕابردوودا ڕووی نەدا. زیندان بەهرە و توانا داهێنەرانەکانی ئەوی، بەرچاوتر و دیارتر و قووڵتر کردەوە، زۆر کەرەستەی بەپێزیشی پێبەخشی هەتاکو بتوانێت سەرلەنوێ زیاتر و قووڵتر، ڕەوشی نالەباری خەڵکانی دەردەداری پێ شەنوکەو بکات کە لە هەمان سەرەتای کارکردنیەوە، ویست و خولیای بوون و گرنگیی پێدەدان. لە یەکەم بەرهەمەکانیدا

گرنگیی داوەتە ڕۆحی "داماوان و ئازاردراوان"؛ لە زینداندا فێر دەبێت جوانتر لەو خەڵکانە تێبگات و قووڵتر لێکدانەوەیان بۆ بکات.

لە ٢٣ی کانوونی دووهەمی ساڵی ١٨٥٤دا، کۆتوبەندیان لە پێی کردەوە؛ دوای دەربازبوونی لە زیندان، فەرمانیان پێدا هەتا بچێت بۆ سیمیپالاتیبسک[٨٠] شارۆچکەیەکی سەربازی لە سیبریا و لەوێ خەریکی خزمەتی سەربازی بێت. بە هەمان ئەو ڕۆحییەتەی تەسلیمبوونی پشوودرێژانە کە لە زینداندا فێری ببوو، بۆ براکەی دەنووسێت: «هیچ گلە و گازندەیەکم نییە؛ ئەمە خاچەکەی منە و منیش شایانی ئەم خاچەم.»

لە خزمەتی سەربازیدا بەتوندی ئیشی دەکرد و هەوڵی دەدا سەرنجی ئەفسەرانی پلەبەرز بەلای خۆیدا ڕابکیشێت. دوای چوار ساڵ بێبەشی کە ئەمێستا شەهوەتی خوێندنەوە دایگرتبوو، بە تاسە و تاسوقێکی زۆرەوە کاتی پشوودانی خۆی بۆ هەڵلووشینی ئەو کتێب و گۆڤارانە تەرخان دەکرد کە

له براكەی داوای دەكرد بۆی بنێرێت. سەرلەنوێش دەستی بە قەڵەم ئاشنا دەبۆوە.

كتوپڕ ئەم ژیانە بێڕووداوە، بە عەشقێكی بەتین كە بۆ ماریا ئیسایڤای[٨١] پەیدا دەكات، ئاڵۆز دەبێت. ژنێكی بنیس و لەشبەبار و قژكاڵ. ماریا شووی هەیە و شووەكەشی پیاوێكی ئارەقخۆری هەمیشەمەستی هیچوپوچ و سەرسەرییە. بەڵام تەنانەت مەرگی بەوادەی ئەم پیاوەش، بارودۆخی دۆستۆیڤسكی باشتر ناكاتەوە. دەسبەجێ مامۆستایەكی گەنج دەیرفێنێت و دەیكاتە دۆستی خۆی. چما ژیان تەبەنی و لاسایی هونەری دەكردەوە، لەبەر ئەوەی لە چیرۆكەكانی دۆستۆیڤسكیدا شتێك خەوناویتر لەم سێكوچكە دڵدارییە بوونی نییە. دۆستۆیڤسكی دەست دەداتە گەلێك ئیشی زێدەڕۆیانەی چاوەڕواننەكراو، هەتا خەنیمەكەی خۆی بە چێژ بگەیەنێت. لە هەمان كاتیشدا بە پێداگرییەكی زۆرەوە، خۆشەویستیی تاهەتایی خۆی، بۆ ئەم ژنە كەم تا زۆر جوان و فشقی و تا ڕادەیەكیش جینگنە دەردەبڕێت. (ئەم پیاوە ئارەقخۆرە و ماریا لە بەرگی مارملادۆف[٨٢] و ژنەكەیدا، لە ڕۆمانی "**تاوان و سزا**"[٨٣] دا، سەرلەنوێ

دەردەکەونەوە). دواجار ماریا ساڵی ١٨٥٧ دەبێتە ژنی دۆستۆیڤسکی، بەڵام ئەمەش پەیوەندییەک بوو ئەوەی لەگەڵ خۆی نەیهێنا، خۆشی و بەختەوەری بوو.

هاوسەرگیری بەردەوامە پێداویستییە ئابوورییەکانی ئەوی، دوو ئەوندە بەرزتر کردەوە. پێداویستیی ئابووری، ئەمێستا داینەمۆی ئەوی بۆ نووسین زێدەتر و توندتر دەکردەوە. لەبەر ئەوەی پێشینەی حوکمدانی سزادەرانەی هەبوو، بۆیە دەبوایە بۆ چاپکردنی نووسینەکانی مۆڵەت وەربگرێت؛ بەڵام پێی وابوو ئەم مۆڵەتەی خێرا پێدەرێت، چونکە بۆ پلەی ئەفسەری پلەنزم بەرز ببۆوە. سکێچی هەمەجۆری ئەدەبی، ئەو بیرۆکانەی نێو زیندان کە لە زیهنیدا گۆشی کردبوون، مێشکیان سیخناخ کردبوو. بەڵام دەترسا زووتر لە کاتی خۆی بچێتە سەروەختی ئەو سکێچە سەرەکییەی لە زیهنیدا بوو، بەم کارەش زایە و بەفیڕۆی بدات. بەم ئەنجامەش گەیشتبوو کە ساڵانێکی زۆری دەوێت هەتا ئەو کاراکتەرە ناوەندییە لە خەیاڵگەیدا دەق بگرێت. کەواتە ئەو دوو پارچەیەی یەکەم کە دوای دەربازبوون لە زیندان تەواوی کرد،

هیچ پەیوەندییەکی بەو شتانەوە نەبوو کە ئەزموونی کردبوو.

چیرۆکی درێژی "**خەونی مامەگیان**"[٨٤] کە یەک لە باشترین دارِشتنی چیرۆکەکانی دۆستویۆفسکییە، ساتیرەیەکی گۆگۆلییانەیە لەمەڕ کومەڵگای مەراییکار و خۆ مەزڵوم نیشاندەری شارۆچکەیەکی بچووک کە لەوانەیە سیمیپالاتیبسک مۆدیلەکەی بووبێت. لەم چیرۆکەدا ناوبەناوێک لاقرتیی لاوەکی دەبێتە هەوێنی لەقاودانی لاوازییە ناشیرینەکانی مرۆڤ. شازادەی بەساڵاچوو، کە بێوەژنی گەورەدەرەبەگی ناوچەکە پلانی بۆ دارِشتووە هەتا کچەکەی خۆی زینا[٨٥]ی بەسەردا بسەپێنێت، کاریکاتێرێکی شاد و چەلەنگە. دیمەنی درەوشاوەی کۆتایی چیرۆکەکە، لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ دیمەنی بەناوبانگی شانۆنامەی **پشکنیار**[٨٦](*inspector*)ی گۆگۆلەوە هەیە، لەم دیمەنەدا لە هەمبەر جەماوەری کۆبووی شارەکە، لەقاوی تەفرەچوونی دایکی کچە دەدرێت، چونکە شازادەی مەست و کەلەلا پێ دادەگرێت کە دەزگیرانییەکەی لەگەڵ زینا تەنها خەونێکی جوان بووە و هیچی تر.

له نۆڤلێتی "**گوندی ستیپانچیکۆڤۆ و دانیشتووانی**"[87] دا (که له زمانی ئینگلیزیدا زیاتر بەناوی "**دۆستی بنەماڵە**"[88] ناسراوە) کۆمیدیا و تراژیدیا ئامێزانی یەک دەبن. دۆستۆیڤسکی ئەم بەرهەمە درێژترەی خۆی، له "**خەونی مامەگیان**" زۆر بە سەرکەوتووتر دەزانی. له سەرەتاشدا پشت و هیوایەکی زۆری بە دوو کاراکتەری سەرەکیی ئەم چیرۆکە، واتە عەقید ڕۆستانیف[89] و فۆما ئۆپسکین[90] بەستبوو. جگە لەمەش بە دوو کاراکتەری"زۆر تایپیک" و"خاوەن مۆدیلسازیی بێخەوش"ی وەسف دەکردن. سەرەڕای ئەوەی ئەم بەرهەمەی، له هەمان ڕەوتی یەکەم بیچمگرتنی هونەرییانەیدا جێی دەگرت، بەڵام ئاسۆی نوێی بە ڕووی بەرهەمی گەورەتردا دەکردەوە کە دەیویست له داهاتوودا بیاننووسێت. دایکی ڕۆستانیف کە بێوەژنی ژەنەراڵێکە، دێت هەتاکو له موڵکی کوڕەکەیدا نیشتەجێ بێت، لەگەڵیشیدا ئۆپسکین دێت کە هاوڕێی شووە(کۆچکردوو)ـەکەیەتی. شووی ئەم ژنە کاتی خۆی سووکایەتیی بەم هاوڕێیەی خۆی کردووە و کردوویەتیە لێبوکی بنەماڵەی. ئێستاش کە هەموو

شتێک قڵپ بۆتەوە، ئەم تارتۆفە[٩١] خۆپەرست و خۆنوێن و پیلانگێڕە ڕووسییە، کە سەردەمانێک ویستوویەتی ببێتە نووسەر، هەیمەنەیەکی بەرچاو بەسەر هەموو ئەندامانی بنەماڵەکە، بەتایبەت بەسەر ئاغای شەرمن و کەمڕوو واتە ڕۆستانیفدا پەیدا دەکات. تمووح و بەرزەفڕییەکانی ئۆپسکین بە ئاشکرا بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەو سووکایەتیکردنەیە کە لە ڕابردوودا چەشتوویەتی. دۆستۆیڤسکی هەموو سەرنجی خۆی دەخاتە سەر وێنەکردنی سایکۆلۆژییانەی ئەم کائینە ئاڵۆز و دووڕوخسارە. تواناشی لە کاراکتەرسازیدا ناهیڵێت ئەم ڕۆمانە دابەزێتە ئاستی بەرهەمێکی شاش و کەممایە. لێکدانەوەی کەسایەتیی ئۆپسکین لە ئاستێکی بەرزتری ڕاڤە و شرۆڤەی مەخلووقە دووفاق و دووڕوخسارەکانی یەکەم چیرۆکەکانی دۆستۆیڤسکی دایە. چونکە ئەمجارە لەم چیرۆکەدا پەیوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان دژایەتیی "غرووری شەخسی" و "زەبوونیی شەخسی"دا دەبینێت کە کەم تا زۆر کێشەیەکی سایکۆلۆژییە؛ ئەم دوو ڕەوش و دۆخەی زیهن یارمەتیی یەکتر دەدەن و یەکتر تۆختر

دەکەنەوە. دۆستۆیڤسکی لە کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکانی دواتریدا، بە تۆکمەیی و توانستێکی زۆرترەوە لایەنی زاڵی دووفاقی و دووڕوخساری - حەز بە ئازارچەشتن و ئازاردان - ی ئۆپسکینی گۆش کرد. ڕەخنەگران تا ڕادەیەک ڕاست ئەکەن کە گوتوویانە نووسەری ناکام، واتە ئۆپسکین وێنەیەکی گاڵتەجاڕانەی گۆگۆلە لە قەلافەتە بەزەئامێزترەکەیدا: وەعزگێڕی بەلاڕێداچووی ستاتیکا، قۆڕییاتی مۆراڵی و زوهدفرۆشیی گەمژانە.

بە کردەوە، هیوای دۆستۆیڤسکی بەوەی کە ئەم دوو بەرهەمە، بەتایبەت نۆڤلێتی "**گوندی ستیپانچیکۆڤۆ**"، ناوبانگی ئەدەبیی پێش زیندانچوونەکەی بگەڕێننەوە، بە هیچ دەرچوو؛ چونکە هیچ بایەخێک بەم دوو بەرهەمە نەدرا. ئێستاش زیاتر بە پێویستی دەزانیێ بگەڕێتەوە بۆ پیتەرزبورگ، بگەڕێتەوە بۆ نێو ژینگەیەکی ئاشنا و بۆ نێو دۆست و هەڤاڵ و ناسیارانی خۆی هەتاکو بەشکەم دڵی بە نووسین گەرم بکەنەوە. بە یارمەتیی بەرپرس و کاربەدەستانی باڵا، چەند داخوازنامە و پیاهەڵدانێک بۆ ئەندامانی بنەماڵەی شاهانە دەنێرێت. ئەم

دەربڕینەی هەستی نیشتیمانپەروەری و پەشیمانبوونەوە لە پڕکێشییەکانی ڕابردوو، هەرچەند مەراییکارانە بوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت، تەعبیری لە گۆڕانی بەها و پرەنسیپەکانی ئەم دەکرد لە ئەنجامی تێپەڕکردنی ڕۆژانی زینداندا. دواجار مۆڵەتیان پێدا هەتا واز لە سوپا بهێنێت و لە تڤێری[92] نیشتەجێ بێت. پاش چەند مانگێک کە بە مەینەت و ناخۆشی لەوێی بەسەر دەبات، داخوازنامەکەی بۆ قەیسەر وەردەگیرێت کە پێویستی بە چارەسەری پزیشکی هەیە. دە ساڵ دوای ئەوەی بە زنجیر و کۆتوبەندەوە، ڕەوانەی سیبریا کرابوو، دواجار وەک پیاوێکی ئازاد و سەربەست لە کانوونی یەکەمی ١٨٥٩دا گەڕایەوە بۆ پیتەرزبورگ زێدی خۆشەویستی خۆی.

ژیان سەرلەنوێ مانایەکی جوانی وەرگرتەوە. لە پایتەختدا کەسانی شۆڕشگێڕ دەیانویست کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ ئەم زیندانییە سیاسییە دێرینەیە ساز بکەن؛ بەڵام دۆستۆیڤسکی هەرگیز حەزی لە شتێکی وەها نەدەکرد. هاودەنگ و کۆک بوو لەگەڵ چاکسازییەکانی قەیسەری نوێ، واتە ئەلکسەندەری

دوەم و ڕزگاربوونی نزیکبووی سەپانەکان لە ساڵی ١٨٦١دا، بەڵام هەرگیز لایەنە سەرپەڕەکانی ڕادیکاڵیزم بەتایبەت گاڵتەکردن بە ئایینی قبوڵ نەدەکرد. ئەوەی بەڕاستی حەزی لێدەکرد، خستنەگەڕی گۆڤارێک بوو هەتا ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەم داهاتێکی سەقامگیری بۆ دابین بکات، هەمیش جێگە و شوێنێکی خاترجەم بێت هەتا بتوانێت بە دڵتەناییەوە نووسینەکانی خۆی تێدا چاپ و بڵاو بکاتەوە. یەکەم ژمارەی "**زەمەن**"[٩٣] ساڵی١٨٦١ بە خاوەن ئیمتیازی و بەڕیوبەرایەتیی فۆرمالیتەی میخاییلی برای (چونکە خۆی لەبەر پێشینەی حوکمدانەکەی نەیدەتوانی ئیمتیازی گۆڤارێک وەربگرێت) و بە سەرنووسەریی خۆی بڵاو کرایەوە. گۆڤارەکە سەرکەوتنێکی خێرای بەدەست هێنا، نەک هەر لەبەر لێهاتوویی دۆستۆیڤسکی لە بەڕیوەبردنی گۆڤارەکەدا، بەڵکو زیاتر بەهۆی ئەو هەڵوێستە ئایدیۆلۆژییەی کە ڕایگەیاند و داوای ئاشتەوایی نێوان ڕۆشنبیرانی سلاڤۆفیل و ڕۆژئاواگەرای دەکرد. بەم هەڵوێستەش گۆڤارەکە هەردووی ئەم گرووپەی بانگهێشت دەکرد هەتا بچنە پاڵ خەڵک و لە ناو ئەم

منداڵانەی خاک و نیشتیماندا بە شوێن ڕۆحییەتی نەتەوەیی و ڕزگاریی نەتەوەییدا بگەڕێن. ئەم بڕوایە کە لە زینداندا بە زیهنی دۆستۆیۆڤسکیدا ڕادەبڕێت، ئەمێستا دەردەکەوێت کە تیڕوانینێکی جەماوەری و شەعبییە. دۆستۆیڤسکی ش توخمی هەمەجۆری لەم بڕوایەی هێنایە نێو نووسینە ڕۆژنامەوانی و ئەدەبییەکانی خۆیەوە.

ئەو هاوڕێ کۆن و نوێیانەی کە قەناعەتێکی هاوشێوەی قەناعەتی دۆستۆیڤسکی یان هەبوو، لە دەوری خۆی و گۆڤارەکەی دەسووڕانەوە. هەندێکیان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر تیڕوانین و گۆشەنیگا سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانی دۆستۆیڤسکی هەبوو کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ئاپۆلۆن مایکۆفی[٩٤] شاعیر و ئاپۆلۆن گریگۆرۆف[٩٥] و ن. ن. ستراخۆفی[٩٦] ڕەخنەگر بدەین. ئەمانە پاڵپشت و پشتیوانی دۆستۆیڤسکی بوون بۆ سەرلەنوێ داکۆکیکردن لە سەربەخۆبوونی هونەر کە لەڕاستیدا درێژکراوەی هەمان ئەو ململانێ کۆنە بوو کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو بلینسکیدا هەیبوو. ئێستا ڕەخنەگرانی ڕادیکاڵ دیمۆکرات، واتە کەسانی وەک ن. گ.

چرنیشۆفسکی[٩٧] و ن. ئا. دابرۆلیۆبۆف[٩٨] بەتوندییەکی زیاترەوە، بانگەشەی گۆشەنیگا و ڕوانگە پراکتیکی و سوودگەراکانی بلینسکییان دەکرد. قسەی سەرەکیی دۆستۆیڤسکی ئەمە بوو کە: «"هونەر هەمیشە هاوچەرخ و واقیعییە"، بەڵام ناکرێت نەخشە و پلانە هەمەجۆرەکانی بەسەردا بسەپێنیت، چونکە هونەر "ژیانێکی ئۆرگانیک"ی تایبەت بە خۆی هەیە.

لەو یەکەم ساڵانەی گەڕانەوەیدا بۆ شاری پیتەرزبورگ "**بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووان**" [٩٩]ی نووسی کە بەرهەمێکی دەگمەن و ناوازەیە، ئەو ناوبانگەی جارانیشی بۆ گەڕاندەوە کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی "**خەڵکی ڕەشوڕووت**"دا بەدەستی هێنابوو. دۆستۆیڤسکی دەیویست ئەم کتێبە ڕۆمانێک بێت لەسەر ئەساسی سەربوردەیەکی تۆقێنەر کە لە شاری ئۆمسیکدا بیستبووی، کاتێکیش لە نەخۆشخانەی زینداندا بوو چەندین یادداشتی لەسەر نووسیبوو، بەڵام دواتر ئەم بەرهەمە بەرگی بیرەوەرییەکانی پیاوێکی لەبەر کرد کە ژنەکەی خۆی کوشتبوو، بەهۆی ئەم تاوانەش سزای دە ساڵ زیندان بە کاری سەخت و تاقەتپڕووکێنی بۆ بڕابۆوە.

لەڕاستیدا ئەمە لە کتێبەکەدا تۆمارکردنی وردەکارانە و ڕاستبێژانەی هەموو ئەو ڕووداوانەیە کە دۆستۆیڤسکی لە زینداندا بە چاوی خۆی بینیبووی، یاخود ئەزموونی کردبوو. بەشێک لەم کتێبە سەرەتا لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو کرایەوە، بەڵام دواتر ئەم بەشە و بەشەکانی دیکەشی، لە ژمارەکانی ساڵانی ١٨٦١ - ١٨٦٢ی گۆڤاری "**زەمەن**"دا بڵاو کرانەوە. تۆرگنیف و ئەلکساندەر هیرتسین[١٠٠]، ستایشی ئەم کتێبەیان کرد و تۆلستۆیش، هەمیشە وەک باشترین بەرهەمی دۆستۆیڤسکی دایناوە.

دۆستۆیڤسکی هەوڵی دابوو ئەم کتێبە بەرهەمێکی ناشەخسی و کۆنکرێتی بێت، چونکە زانیبووی لە ڕووی هونەرییەوە، ئەم تایبەتمەندییانە ڕەسەنی و بایەخی بەرهەمەکە بەرزتر دەکەنەوە. سکێچی ستراکتورییانەی ئەم بەرهەمە، تەواو بیری لێکراوەتەوە: سەرەتا وێنەکردنێکی گشتیی ژیانی نێو زیندانمان بۆ دەخرێتە ڕوو، دواتر تاوتوێی تایپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی نێو زیندان دەکرێت و زیندانییە تایبەت و سەرنجڕاکێشترەکان دەکەونە ژێر توێژینەوەیەکی قووڵتری سایکۆلۆژییەوە؛ پاشان

شێوەمێژوویەک لە شێوازی ژیانی ئەم تاوانبارانەمان بۆ باس دەکرێت کە وەسفی تێروتەسەلی ڕیالیستییانەی هەندێک لە بەسەرهاتە تایبەتەکان، ڕوونی بەم ژیانە دەبەخشێت؛ لەوانە سازدانی چەندین شانۆی زۆر سەرقاڵکەر لە ڕۆژانی سەری ساڵدا و دیمەنی هەرەسەیری پێکەوەچوونە حەمامی سەرجەم زیندانییەکان. تۆرگنیف ئەم دیمەنەی حەمامکردنی، بە دیمەنێکی پڕهەرا ناو ناوە کە "بەس دانتی"یە. سەربەندێکی یەکێتیبەخش کە لە سەرجەم چیرۆکەکەدا دووپات دەبێتەوە، ئازادییە. هەمان ئەو ئازادییەی کە ئەم حوکمدراوانە دۆڕاندوویانە. ئەم ئازادییە لەکیسچووە، بەشێوەیەکی کاریگەر و سیمبۆلیک، لە هەوڵدانی نەستی زیندانییەکاندا بۆ لاساییکردنەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵکانی ئازاد و لە هەڵۆیەکی بریندارردا، پیشان دراوە کە زیندانییەکان دەیگرن و پاشان بە شایلۆغان و چەپڵەڕێزانەوە بەرەڵای دەکەن. لە ڕاڤە و شرۆڤەی وردی سایکۆلۆژییانەی حوکمدراوانێکی نائاسایی وەک گازین[١٠١] و ئۆرلۆفدا[١٠٢] کە تاوانکارانێکی بڕیارکەیارن کە مۆراڵ و ئەخلاقییاتی ئاسایی لەلایان

شتێکی سەرپێیی و منداڵانەیە و عەقڵیشیان بە شێوەیەکی ڕەها ملکەچی ئیرادەیانە بۆ نواندنی توندوتیژیی و تاوان. دۆستۆیڤسکی گەیشتە شێوەڕوانین و تێگەیشتنێکی تازە کە دواتر بۆ دارشتنی لایەنە تاوانکارییەکانی کاراکتەرگەلێکی وەک ڤاڵکۆفسکی[١٠٣] و ڕاسکۆلۆنیکۆف[١٠٤] و سویدریگایلۆف[١٠٥] و ستاڤرۆگین[١٠٦] سوودی لێوەرگرت. جگە لەمانەش لەنێو دیڕەکانی کتێبەکەدا، ئەم ڕا و قەناعەتە نوێیەی دۆستۆیڤسکی شێوە دەگرێت کە زۆرێک لە "خەڵکانی بلیمەتی" ڕووسیا هەر لەنێو ئەم تاوانبارە توندوتیژ و پلەنزمانەدان.

دۆستۆیڤسکی لە کاتی نووسینی "**بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووان**"دا، هاوکات سەرقاڵی ئیشکردنە لەسەر ڕۆمانێکی دیکەی خۆی بەنێوی "**ئازاردراوان**"[١٠٧]. ئەم ڕۆمانەشی ساڵی ١٨٦١ لە گۆڤاری **زەمەندا** بڵاو کرایەوە. دۆستۆیڤسکی دەرهەق بەم ڕۆمانە دەیگوت: «ڕۆمانێکە بە بیرۆکەیەکی تایبەت کە سەرلەنوێ دەمخاتە سەر زارانەوە.» هەرچەند ڕەخنەگران ڕەخنەیەکی زۆر توندیان ئاڕاستەی ئەم ڕۆمانە کرد، بەڵام جەماوەری خوێنەران، بە گەرمی پێشوازییان

لێکرد. سێ ساڵ دواتر، دۆستۆیڤسکی داوای لێبوردنێکی نیوەناتەواوی لە خەڵک کرد: لەوەی گۆڤارەکە بەتوندی پێویستی بە ڕۆمان هەبوو، بۆیە دۆستۆیڤسکی دەکەوێتە دۆخێکی تەنگانەوە و هەر لەبەرئەمەش کارکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە «دەقی بزۆکی گیاندارن، نەک پاڵەوان»؛ هەرچەند «بەرەنجامی ئیشەکە، بەرهەمێکی فەریکدەستانە» بوو، بەڵام بەولادا «دوو کاراکتەری زۆر جیدی»ی تێدابوو کە «بەوپەڕی ئەمانەت و ڕاستبێژی و هونەرمەندییەوە» وێنە کرابوون، «پەنجا لاپەڕەیەکیشی» هەبوو کە خۆی «شانازی»ی پێدەکرد.

خوێنەرانی ئەمڕۆیی، لەگەڵ ئەم بۆچوونەی دۆستۆیڤسکی دا دەبن و لەوانەشە گوتەی دیکەی بخەنە سەر و بڵێن دەتوانین لە ڕۆمانی "**ئازاردراوان**"دا هەستێکی ڕەسەن و کەشێکی هاوشێوەی کەشی ڕۆمانە مەزنەکانی دونیای تێدا بدۆزینەوە. ئەو بیرۆکە تایبەتییەی دۆستۆیڤسکی لێی دەدوا ـ دواتریش بیرۆکەکان بوونە تایبەتمەندیی هەمیشەیی شاکارەکانی ـ دەرهەق بە مافی ئافرەتە بۆ

پێشکەشکردنی عەشقی خۆی بە پیاوی دڵخوازی خۆی و لادانە لە داب و چاودێری و کۆنترۆڵی خێزانی. لە ڕۆمانەکەدا ئەم بیرۆکەیە بە باشی نەپارێزراوە و لە توێی دەهلیزە پڕ پێچوپەناکانی پەیچن و میلۆدراما عاتیفییەکاندا ون دەبێت کە لە نووسەرانێکی وەک هۆفمان و سۆ و هۆگۆ و هەتا دیکنزیش بە ئیلهام وەرگیراون. ڤانیا[١٠٨] عاشقی ناتاشایە[١٠٩]، بەڵام هەموو شتێک دەکات هەتا ئەو عەشقەی ناتاشا بۆ ئالیۆشا[١١٠] هەیەتی، بە ئاکام بگەیەنێت؛ ئالیۆشاش، بە نۆرەی خۆی، عاشقی ناتاشا و کاتیا[١١١] هەردووکیانە، هەریەک لەوانیش هەوڵ دەدەن هەتا ئەوی تریان بگەیەننە کۆشی دڵخوازەکەی خۆیان. دواتر ئەم عەشقە سێلایەنە بە عەشقی نیلی[١١٢] بچکۆل بۆ ڤانیا دەبێتە گلۆڵەیەکی بێسەرەداوی ئاڵۆز.

بە ئاسانی دەکرێت مەزندەی ئەوە بکەین کە ناتاشا یەک لەو «دوو کاراکتەرە زۆر جیدی»یەی دۆستۆیڤسکی یە. لە نووسینەکانی پێشووی دۆستۆیڤسکیدا، بە پوختی لایەنگەلێک لە دووفاقیی سۆزمەندانەی ژنانی عاشق خرابووە ڕوو، بەڵام

ناتاشا یەکەم ژنی تەواو شێوەگرتووی ئەم تاقمە ژنانەیە کە لە ڕۆمانەکانی دواتردا پەیتاپەیتا وێنە دەکرێەوە. دۆستۆیڤسکی دەرهەق بە ناتاشا دەڵێت: «ئەو پێشوەخت بە چێژەوە دەیزانی کە دڵداریکردنی ناکۆتا و ئازاردانی ئەو پیاوەی کە خۆشت دەوێت، تەنها لەبەر ئەوەی خۆشت دەوێت، چ بەختەوەرییەکە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بووبێت کە پەلەی دەکرد هەتا وەک قوربانییەک خۆی بخاتە ئامێزیەوە و تەسلیمی بێت.»

هەروەها گومانیش لەوەدا نییە کە نیلی بچکۆلەش، ئەو دووهەم کاراکتەرەیە، لێکدانەوەی سایکۆلۆژییانەی زۆر سەرنجڕاکێشی منداڵێکی تەمەن ١٣ ساڵ کە بۆ یەکەمجار تامی عەشقێکی ڕاستەقینە دەکات. نیلی، یەکەمینی ئەو دەستە ژنە دۆستۆیڤسکی یانەیە کە وەک چۆن خودی ڕۆمانەکە ئاماژەی پێدەکات، «لەناو خۆیدا پاڵنەرەکانی خۆی خەفە دەکات؛ بەسۆز بوو، بەڵام لە پشتی غروور و ڕواڵەتە نەگیرەکەیەوە خۆی تەبس و سجن کردبوو.»

ڤانیا، حیکایەتخانی چیرۆکەکە، یەک لەو «دەقە بزۆکە گیاندارانەیە» کە دۆستۆیڤسکی ئاماژەی

پێدەکات. بۆ دۆستۆیڤسکی، هەڵبژاردنی شێوازی حیکایەتکردن، هەمیشە گرفتێکی گەورە بووە. دۆستۆیڤسکی حیکایەتکردنی بە شێوازی ڕاناوی یەکەم، دانپێدانان، یادداشتی ڕۆژانە و بیرەوەری، بە تەنیا، یاخود بە ئامێزانکردن لەگەڵ یەکدی بەکار دەهێنا. بەڵام ڤانیا لە لایەنێکی تایبەتەوە سەرنجڕاکێشە، چونکە نووسەرە و ژیانی پیشەیی ئەم نووسەرەش لە ڕۆمانەکەدا هەتا شوێنێکی دیاریکراو، گێڕانەوەی ژیانی پیشەیی خودی دۆستۆیڤسکی یە تا پێش دەستبەسەربوون و گیرانی.

ئەگەر بکرێت بۆ ئەم ڕۆمانە پاڵەوانێک دەستنیشان بکەین، ئەوا بێگومان ئەو پاڵەوانە کەسێک نییە جگە لە شازادە ڤاڵکۆفسکی کە خۆی دژەپاڵەوانە. توندوتیژی و شەڕانیبوونی ئەم پاڵەوانە، سێبەری خستۆتە سەر کۆی ڕایەڵەکانی پەیچنی ئەم چیرۆکە. بەوەی ئەم پاڵەوانە بێ هیچ پاڵنەریک هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کرداری ناشیرین و شەڕانی، دەکرێت بە جێنشینی ڕاستەوخۆ و زیندووی تاوانبارانێکی ترسناکی وەکو گازین و ئۆرلۆفی ڕۆمانی "**بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووان**"ی لە قەڵەم بدەین.

بەڵام ڤاڵکۆڤسکی بە پێچەوانەی ئەم کاراکتەرانە، بەشێوەی زاتی ئاکارسست و بیئەخلاق نییە. دۆستۆیڤسکی تەنانەت هەوڵ دەدات ـ هەڵبەت بێئەوەی بتوانێت قایلمان بکات ـ داینەمۆگەلێک بۆ شەڕانیبوونی ئەم پاڵەوانە دابتاشێت. لە زاڵبوونی خراپە بە سەر چاکەی زاتییەوە کە بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەیەکە، هێشتا دۆستۆیڤسکی ئەزموونی لە سەردەمانی حوکمدرانەکەی وەرنەگرتبوو هەتا بزانێت چۆن پاڵەوانە شەڕانییە تایپیکییەکانی میلۆدراماکان بگۆڕێت بۆ تایپە تاوانبارە هونەرمەندانەکانی شاکارەکەی خۆی.

«نێوی من پتر لە ملیۆنێک دەهێنێت!» ئەمە ڕستەیەک بوو دۆستۆیڤسکی دوای سەرکەوتنە ئەدەبییەکانی دواتری خۆی لەنێو خەڵکدا بە هاوڕێیەکی دەیڵێت. دۆستۆیڤسکی گۆڤار و ژنە نەخۆشەکەی بەجێ دەهێڵێت و دەیسپێرێتە براکەی و هاوینی١٨٦٢ بڕیار دەدات خەونە دێرینەکەی خۆی بهێنێتە دی و گەشتێک بۆ ئەورووپا بکات. پاش هەفتا ڕۆژ گەشت و سەیرانی نێو پایتەختە ئەورووپییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕووسیا و پاییزی ساڵی ١٨٦٣ش لە

گۆڤاری **زەمەندا** «یادداشتە زستانییەکان لەمەڕ مەراقە هاوینییەکان»[١١٣] بڵاو دەکاتەوە. دیتن و ئەزموونەکانی لەمەڕ ئەم گەشتە، تەنها ئەم قەناعەتەی لەلا پتەوتر کرد کە ئەگەر ڕووسیا خۆی لەم پەتایەی ڕۆژئاوا بپارێزێت، ئەوا بێگومان داهاتوویەکی هەرە گەشی لە بەردەمدا دەبێت. ئەو فەساد و گەندەڵییانەی لە شارستانییەتی بۆرژوازانەی نێو شارەکانی بەرلین و پاریس و لەندەندا دیتی، شڵەژاندی. پێشی وابوو ڕێبازی چارەسەرکردنی سۆسیالیستییانەش کە بانگەشەی بۆ دەکرا، لە شارستانییەتی بۆرژوازی خراپتر بوو.

ساڵی ١٨٦٣، حکوومەت بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێکی بەڕواڵەت دژە نیشتیمانی سەبارەت بە ڕاپەڕینی پۆڵۆنیا، گۆڤاری **زەمەنی** داخست. لەم دۆخە قەیراناوییەدا دۆستۆیڤسکی جارێکی تر گەشتێک بۆ ئەورووپا دەکات هەتاکو بە وتەی خۆی چارەسەرێک بۆ پەتای فێکەی بدۆزێتەوە. بەڵام دەزانین بە هیوای ئەوەوە ڕۆیشتبوو کە بتوانێت لەپاڵ مێزەکانی قوماری دەرەوەی وڵاتدا، باری نالەباری ئابووریی خۆی چاک بکاتەوە. جگە لەمەش بتوانێت ئافرەتی

جوانی پیتەرزبورگی، پۆلینا سۆسلۆڤا[114] ببینێت کە زۆری خۆش دەویست. لە هەردووی ئەمانەشدا ئەنجامی گەشتەکەی لە سەری خراپ شکایەوە. ئەوەی هەیبوو، لەپاڵ مێزی ڕۆلتدا* دۆڕاندی و پۆلیناش پشتی تێکرد. کاتێک گەڕایەوە، ژنە سیلاوییەکەی لە سەرەمەرگدا بوو، باری ئابووریشی نالەبارتر و خراپتر لە جاران بوو. بەڵام میراتییەک لەم ئانوساتەدا پێی دەگات، بە هانایەوە دێت و ئەم هەلەی بۆ دەڕەخسێنێت هەتا سەرلەنوێ گۆڤارەکەی وەگەڕ بخاتەوە، هەڵبەت بە گۆڕینی نێوی گۆڤارەکە.

"**سەردەمان**"[115] لە سەرەتاکانی ساڵی ١٨٦٤دا بڵاو کرایەوە و گۆڤارەکەش بە وەرگرتنی هەڵوێستێکی تەواو جیاواز لە هەڵوێستی سەرپەڕی کۆنزەرڤاتیڤانەی ئێستای دۆستۆیڤسکی > دەستپێکێکی باشی نەبوو. لەڕاستیدا یەکەم بابەتی سەرەکی کە دۆستۆیڤسکی تیایدا بڵاوی کردەوە، "**یادداشتە ژێرزەمینییەکان**"[116] بوو کە بەشێکی

---

*. جۆرە قومارێکە لە تەختەیەکی خڕخۆری بازنەیی پێک دێت و خڕۆچکەیەکی ئاسنین کە پاش سووڕانەوە لەسەر یەکێک لە خانەکان دەگیرسێتەوە و براوەی کێبەرکێکە دیاری دەکات.

داشۆرینی ڕادیکاڵەکان، بەتایبەت چرنیشۆفسکی بوو. پیاوی ژێرزەمینی، بەتوندی خۆپەرستی و ئەنانییەتی سۆسیالیستەکانی داوەتە بەر ڕەخنە و پەلامارەوە، هەمان ئەو سۆسیالیستانەی بڕوایان وایە مرۆڤەکان دەتوانن بەگوێرەی قازانج و بەرژەوەندیی تاکەکەسیی لۆژیکیی خۆیان، مامەڵە و هەڵسوکەوت بکەن.

بەڵام ئەم بەرهەمە دانسقەیە، شتێکی زۆر زیاتر لە مشتومڕێکی ڕووتە، چونکە سەرەڕای خاڵە پرشنگدارەکانی تری، توانای شیکاریی سایکۆلۆژییانەی بێوێنەی نووسەر لە ئەدەبدا دەردەخات. دۆستۆیڤسکی سەبارەت بەم بەرهەمە بۆ براکەی دەنووسێت: «هیوایەکی زۆرم بەستۆتە ئەم کتێبە، شتێکی بەهێز، ڕوون و بێتوێ دەبێت؛ کتومت خودی هەقیقەت.» ئەگەر کەسێک بیەوێت سەردەمانی چالاکیی ئەدەبیی دۆستۆیڤسکی بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکات، ئەوا خاڵی وەرچەرخان لە کارەکانیدا ساڵی ١٨٦٤ دەبێت، چونکە "**یادداشتە ژێرزەمینییەکان**" تیرۆانینێکی نوێی سکێچی کەم تا زۆر یەکنەسەقی نووسینەکانی دۆستۆیڤسکی تا ئەم دەمساتە، دیاری و دەستنیشان دەکات.

پاڵەوانەکانی پێشووی بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکی وشیارییەکی قووڵی ئەخلاقییان لەمەڕ کەسایەتیی خۆیان نییە. پێدەچێ هێزی ئەوەیان تێدا نەبێت لێکدانەوە بۆ بیر و هەستی خۆیان بکەن، پەیوەست بەو دنیایەی تیایدا دەژین. لەم لایەنەوە پاڵەوانی "**یادداشتە ژێرزەمینییەکان**"، تیڕوانینێکی جیاوازمان لەمەڕ کارکتەرسازیی بۆ خۆیا دەکات. پیاوی ژێرزەمینی شیکارییەکی وردبینی خۆی و خەڵکانی دەوروبەریەتی. ئەم کاراکتەرە بە قووڵی و بەشێوەیەکی ترسناک، لە هەمان کاتیشدا نەخۆشئاسا، وشیاریی لەسەر کەسایەتیی خۆی هەیە و لۆژیکدارێژێکی زیرەکی لێکدانەوەی سروشتی ئاڵۆزی خۆیەتی. ئەم بەرهەمە سەرجەم ئەو شتەمان بۆ دەخاتە پێش چاو کە پێشتر تەنها هەوێنگەلێکیمان لێ بینیوە - دیالکتیکی پشکێنەر و توانای سەیر و دەگمەنی دۆستۆیڤسکی بۆ خستنەڕووی ململانێ زیهنییەکانی مرۆڤ. هەمان ئەم تایبەتمەندییەش خاڵی سەرکەوتنی دیکەی شاکارەکانیەتی.

"**یادداشتە ژێرزەمینییەکان**"، لە قاڵبی"دانپێدانان"دا پێشکەش کراوە، بەڵام دۆستۆیڤسکی شارەزایانە

ئامادەبوونی بەردەنگێکی نادیارمان بیر دەخاتەوە کە کاردانەوە و حاڵەتەکانی دەموچاوی، بەرانبەر بەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەیڵێت، ئەمەی لێدەکەوێتەوە کە مەنەلۆگەکەی کاریگەرییەکی توندتری لەسەر ئێمە هەبێت، وەک ئەوەی بەدزییەوە گوێ لە گوتوبێژێکی تەلەفۆنی بگرین. ڕەخنەگری ڕووسی، میخاییل باختین[١١٧] سەردەمانێک وتی خاڵی تایبەتمەندیی پاڵەوانەکانی دۆستۆیڤسکی زمانیانە، هەڵبەت دەشیتوانی بڵێت وێنەی ئاخاوتنی پیاوی ژێرزەمینی دیارترین و زەلالترینانە.

لە بەشی یەکەمدا، پیاوی ژێرزەمینی کە زەلامێکی بێدەرەتانی تەمەن چل ساڵە، دەکەوێتە شیکردنەوەی زۆر ورد و توێکارانەی خۆی. کەم تا زۆر لە هەمان سەرەتادا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پیاوە یەک لەو مەخلووقاتە دووفاق و دووڕوخسارانەی دۆستۆیڤسکی یە کە لە یەکەم چیرۆکەکانیدا دەرکەوتوون، بەلام بەم جیاوازییە بنەڕەتییەوە کە ئەم پیاوە وشیارە لەسەر ئەم دووفاقی و دووڕوخسارییەی خۆی. لەڕاستیدا پاڵنەری بەرگەهەڵنەگری تاوتوێ و پشکنینی دژوازییە

سروشتکردەکانی، تاکە بابەتی ئەون لە شیکردنەوەی خۆیدا. کاتێک بە مەبەستی ڕاڤە و شیکاریکردن، تەواو خۆی لەتلەت دەکات، ئیدی بەم ئەنجامە دەگات کە دووڕوخسارییەکەی لەسەر بناغەی دژایەتییەکی بنەڕەتییە ـ واتە ململانێ و دژایەتیی نێوان عەقڵ و ئیرادە. بەپێی ئەمە، هەموو مانای ژیانی مرۆڤ، سەلماندنی ئیرادەی ناعەقڵانییە.

لە بەشی دووهەمدا، پیاوی ژێرزەمینی قسە لە ڕووداوگەلێکی نێو ژیانی خۆی دەکات کە دووفاقی و دووڕوخسارییەکەی دەردەخات، ڕێگاچارەی شیمانەییش بۆ لەناوبردنی ئەم دووفاقی و دووڕوخسارییە، لە ئەپیزۆدیکدا دەخرێتە ڕوو کە تیایدا ڕێکەوتی سۆزانییەک دەکات کە سۆزێکی مەسیحییانەی هەیە، لە ڕێگای ئەم سۆزانییەشەوە دەرگای بەختەوەری و ڕزگاریی بە ڕوودا دەکرێتەوە، بەڵام ئەو ناچارە تەنها پشت بە عەقڵی خۆی ببەستێت و دواجاریش سەرجەم ڕایەڵ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژیاندا دەپچڕێت. ڕێگاچارەیەکی ڕوونتر و ساناتر کە دەزگای سانسۆر لە کتێبەکەی دەرهێنا، دەریدەخست کە بەختەوەریی ئەم

مەخلووقە مسۆگەر نابێت، مەگەر لە ڕێی هاتنەدیی ئەو پێویستی و ئاتاجەی لە ڕێی ئیمانهێنان بە مەسیحەوە دێتە دی.

بەهەرحاڵ ململانێی نێوان ئیرادە و عەقڵ لە پیاوی ژێرزەمینیدا، دواجار بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە. دۆستۆیڤسکی ش لە چاپەکانی دواتریدا بە چارەسەرنەکراوی هێشتیەوە. هیچ شوێنی سەیرمان نییە ئەگەر نیچە بۆ یەکەمجار کە ئەم کتێبەی خوێندبێتەوە، هەستی بە نەشوەیەکی ئەوتۆ کردبێت و تیایدا «مۆسیقا، مۆسیقایەکی سەیر، مۆسیقایەکی سەرومڕ نائەڵمانی» کەشف کردبێت. لەڕاستیدا دەتوانین لە لایەنێکی تەواو میتافیزیکییەوە، بەشی یەکەمی ئەم ڕۆمانە وەک پێشەکییەک لەسەر فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم لە قەڵەم بدەین. پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە تەواو داخمەی دۆخێکی تراژیکە و بێمانا و ئەبسۆردیتەیە کە سارتەر دەیداتە پاڵ ژیانی مرۆڤەوە.

بەڵام پێداگرتنی دۆستۆیڤسکی لەسەر ژیانی ئینسانێکی شێواوی نێو جیهانێکی ڕاستەقینەیە، لەم لایەنەشەوە دەکرێت "**یادداشتە ژێرزەمینییەکان**" وەکو

پێشەکیی فەلسەفیی زنجیرە ڕۆمانەکانی دواتری ئەم نووسەرە لە قەڵەم بدەین. مۆتیڤە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی تێکڕای ئەو ڕۆمانانە لەم پێشەکییە فەلسەفییەدا هەیە. دۆستۆیڤسکی هەنگاوێکی گەورەی هەڵهێناوە بۆ بەرجەستەکردنی کاراکتەرە تایپیکیە دیاریکراوەکەی خۆی و دەرگیرکردنیشی لەگەڵ بیرۆکە هەرەگرنگە ئایینی و سیاسی و فەلسەفییەکان لە ڕۆمانەکانی دواتریدا.

لە مەودای ١٥ مانگدا (نیسانی ١٨٦٤ تا حوزەیرانی ١٨٦٥) هەموو کڵۆڵییەکی بە سەردا دەبارێن و پشتی دەشکێنن: ژنەکەی کۆچی دوایی دەکات، هەروەها میخاییلی براشی کە بڕبڕەی پشتی گۆڤارەکەیان واتە "**سەردەمان**" بوو؛ دواجار ئاکامی گۆڤارەکەشی بە داخستن دەگات. دۆستۆیڤسکی، لەژێر باری قورسی قەرزدا (قەرزی گۆڤارەکە و قەرزی بنەماڵەی براکەی کە خۆی لە ئەستۆی گرتبوو) ناچار دەبێت بۆ ڕۆمانی داهاتووی خۆی بەیعانەیەکی زۆر کەم لە جامبازێکی دەسبڕی کتێب وەربگرێت، بەو مەرجەی ئەگەر دەستنووسی

کتێبەکەی هەتا ڕۆژی یەکەمی نۆڤەمبەری ١٨٦٦ ڕادەست نەکات، ئەوا مافی سەرجەم بەرهەمە چاپکراوەکان و تێکڕای نووسینەکانی داهاتووی نووسەر، دەبێتە هی ئەو زەلامە خوێنمژ و ڕووتێنەرە. جگە لەمەش لە تەموزی ساڵی ١٨٦٥دا، لەبەر هەڵاتن لە زیندانی خاوەن قەرزەکان تەرەی دەرەوەی وڵات دەبێت و لەوێش هەمان شکستی سەفەرە پێشووەکەی بۆ دووپات دەبێتەوە ـ پارەیەکی زۆر کەمیش کە هەیبوو، لە قوماردا دەیدۆڕێنێت و جارێکی تر لە دواکەوتنی پۆلینا سۆسلۆڤا شتێک جگە لە وەڕزی و نائومێدیی بە نسیب نابێت.

لەو ڕۆژانەیدا کە لە شاری ڤیسبادن دەژیا و شێتانە هەوڵی دەدا هەتاکو پارەیەک کۆ بکاتەوە کە لیستەی حیسابی ئۆتێلەکەی پێبدات و بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە، نامەیەک بۆ م. ن. کاتکۆف[١١٨] سەرنووسەری "**تەتەری ڕووسی**"[١١٩] دەنووسێت و تیایدا داوای پێشپارەیەکی لێدەکات بۆ ڕۆمانێک کە دەیویست ئیشی لەسەر بکات. ئەم نامەیە سکێچی تێروتەسەلی "**تاوان و سزا**"ی لەخۆ گرتبوو: «شرۆڤەی سایکۆلۆژییانەی تاوان»ی خوێندکارێکی

لەزانکۆدەرکراو کە نوقمی هەژارییەکی ڕەهایە. ئەم خوێندکارە «لەژێر کاریگەریی بیرۆکەی سەیر و نیوەناچڵ، کە لە بۆشایی ئاسماندا شەپۆل دەدات» هەڵدەستێت بە کوشتنی پیرێژنێکی چەپرەک و بیکەڵک کە بەتەمایە هەتا هەموو پارەکانی بدزێت، بەم پارەیەش دایک و خۆشکە هەژارەکەی ڕزگار بکات و دواتریش خوێندنی خۆی تەواو بکات و بە ئاکاری چاک قەرەبووی تاوانەکەی خۆی بکاتەوە. دوای کوشتنی پیرێژنەکەش «گەلەک پرسیاری بیوەڵامی لە بەرانبەردا قوت دەبێتەوە.» هەست دەکات لە ڕەگەزی ئینسان دابڕاوە و دەیەوێت دان بە هەموو شتێکدا بنێت، چونکە «**هەست دەکات پێویستییەکی ئەخلاقی**» بە سزاچەشتن و سزاوەرگرتن هەیە. کاتکۆف ئەو پێشپارەیەی بۆ دەنێرێت و دۆستۆیڤسکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووسیا تا ڕۆمانەکەی خۆی بنووسێت. "**تاوان و سزا**" ساڵی ١٨٦٦ لە "**تەتەری ڕووسی**"دا بڵاو کرایەوە و سەرنج و هۆگرییەکی یەکجار زۆری هەڵخڕاند.

دۆستۆیڤسکی بە کردەوە پێش چەند ساڵێک سکێچی ئەم ڕۆمانەی لە زیهنی خۆیدا گۆش کردبوو

- ئەو سەردەمە دەیویست بەشێوەی دانپێدانانی تاوانبارێک بینووسێت. ساڵی ١٨٦٥یش، پێش سەفەرکردنی بۆ ئەورووپا، بێهوودە هەوڵی دابوو پێشپارەیەک بۆ چیرۆکێکی دیکە وەربگرێت کە خەریک بوو ئیشی لەسەر دەکرد. ئەم چیرۆکە کە ناوی "**هەمیشە مەستەکان**" بوو، بە قسەی خۆی کە بۆ سەرنووسەری گۆڤارەکەی نووسیبوو، دەبوایە نەک هەر شەنوکەوی پرسی مەیخواردنەوە بکات، بەڵکو دەبێت «سەرجەم لێکەوتەکان بەتایبەت وێنەی خێزان و پەروەردەی منداڵ لە چەشنە دۆخێکی تێدابێت.» ئەم قسانە بە ئاشکرا دەرهەق بە کاراکتەری دیار و سەرنجڕاکێشی مارملادۆف و بنەماڵەی، بە هەمان ئەندازە سەرنجڕاکێشی کە دۆستۆیڤسکی ئێستا لە سکێچی "**تاوان و سزا**"دا هێنابوونیە ناوەوە.

دەفتەری یادداشتەکانی دۆستۆیڤسکی دەریدەخەن چ ئەرک و زحمەتێکی سەخت و تاقەتپڕووکێنی بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە کێشاوە. ئەم یادداشتانە دەمانبەنە نێو تاقیگەکەیەوە و ئەم پێشنووسە خامانەش، سکێچە پێشەکییەکان لەمەڕ

کاراکتەر و دیمەنەکان، لە سەروی هەموو ئەمانەش پێداچوونەوە و تێبینییەکانی خودی دۆستۆیڤسکی، کە بچووکترین و وردترین بابەتێکی تێدایە، تێگەیشتنێکی قووڵمان دەرهەق بە پرۆسەی داهێنانی بلیمەتانەی ئەدەبی و ئەرکە بەردەوامەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ گەیشتن بە بەرکەماڵییەتی هونەری پێدەبەخشن.

"**تاوان و سزا**" بەتوندی گرێدراوی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیەتی. هەژاریی ئەو سەردەمەی خودی دۆستۆیڤسکی و قەیرانی ئابووریی ڕووسیای شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم، باکگراوندەکە بۆ ڕەوشی ڕاسکۆلۆنیکۆف و باری نالەباری زیهنیی ڕاسکۆلۆنیکۆف ڕیک دەخەن. دەستکورتی و نەداری، ڕیشەی کۆی کێشەکانیەتی، بەجۆریک لە جۆرەکانیش دەستنیشانکەری بیر و کرداری هەموو مارملادۆفەکان، سۆنیا[١٢٠]، لۆژین[١٢١]، لیبزیاتنیکۆف[١٢٢] و سویدریگایلۆفیشە. تیۆرەی ڕاسکۆلۆنیکۆف لەمەڕ مافی کوشتن، بە مەرجێک ئامانجێکی پاک پاکانەی ئامرازە نارەواکانی بکات، بێگومان ئیلهامی لە شێوەی لێکدانەوە و تیۆریزەکردنی ڕاستینیاک[١٢٣]، لە ڕۆمانی **باوە گۆریۆی**[١٢٤] بەلزاکەوە وەرگرتبوو. ئەم حوکمە

کە لقوپۆپێ «ئەو بیرۆکە نێوەناچڵانە»یە کە دۆستۆیڤسکی ئاماژەیان پێدەکات. لەڕاستیدا درێژکراوەی هێرشکردنەکانیەتی بۆ سەر فەلسەفەی ماتریالیستییانەی ڕادیکاڵەکان. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە یەک لەو ڕادیکاڵانەیە، نیهیلیستێکی بەتوندی مرۆڤ، کە ئازار دەچێژێت و ژیان و تیۆرەش لە ڕۆحیدا لە ململانێدان. بە دیوێک ئەم بەرهەمە ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتییە، جۆرە لەقاودانێکی هەجڤئامێزی ڕاستییەکان لەمەڕ ئەو گەنجە ڕادیکاڵانەی کە پڕوپاگەندە بۆ بیرۆکەی دیمۆکراسییەتی شۆڕشگێڕانەی چرنیشۆفسکی دەکەن.

بەڵام چەقی سەرنجی ڕۆمانەکە، شەڕ و ململانێی پڕئازاری ڕاسکۆلنیکۆفە لەگەڵ چاکە و خراپەدا. دۆستۆیڤسکی لە توێکاریی ئەو پاڵنەرانەی وادەکەن هەتا پاڵەوانی دووڕوخساری چیرۆکەکەی هەستێت بە کوشتنی مرۆڤ و دواتریش تۆبە بکات، هەنگاوەکانی گەلەک ئەوبەرتر لە "بیرۆکەی ڕاستینیاک" هەڵدەگرێت. لەم لایەنەوە پاڵنەری پێچەڵ و ئیجگار ئاڵۆزی [ڕاسکۆلۆنیکوف]، بە شێوەیەکی سەرسامکەر، لەو پارچە پرۆڤە ناکۆکانەی نێو

دەفتەری یادداشتەکانیدا ڕەنگڕێژ بۆتەوە. لە شوێنێکی یادداشتەکانیدا بەمجۆرە هۆشداری دەداتە خۆی: «ئەناتۆمیی سەرەکیی ڕۆمانەکە: بایەخێکی جەوهەریی هەیە کە دەشێت بابەتەکە بگەیەنێتە ترۆپکی ڕاستەقینەی خۆی و هەموو لێڵی و ناڕوونییەک لابەرێت، **واتە بەم شێوەیە یان بەو شێوەیە ئینسان کوشتن لێک بدەیتەوە** و بە ڕوونی کەسایەتی و تێڕوانینی بکوژ دیاری بکەیت.» سەرباری ئەوەی پاڵنەری کوشتنەکە تەمومژاوی و ناڕۆشن و دوودیوییە، بەڵام دەتوانین بێ هیچ شک و گومانێک بیرۆکەی سەنترالّیی ڕۆمانەکە دەستنیشان بکەین: واتە عەقڵ ناتوانێت شوێنی پرۆسەی بایەلۆژییانەی ژیان بگرێتەوە. ڕاسکۆلۆنیکۆف دیالکتیکی کردۆتە جیگرەوەی ژیان، بەڵام لە زینداندا غرووره شەیتانییەکەی کە دنەی داوە تا لە یاسای ئەخلاقی لابدات، دەچێتە بری ئەم تێگەیشتنەوە کە خۆشی و بەختەوەریی بە پلان و بەرنامەی عەقڵمەندانەی ژیان نایەتە دی، بەڵکو دەبێت بە ئازار و مەینەت بەدەستی بهێنێت.

وێڕای ئەوەی ڕاسکۆلۆنیکۆف حوکمداری بێ چەندوچوونی ڕۆمانەکەیە، بەڵام لە هیچ یەک لە چیرۆکەکانی پێشووی دۆستۆیڤسکی دا، کاراکتەرە لاوەکییەکان، ئەم هەمووە تاکێتی و کەسایەتییەیان وەرنەگرتووە، بەتایبەت بنەماڵەی مارملادۆف و سۆنیای دەلال و زۆر سەیر و لە وەسفبەدەر کە فریشتەی چاکەی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، وەک چۆن سویدریگایلۆفی پەنهانبازیش فریشتەی گوناحەکانیەتی. لەنێو ئەمان و کەسانی دیکەشدا هەموو واقیع دەگۆڕدرێت بۆ توخمێک لە پرۆسەی خۆناسین. وەک چۆن لەمەڕ ڕاسکۆلۆنیکۆفیش هەر وایە. دۆستۆیڤسکی بە هێنانی توخمی تۆکمە و قایلکەری فەلسەفی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی بۆ نێو ئەم چیرۆکە پۆلیسییە، ڕەهەند و مەودای تەواو نوێی بەخشیوەتە چیرۆکی پۆلیسی. یەکێتی و یەکبەندیی ڕووداو، یارمەتیدانی هەر ئەپیزۆدیک بۆ پێشکەوتن و پێشخستنی تیمای سەنترالّیی ڕۆمانەکە، ڕوودانی هەموو ڕووداوەکان لە هەمبەر پاشخانی ژیانی پیتەرزبورگیدا کە یەکجار ڕۆشن و زیندوو وەسف کراوە و مانایەکی زۆرتری بەخشیوەتە

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کاراکتەرەکان. کۆی ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی "**تاوان و سزا**" لە ڕووی دانانەوە بەرکەماڵترین و بێخەوشترین شاکاری دۆستۆیڤسکی بێت.

بەڵام ئەم ڕۆمانە، لە ڕووی داڕشتنی چیرۆکییەوە بە هیچ شێوەیەک پشت بە دیالکتیک، مۆراڵ و ئەخلاقییات، یاخود بیرۆکەی سەنترالییانەی ڕۆمانەکە نابەستێت، هەرچەند ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانە کاریگەریی گشتی ئەم ڕۆمانە زیاتر دەکەنەوە. ئەوی سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، فەزا و کەشوهەوای ئەوپەڕ جیدیی ئەم چیرۆکە کریمیناڵەیە. ڕاکێشەی هەیەجانئامێزی ئاشکرابوونی هەنگاو بە هەنگاوی نەخشەکەی دۆستۆیڤسکی، وەسفکردنی بەهەیەجانی دیمەنی کوشتنەکە و دواتر لێکدانەوەی سایکۆلۆژییانەی بە هەمان ڕادە سەرنجڕاکێش و پڕ هەیەجانی لێکهەڵوەشانی تێکڕای ئەو هێزانەی ئەویان بۆ کوشتن هان داوە ـ ئەمانەن ئەو توخمانەی ئەم چیرۆکە پڕهەیەجان و زیندووە پێک دەهێنن. ئەو چیرۆکەی بۆ ساتێکیش بەرۆکی ئەندێشە و هەستی

خوێنەر بەرنادات. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ڕووناهییەکی گەشی ڕۆحی هەیە کە تاریکترین پەناوپەسێوەکانی ڕۆحی تاوانکاران و شەڕەنگێزانی ئەخلاقی ڕۆشن دەکاتەوە و گیانێکی نوێیان وەبەر دەهێنێتەوە هەتا لە ژیاندا عەودالّی دۆزینەوەی مانایەکی قووڵتری ژیان بن و بە ئازار و مەینەتچەشتن، دەرگای کۆتا بەختەوەرییان بە ڕوودا بکرێتەوە.

دۆستۆیڤسکی کاتێک دوا بەشی "**تاوان و سزا**"ی دەنووسی، کەوتە بیری ئەو گرێبەستەی لەگەڵ ئەو جامبازەی کتێبدا بەستبووی بۆ پێدانی دەستنووسی ڕۆمانێک. وادەی دیاریکراو بە خێرایی نزیک دەکەوتەوە و ئەو جامبازەی کتێبیش ئامادە نەبوو دوای بخات. خۆشبەختانە پێش سێ ساڵ لە مێشکیدا گەڵاڵەی ڕۆمانێکی لەمەڕ پیاوێکی یاخی داڕشتبوو کە دژ بە کۆمەڵگەکەی خۆی ڕادەپەڕێت، دواتر ڕووسیا بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە ئەورووپا تا لەوێ هەموو ژیانی خۆی تەرخانی قومار بکات. ئێستا ئەم بابەتەی گرتۆتە دەست، کچێکی خێرانووس بەنێوی ئانا سنیتکینا[١٢٥]ی دامەزراند و لە ماوەی٢٦ ڕۆژدا

ڕۆمانێکی کورتی بە ناو "**قومارباز**"[١٢٦]ی بۆ خوێندەوە کە ئەو بینووسێتەوە. ئەم بەرهەمە بە ئاشکرا لەسەر بناغەی شەهوەتی خۆیەتی بۆ قومارکردن و چیرۆکی ئەویندارانەی پڕهەڵچوونیەتی لەگەڵ پۆلینا سۆسلۆڤادا. تەوەری چیرۆکەکە پەیوەندیی عەشق ـ نەفرەتی نێوان پۆلینا ئەلکساندرۆڤۆنا[١٢٧]ی شۆخوشەنگ و یاخی و ئالکسی ئیڤانۆڤیچ[١٢٨]ی قومار بازە. ئەم شەڕە سۆزدارییە مازۆشی ـ سادیستییە، وێنەی تۆخکراو و زەقکراوی دۆستۆیڤسکی خۆیەتی لەگەڵ پۆلینادا. "**قوماربان**" کە بە جۆرە پەلە و پەلەکارییەکی ئەوتۆوە نووسرا، نەیدەتوانی بەرهەمێکی مەزنی لێبکەوێتەوە. بەڵام زۆر دیمەنی بەهێزی تێدایە کە زۆر لەو دەرکەوتە سایکۆلۆژییانەی نەخۆشیی عەشق ـ نەفرەت واوەتر دەچێت و زۆرتر دەریدەخات کە زاڵە بەسەر پەیوەندیی نێوان زۆربەی کاراکتەرە نێر و مێکانی چیرۆکەکانی دۆستۆیڤسکی دا.

کچەی خێرانووس کە٢٥ ساڵ لە دۆستۆیڤسکی گەنجتر بوو، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گرێبەستی هاوسەرگیریی لەگەڵدا دەبەستێ و دەبێتە هاوسەری

دۆستۆیڤسکی (شوباتی ١٨٦٧). ئانا لەبەر وڕکی خزمانی هاوسەرەکەی کە دەیانویست تا ئەتوانن لە هەمانەی بەتاڵی ئەوان وەربگرن، تا سەر ئیسقان هەراسان دەبێت و ژیرانە، کاتێک دیسان خاوەن قەرزەکان، بە شوێن گیرخستنی دۆستۆیڤسکی دان، پێشنیار دەکات ڕووسیا بەجێ بهێڵن و بچن بۆ ئەورووپا. چوار ساڵ لەوێ دەمێننەوە و لەو فەترەیەشدا هەر ماوەیەک و لە شارێکدا دەژین. ئاناش لەم ماوەیەدا ناچار دەبێت بە قۆناغی درێژخایەن لە ناخی دەستکورتی و پەتادا بژی، چونکە دۆستۆیڤسکی هەموو ئەو پێشپارانەی پێشوو و کۆی ئەو پارانەی لە گرەونانی هەر شتێک بەدەستی دەهێنا، لە شێتیی قوماردا دەیدۆڕاند. لەم ماوەیەشدا، هەڵمەتەکانی پەتاکەشی بەردەوامن و وازی لێناهینن. جارێکی دیکەش عەشقی بۆ پۆلینا بلێسە دەستێنێتەوە و مەرگی دڵهەژێن و جەرگبڕی منداڵە نۆبەرەکەشیان لەم سەروبەندەدا ڕوو دەدات. هەڵمەتە بەردەوامەکانی تووڕەییە نەخۆشئاساکانی دۆستۆیڤسکی ش هیچ کەموکوڕیەکیان تێدا نییە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەست و ئەوینی

فیداکارانەی ئانا بۆ دۆستۆیڤسکی و بلیمەتیی دۆستۆیڤسکی تۆزقاڵێک چییە، جێڵەق نابێت. دووهەم هاوسەرگیریی دۆستۆیڤسکی هاوسەرگیرییەک بوو بەڕاستی لە ڕووی خۆشەویستی و عەشقەوە پێک هات، خۆشترین ڕووداوی سەرجەم ژیانیشی بوو.

دۆستۆیڤسکی لە ماوەی نیشتەجێبوونیدا لە ئەورووپا، هەوڵی دا ئاگاداری پێشهات و ڕووداوەکانی ڕووسیا و ئەورووپا بێت؛ چاوبرسییانەش هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دەخوێندەوە و نامەی لەگەڵ هاوڕێیانی ئەدەبی، لەناوخۆی وڵاتدا دەگۆڕییەوە. لە جنێڤدا لە کۆڕبەندی «یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی و ئازادی» بەشداریی کرد و بەهۆی هەڵمەتی توندوتیژ بۆ سەر مەسیحییەت و بانگەوازی ئاشکرا بۆ شۆڕش لە وتارە ئاگرینەکانی پەیڤیارانێکی وەکو باکۆنین[١٢٩]دا، ترس و تۆقین دایگرت. ئەو لە خەمی کاریگەریی ئەمجۆرە وتارانەدایە بۆ سەر کەسانێک کە لە ڕووسیادا بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەم بۆچوونانەیان هەیە، لەم بارودۆخەی قەلەقی و نیگەرانی و

شپرزەییەشدا بوو کەساڵی ١٨٦٧ کەوتە تێڕامان و بیرکردنەوە لەمەڕ بەرهەمی داهاتووی خۆی.

لەنێوان سەرجەم ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی دا، نووسینی "**دەبەنگ**"[١٣٠] لە هەموویان ئەستەمتر و دژوارتر بوو. خاڵی دەستپێکی ئیشەکە دۆسیەیەکی دادگا بوو کە ڕۆژنامەکانی ڕووسیا ڕاپۆرتیان لەسەر نووسیبوو لەمەڕ دایک و باوکێکی سەربە چینی ئەریستۆکرات کە منداڵەکەی خۆیان، بەتایبەت کچەکەی خۆیان ئازار و ئەشکەنجە دەدا. کەم نەبوون ئەو بابەتانەی کە دۆستۆیڤسکی لە تەقریر و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکاندا لەسەر کارەساتە خێزانییەکان و تاوانەکان کە بۆ چیرۆکەکانی خۆی کەڵکی لێوەردەگرتن، داکۆکیشی لەم کارەی خۆی دەکرد، چونکە بۆ مانایەک کە ئەو بەش بە حاڵی خۆی، دەرهەق بە ڕیالیزم لە زیهنیدا بوو، بە شتێکی گرنگ و جەوهەری دادەنا. لە نامەیەکدا بۆ یەکێک لەو هەڤاڵانەی نامەی لەگەڵدا دەگۆڕینەوە، دەنووسێت:

من بۆچوونی خۆم هەیە لەسەر واقیع لە هونەردا. ئەوەی لەچاو زۆربەی مرۆڤەکانەوە شتێکی سەیر و نائاسایی دەنوێنێت، لەلای من هەڵگری

جەوهەری واقیعە... لە هەموو ژمارەیەکی ڕۆژنامەکاندا زیاد لە ڕاپۆرتێک لەسەر واقیعیترین پرسەکانی واقیع و سەرنجڕاکێشترین ڕووداوەکان دەبینین. لە ڕوانگەی نووسەرانی ئێمەوە، ئەمانە هەموو سەیر و خەیاڵین؛ هەرگیز بایەخ بەمانە نادەن؛ بەڵام ئەمانە کتومت خودی واقیعن، چونکە ڕووداوی نێو واقیعن.

لێرەدا مەبەستی دۆستۆیڤسکی، ڕکەبەرە گەورەکانی خۆیەتی، واتە تۆرگنیف و تۆلستۆی کە بە ڕای ئەو، سەرجەم وێنەکانیان لەسەر چینی ئەریستۆکرات تەنها دیوە ڕووکەشی و گشتییەکانی واقیع دەگرێتەوە. بۆ دۆستێکی دیکەشی دەنووسێت:

من تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازم لەگەڵ ڕیالیستان و ڕەخنەگرانی ڕیالیتە و ڕیالیزمدا هەیە. ئایدیالیزمەکەی من زۆر واقیعیترە لە ڕیالیزمەکەی ئەوان. خودایە! ئەگەر ئەوەی ئێمەی ڕووسی لەم دە ساڵەی گەشەکردنی ڕۆحی و مەعنەویماندا تیمانپەڕاندووە، بە هەست و فام و ئاوەز و عەقڵەوە بگێڕینەوە، ئەوا ئەودەم بەڕاستی ئەم ڕیالیستانەی ئێمە، ناقیرێنن کە کۆی ئەمانە ماخۆلان و داڵغەیە!

بەڵام ئەوان چی ئەڵێن با بیڵێن، ئەمانە ڕاستی و هەقیقەتی هەتاهەتایی و ڕیالیزمی ڕاستەقینەن!

لە یەکێک لە زەریفترین و ناسکترین کورتە چیرۆکەکانیدا، واتە "دەلال"[131] دۆستۆیڤسکی لە پرۆسەی گۆڕینی «شتە دیار و سەیرەکانی واقیع»دا بۆ هونەر دەبینینەوە. دۆستۆیڤسکی ئەم کورتە هەواڵەی نێو چاپەمەنییەکان کە تیایدا ئافرەتێکی گەنج کە بە ئەیقونێکی لەسەر سینگ هەڵواسراو، خۆی بەر داوەتەوە و بەمەش خۆی کوشتووە، هاوکات کە دەیخاتە نێو قاڵبێکی چیرۆکەوە کە لەگەڵ ڕیالیزمی سایکۆلۆژییانە و هەقیقەتی تراژیکدا وێک دێتەوە، لە هەمان کاتیشدا لەپاڵ وێنەی زیهنی شیکاری خۆشیدا، تێی دەپەڕێنێت.

بەڵام دۆستۆیڤسکی ڕەهەند و مەودایەکی گرنگ و نوێی بەخشییە «ڕیالیزمی سەیر». ئەو حەزی دەکرد تەرکیزەکە لە دونیای دەرەوە بگوازێتەوە بۆ نێو دڵ و دەروونی کاراکتەرەکانی خۆی، چونکە بە پلەی یەکەم، سەرنج و خولیای خۆی دەخستە سەر واقیعی ژیانی ڕۆحی و نەفسیی کاراکتەرەکان. ئەو هونەری بە مدیۆمێک دەزانی بۆ گواستنەوەی

حیکمەتی ژیان و هەستە ڕۆحییەکانی مرۆڤ. وێڕای ئەوەی پێی وابوو لە بنەڕەتەوە دەبێت سەرقاڵی گرفتە کۆمەڵایەتی و مەعنەوی و ڕۆحییەکانی خەڵکانی ڕەش و ڕووتی ڕووسیا بێت؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا، سوور بوو لەسەر ئەوەی کاتێک بەم گرفتانەوە سەرقاڵە، دەبێت ئەم خەڵکانە بۆ پێگەیەک لە مانا و بەهای گشتی بەرز بکاتەوە ـ بە وتەی خۆیشی «بە ڕیالیزمێکی بەرکەماڵ کە مرۆڤ لەنێو مرۆڤدا نیشان بدات.» دۆستۆیڤسکی بەمجۆرە داهێنان و تازەگەرییە، خۆی وەسف و پێناسە دەکات: هەوڵدان بۆ دەرخستنی دیاردە سایکۆلۆژی و ڕۆحییەکان لە چیرۆکدا، لە سەرەوەی شێواز و دابی کۆمەڵایەتییەوە، چارەکردنی دژوازییە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای "مرۆڤگەرایی"ەکی ڕاستەقینە و ئەبەدی. لە دەفتەری یادداشتەکانیدا دەنووسێت: «من بە سایکۆلۆژیست ناونووس دەکەن، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. من تەنها ڕیالیستێکم بە واتای بەرزتری وشە؛ واتە هەموو شتە شاراوەکانی نێو ڕۆحی مرۆڤ وێنە دەکەم.»

تاوتوێ و خوێندنەوەی ئەو کەرەستە و بابەتە چڕوپڕانەی دۆستۆیڤسکی لە دەفتەری یادداشتی تایبەت بە ڕۆمانی "**دەبەنگ**"دا کۆی کردۆتەوە، دەریدەخات کە چۆن ئەو «ڕیالیزمە سەیرە»ی تەقریری ڕۆژنامەگەری لەمەڕ دادگاییکردن، دواجار شێوە بۆ شتێک دەگۆڕێت کە ڕەنگە تەنها بکرێت ناوی «ڕیالیزمی نهێنی»ی لێبنرێت. لە یادداشتەکاندا دۆستۆیڤسکی چەندین سکێچی جۆربەجۆر، لانیکەم هەشت سکێچ لە سەر یەک دادەنێت هەتا بتوانێت بە ڕوونییەکی زێدەترەوە پەیچنی ڕۆمانەکە و کارەکتەرەکانی بەرجەستە بکات. چەند گرووپی خێزانی دێن و دەچن، پاڵەوانەکانی نێر و مێ یەکتر لە ناوەندی ڕووداوەوە دەتارێنن، خەسڵەتە تایبەتەکانی پاڵەوانێکی شیمانەیی دەگوازرێتەوە بۆ کاراکتەرێکی دیکە و ڕووداوگەلێکی وەک کوشتن و خۆکوشتن و دەستدرێژی و دزی و ئاگرکەوتنەوە، پێشبڕکێ لەگەڵ یەکدیدا دەکەن هەتا هەموو نیگا و سەرنجێک بە لای خۆیاندا ڕابکێشن. لە یەکەم سکێچەکاندا، کاراکتەری سەرەکی، هەمان کاراکتەری دووڕوخساری باوی دۆستۆیڤسکی یە کە

تایبەتمەندییەکانی هیچ ویکچوونێکیان لەگەڵ ئەو پاڵەوانە دڵنەرم و ئاکارهێمنەی ڕۆمانە کامڵبووەکەیدا نییە.

لەنێوان ئەم زەلاتە تێکەڵپێکەڵە کاسکەرەی پەپچن و دژەپەیچن و کاراکتەری یەکلایەنەبوودا، ئەوەی بە ئاشکرا دۆستۆیڤسکی دەستەوەستان و نائومێد دەکات، لاوازبوونیەتی بۆ پێکانی بیرۆکەیەکی ناوەندی و پاڵەوانانە کە بتوانێت دەرکەوتی بەرکەماڵی ئەو بیرۆکەیە بێت. تازە کاتێک سکێچی شەشەمی دەست پێکردبوو، لەناکاو بیر و وێنای ئەو پاڵەوانەی لە زیهندا بیچم دەگرێت کە دەرکەوتی ئەو بیرۆکەیە بێت، ئەو پاڵەوانەش کەسێک نەبوو جگە لە "دەبەنگ" واتە پرەنس میشیکین[١٣٢]. لەم کاتەشدا بوو کە بۆ برازاکەی دەنووسێت: «بیرۆکەی سەرەکیی ڕۆمانەکە، وێنەکردنی پیاوێکی بەڕاستی جوانە [لە ڕووی ئەخلاقییەوە]... چاکە ئامانجە، بەلام ئەمە هێشتا تا بەدیهاتنی، چ لە ڕووسیا و چ لە ئەورووپای شارستانیدا، مەودایەکی زۆری لەنێواندایە. لە دنیادا تەنها یەک ئینسانی بەڕاستی جوان بوونی هەیە، ئەویش مەسیحە.»، بەلام دۆستۆیڤسکی خۆی لەم

بنبەستە بەدوور دەگرێت، چونکە لە ڕۆمانەکەدا «کاراکتەری مەلەکوتی»ی میشیکین کە هێدی هێدی ورشەی سروشتکردی ئەخلاقییانەی ڕەسەنی گڵاوی لاوازییە مرۆییەکان دەبێت، لەنێو دەچێت. بەڵام بەهەرحاڵ لەنێو میشیکیندا، شتێکی پێکەنیناوی بوونی نییە، وەک چۆن هەندێک لە ڕەخنەگران ئاماژەیان پێداوە. دۆستۆیڤسکی لە یادداشتەکانیدا دەنووسێت: «ئەگەر دۆنکیشۆت[١٣٣] و پێکویک[١٣٤] لە لایەنی مرۆڤدۆستانەی خۆیانەوە، باڵکێش و سەرنجڕاکێش بن، ئەوا هەر بەم سۆنگەیەش کاراکتەرگەلێکی کۆمیک و پێکەنیناوین. بەڵام میشیکین، پاڵەوانی ڕۆمانەکەی من، بە هیچ شێوەیەک پێکەنیناوی و کۆمیک نییە، بەڵکو هەڵگری سیفەت و تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشی دیکەیە، ئەو پاک و **مەعسومە!**».

لە دونیای سەیری ئۆپانیشەکان[١٣٥] و ئیۆڤۆڵگینەکان[١٣٦] و مشەخۆرەکانی تەنیشتیاندا، چیرۆکی سەرەکی لەمەڕ پەیوەندییە دڵدارییەکانی ڕۆگۆژین[١٣٧] و گانیا[١٣٨] و ناستازیا[١٣٩] و ئاگلایا[١٤٠] یە. لەو ئاڵۆزیانەی لە ناو پەیوەندییەکانی ئەماندا دێتە

ئاراوه، ڕاقیترین دیمەنەکان دروست دەبن. بەڵام دۆستۆیڤسکی بەوردی و بەوپەڕی ختوورەوە ناهێڵێت ڕۆحانیبوونی میشیکین، تەنیا بۆ تێوەگلانی لە ناو ئەم ڕووداوە دڵدارییەدا، بەرتەسک بکرێتەوە و بنچینەی دراماتیکیی جیاواز بۆ خۆی ڕێک دەخات. ئەم بنچینە دراماتیکەش بە ناوی «هێزە تاریکەکان»ی نەوەیەکی نوێ، وەسف دەکرێت کە ویستی خۆی بۆ شەهوەتی کۆکردنەوەی پارە و تەنانەت تاوان تەرخان دەکات. هەموو کاراکتەرەکان پەلێکشی نێو گێژاوی ئەم قەیرانەی داهێزانی ئەخلاقی دەکرێ و ئەمەش بە تەنیا میشیکینە بەرەنگاری ئەم «هێزە تاریکانە» دەبێتەوە و بە پشتبەستن بە ئەیقونی مەسیح، دەکەوێتە وەعزکردنی بیرۆکەی بێبەرهەمی خزمەت و سۆز و ئەوینی برایانە و بەختەوەریی مرۆڤ. میشیکین دەڵێت جیهان سەرلەبەر جوانە و ژیانیش خۆشی و شادییە. بەڵام وێڕای ئەو ئیمانەی هەیەتی، بە شوێنێک ناگات. کەم تا زۆر هەموان بە چاوی سووکەوە سەیری دەکەن و ئەوەشی بەسەری دێت، هێمایەکی ئەو بەسەرهاتەیە

کە مەسیح لەنێوان فەریسییەکاندا* بەسەری دێت. لە ئەنجامیشدا، ئەو خەڵکە تاوانبارەی ناسیاری ئەون، یاخود لەژێر کاریگەریی ئەودان، لە قەفرای نەهامەتی و نەگبەتیدا دەمێننەوە و خۆیشی دەکەوێتە گێژاوی دەبەنگییەوە.

هەندێک جار چیرۆکی میشیکینیان وەک سەربوردەی سایکۆلۆژییانەی خودی دۆستۆیڤسکی لە قەڵەم داوە. بەڵام ئەو وێنەیەی پاڵەوانی «بەڕاستی جوان»، سەرکەوتنێکی تەواو مسۆگەر ناکات. لە ڕواڵەتدا، خودی دۆستۆیڤسکی ش هێندە دڵنیای ئاکام و ئەنجامی کارەکەی نەبوو، چونکە بۆ ستراخۆف دەنووسێت: «لەم ڕۆمانەدا زۆرێک لە شتەکان پەلەکارانە بیراز کراون، زۆرێک لە شتەکان کێش دراون، کەواتە مەبەست و ئامانجی خۆی نەپێکاوە. من داکۆکی لەم ڕۆمانە ناکەم، بەڵکو داکۆکی لە بیرۆکەکەی خۆم دەکەم.» لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دۆستۆیڤسکی یەک لە باشترین ڕۆمانەکانی ئەدەبیاتی دونیای نووسیبوو.

---

* Pharisee

لەڕاستیدا دۆستۆیڤسکی لە هەوڵدان بۆ خولقاندنی پاڵەوانێکدا کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بیکەموکورتی بێت، دەستی دابووە گرەوێکی پڕمەترسی لەمەڕ حەزە گشتییەکانەوە. خوێنەرانیش زۆر لە ڕۆمانی "**دەبەنگ**" تێنەگەیشتن، تەنانەت کاسیش بوون. ئەمە جگە لەوەی ڕەخنەگران دوای ڕۆمانی زۆر سەرکەوتووی "**تاوان و سزا**"، ئەم ڕۆمانەیان بە دابەزینێک لە قەڵەم دا. هەروەها چاپێرەکانیش* هیچ شەوقێکیان بۆ کڕینی مافی ئەم کتێبە نیشان نەدا و دەمێکیش پێش ئەوەی دوابەشی ڕۆمانەکە بڵاو بکرێتەوە(شوباتی ١٨٦٩)، هەمیسان بۆ ڕۆمانێکی دیکە قەرزارباری کاتکۆف دەبێتەوە. ئەو خەرجانەی لەو کاتەدا بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی دووهەم منداڵی سەرف کران، هیچ پارەیەکیان لە گیرفانیدا نەهێشتەوە. بە تامەزرۆییشەوە هەمیسان پێشپارەیەکی زۆر کەمی بۆ کورتەچیرۆکێک لە ستراخۆف وەرگرت کە ڕۆمانێکی کورتی بەناوی "**شووی هەتاهەتایی**"[١٤١] (١٨٧٠) لێکەوتەوە. نووسینی شێوەگێڕانەوەی ڕەوان و یەکدەست و پەیچنی جوان

* ئەو دەزگایەی کتێبان چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

داڕێژراوی ئەم چیرۆکە، سەبارەت بە شوویەک بە ناوی پاول پاولۆڤیچە[١٤٢] کە زاتەن قەڵتەبان سیفەتە و ئەمجارەش هاوڕێکەی، واتە ڤۆڵچانینۆف[١٤٣] خیانەتی پێدەکات ـ کتێبێکی جوان و تاقانەی لێکەوتۆتەوە. چیرۆکەکە بە ڕواڵەت پارچەیەکی شێوەپرۆڤەی هۆشیارانە و داڕێژراوی تەکنیکی سایکۆلۆژییانەی دۆستۆیڤسکی یە کە ئەمێستا گەیشتۆتە چڵەپۆپە و ترۆپکی ناسکی و جوانیی خۆی. زۆرتری سەرنج لەم چیرۆکەدا دەخرێتە سەر شیکاری و شرۆڤەکردن، کاراکتەر و دیمەنەکانیش بیرخەرەوەی کاراکتەر و دیمەنەکانی بەرهەمەکانی پێشوویەتی. ڕاڤەی وردی هزر و کرداری دووفاقیی پاول پاولۆڤیچ، کاتێک دەزانێت هاوڕێکەی خیانەتی پێدەکات، ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە نووسینەکانی ئەم نووسەرە تا چەند گرێدراوی مێژووی وشیاریی مرۆڤایەتییە لە ناو ئەو دووفاقییەتە تراژیکەی تیایدا دەژی.

لەپاڵ ئەمەدا دۆستۆیڤسکی دەکەوێتە تێفکرین لەمەڕ ڕۆمانێکی گەورەتری خۆی بە ناوی "**ئیلحاد**" ـ ڕۆمانێک لەمەڕ کەسێکی ڕووسی کە ئیمانی بە خودا نامێنێت و پاش هاوموشۆ و دانیشتن لەگەڵ خەڵکانی

هەمەجۆری خاوەن قەناعەتی جۆراجۆری فیکری و فەلسەفی و ئایینی، دەکەوێتە نێو چاڵێک کە چێکراوی دەستی خۆیەتی. لە کۆتاییشدا ئیمانێکی تۆکمەتر بە مەسیحی ڕووسی و خاکی ڕووسیا پەیدا دەکات.

چەند مانگێک دواتر، ئەم سکێچە تێکەڵی سکێچێکی چڕوپڕتر دەبێت کە دەبوایە لە پێنج ڕۆمانی جیاوازی پەیوەست بەیەک پێک بێت، ئەو نێوەشی بۆی دادەنێت "**ژیانی تاوانباری گەورە**"یە. یادداشتە چڕوپڕەکانی تایبەت بەم ڕۆمانە دەریدەخەن کە دۆستۆیڤسکی ویستوویەتی لە تەمەنی خوارەوەی منداڵی هەتا گەورەساڵی، سەربوردە و چیرۆکی پاڵەوانەکەی خۆی بگێڕێتەوە. ئەم پاڵەوانە زۆر ڕووداوی بۆ ڕوو دەدات، لەوانە تاوانێکی کوفرئامێز ئەنجام دەدات کە بەهۆیەوە ناچار دەبێت لە پەرستگەیەکدا کروژم هەڵبهێنێت. ئەو کە دانکەنی خودا بووبوو، هەموو ڕووسیا دەگەڕێت و شوێن بەرەڵایی و شەهوەتپەرستی دەکەوێت، لەم ناوەشدا ڕێکەوتی کەسایەتییە ڕاستەقینەکانی ڕابردوو دەکات کە ئیمانێکی پتەویان هەبووە، هەروەها ڕێکەوتی کەسگەلێکی ناسراوی نێو سلاڤۆفیلەکان و

ڕۆژئاواگەراکان دەکات. مەسیح و جەجاڵ، ڕووسیا و ئەورووپا بەرەوڕووی یەک دەبنەوە و گۆڕەپانی شەڕی ئەم ململانێ دۆستۆیڤسکی انەیەش، دڵی هەمان ئەو ژن و پیاوانەیە کە لە ڕۆمانەکەدا وێنە کراون. لە ئەنجامدا پاڵەوانی چیرۆکەکە دەگاتە عەشقێکی پاک، دان بە گوناح و تاوانەکانیدا دەنێت و ژیانێکی نوێ ڕیک دەخات کە بناغە و بنەماکەی ئیمان بە خودا و ئاکاری چاکی تەقواکارانەیە. کۆتا ئامانجی دۆستۆیڤسکی لە کارە داهێنەرانەکەیدا، وێنەکردنی گەشت و گەڕانی ڕۆحی و نەفسی تاوانبارێکی گەورە بوو بۆ نێو دونیای گڵاو و گەندەڵی نیمچەئیمانداری لەپێناو ئامانجی دوورەدەستی بەختەوەری کە لە ڕێی ئازارچەشتن و مەینەتەوە پێی دەگات و قدیسئاسا شان و شکۆکەی دەردەخات. بۆ براکەی دەنووسێت: «ئەم ڕۆمانە هەموو هیوای من و تەمای منە لە ژیانی خۆم.»

وێڕای ئەوەی "**ژیانی تاوانباری گەورە**" چووە ڕیزی ڕۆمانە نەنووسراوەکانی دۆستۆیڤسکی یەوە، بەڵام ئەم ڕۆمانە سێبەری خۆی خستە سەر هەموو ئەو بەرهەم و ڕۆمانانەی دۆستۆیڤسکی نووسیونی.

دۆستۆیڤسکی دیمەن و ڕووداو و کاراکتەرەکانی لە سکێچە گشتییەکانەوە دەردەهێنا هەتا لە ڕێیانەوە کەموکورتییەکانی ئەو بەرهەمانە ڕیک بکاتەوە کە بە ڕای خۆی نزمتر و کەمبەهاتر بوون. ئەمەش دەرهەق بە ڕۆمانی دواتری واتە "**جادوولێکراوەکان**"یش ڕاست دێتەوە. لە ساڵی ١٨٦٩دا بە خستنەپەراوێزی ئەو بەرهەمە گەورەیەی کە لە مێشکیدا بوو، ئەم ڕۆمانەی دەست پێکرد هەتا بتوانێت کتێبێک بۆ کاتکۆف بنێرێت کە دەمێک بوو بەڵێنی ناردنی پێدابوو. لە ڕووی ناواخنی ڕۆمانەوە هەمدیس پشتی بەستە ڕووداوێکی "نائاسایی"ی نێو چاپەمەنییەکان، ئەندامانی گرووپێکی شۆڕشگێڕانەی بچووکی خوێندکاری لە مۆسکۆ بە ڕێبەرایەتیی نیچایۆف، لە مورید و قوتابییەکانی باکۆنین، بە گومانی ئەوەی ویستوویەتی ڕاپۆرتیان لەسەر بدات، یەک لە هاوڕێکانی خۆیان کوشتبوو. دۆستۆیڤسکی لە سەرەتادا دەیویست لەم سەربوردەیە «مەلزەمە ـ ڕۆمان»ێکی بچووک دەربهێنێت و بە قەناعەتێکی بە ئاشکرا لایەنگرانە، لە چوارچێوەی چیرۆکدا تاوتوێی ئەم کوشتنە بکات، بەمەش بواری بۆ ڕەخسا هەتا بە

ڕاشکاوییەکی زۆرترەوە دژ بەو ڕادیکاڵانە بوەستێتەوە کە بە ڕای ئەو، ڕووسیایان بەرەوڕووی مەترسیی لەناچوون کردبۆوە. بەڵام لە کاتی ئیشکردنیدا، ڕەهەندی ڕۆمانێکی مەزنی وەرگرت و یەک لە هەرە شاکارە دیار و بەرجەستەکانی لێکەوتەوە. لێرەشدا هاوشێوەی "**دەبەنگ**"، دەفتەری یادداشتەکانی تایبەت بە "**جادوولێکراوەکان**" بەڵگە و زانیاریی بەنرخمان دەخنە بەردەست لەمەڕ ئەرک و زەحمەتەکانی دۆستۆیڤسکی بۆ شێوەبەخشین بە بیرۆکەی سەنتراڵییانەی ڕۆمانەکە و ئەو پاڵەوانەی کە هێما و دەرکەوتی ئەو بیرۆکەیە بێت، بۆ پێناسە و دیاریکردنی کاراکتەری هەمەجۆر لە چیرۆکێکی پڕ لە ڕووداو و هەیەجان، بۆ خستنەڕووی کۆی وردەکارییە ناسکەکانی پەیچنێکی ئاڵۆز. دەردیسەری و ئاستەنگە هەمەجۆرەکان بۆ نووسینی ڕۆمان، بەرهەمی هەوڵدانێک بوو دۆستۆیڤسکی دەینواند هەتا گەنجە ڕادیکاڵەکانی نێو ڕاپۆڕت و تەقریرە ڕۆژنامەوانییەکان هاوشێوەی جێنشینە ڕاستەوخۆکانی شۆڕشگێڕە ئامانجگەراکانی نەوەی خۆی وێنە بکات، واتە نەوەی چلەکانی سەدەی

نۆزدەهەم. یادداشتەکان بۆمانی دەردەخەن کە هەندێک لە کاراکتەر و کەسایەتییەکان، کتومت لە هەمان ئەو خەڵکە ڕاستەقینانە وەرگیراون کە دۆستۆیڤسکی لە نزیکەوە دەیناسین، پاشماوەشیان تێکەڵەیەک لەو کەس و خەڵکە هەمەجۆرانەیە کە کاریگەرییان لە ژیانیدا هەبووە.

پاش نزیکەی ساڵێک ئیشکردن، هەموو ئەو شتانەی نووسیبووی فڕێی دان، چونکە تەنها واقیع و ڕاستییەکانی ژیان زیهن و بیر و خەیاڵی ئەویان دەبووژاندەوە. تایبەتمەندی و دیمەنگەلێک لە سکێچی "**ژیانی تاوانباری گەورە**" وردەوردە لە زیهنیدا دزەی کردبووە نێو سەربوردە و چیرۆکی نیچایۆفەوە. لەبری پاڵەوانی یەکەمی چیرۆکەکە، واتە پیۆتەر ڤۆرخۆنسکی[١٤٤] (نیچایۆف)، ستاڤرۆگینی دانا کە کاراکتەری ئەم پاڵەوانە لە کاراکتەری پاڵەوانی بێناوی "ژیانی تاوانباری گەورە" وەرگیرابوو، بەمەش ڕووبەری ڕووداوی ڕۆمانەکە بەرفراوانتر بۆوە و سەرەڕای پیلانی شۆڕشگێڕانە، هەندێک پرسیاری قووڵ و بنەڕەتی لەمەڕ ئایین و مۆراڵ و ئەخلاقی تێدا دەرکەوت کە لە سکێچی ئەو بەرهەمە مەزنە

نەنووسراوەدا شاراوە بوون. دواجار دۆستۆیڤسکی بیرۆکەی سەنترالّییانەی ڕۆمانەکەی دۆزیبۆوە. بۆ مایکۆفی نووسی: پەتای تووشبووی گەنجانی چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم هێشتا کۆتایی نەهاتووە؛ جنۆکەکان لە جەستەی ڕووسەکانەوە چوونەتە دەرێ و لە جەستەی گاڕانێکی بەراز، لە جەستەی نیچایۆفەکاندا جێگیر بوونە، دواتریش خۆیان دەخەنە ئاو و دەخنکێن، ئەو زەلامە شیفاوەرگرتووەش کە جنۆکەکان لە جەستەی چوبوونە دەرێ، لە هەمبەر قاچی عیسادا چۆکی دادابوو. «کۆی مەهامی ڕووسیا لە ئایینزای ئۆرتۆدۆکسدا شاراوەیە، **لە تیریژێکدا کە لە ڕۆژهەلآتەوە دێت** و بە سەر مرۆڤی کوێری ڕۆژئاواییدا دادەبارێت کە مەسیحی ون کردووە... زۆر باشە ئەگەر ویستت بزانیت، ئەوا ئەمە ڕیک ناواخن و تیمای ڕۆمانەکەی منە. ناوم ناوە "**جنۆەکان**"[١٤٥].

لە کانوونی دووهەمی سالّی ١٨٧١دا یەکەم فەسلّی ڕۆمانی "**جادوولێکراوەکان**" لە **تەتەری ڕووسیدا** بە سەرنووسەریی کاتکۆف بلاّو کرایەوە. لەم سەردەمەدا دۆستۆیڤسکی ورەی خۆی بەردەدات

و تووشی فسۆکی دەبێت. نەخۆشە و هەمیسان هەمانە و گیرفانی بەتاڵ بۆتەوە و گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەش کە تەنها لە ڕووسیادا دەتوانێت ئەم ڕۆمانە تەواو بکات. کاتکۆف خەرجی سەفەرەکەی بۆ دەنێرێت و ئەویش لە سەر وادە، واتە مانگی تەموز خۆی دەگەیەنێتە ڕووسیا هەتا لە دادگاییکردنەکەی نیچایۆف و دەستوپێوەندەکانیدا ئامادە بێت. تامەزرۆییشی بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە، سەرلەنوێ بڵێسە دەستێنێتەوە و لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٢شدا دوابەشی ڕۆمانەکە بڵاو دەبێتەوە.

دۆستۆیڤسکی دەیویست بە پشتبەستن بە کاراکتەری ستاڤرۆگین کە باڵی بە سەر هەموو ڕۆمانەکەدا کێشابوو، یەکێتی و یەکدیگیرییەک ببەخشێتە دوو بەشی ناواخنی ڕۆمانەکە، واتە ئەو توخمە ڕۆمانسییەی کەم تا زۆر ئیلهامی لە سکێچی "ژیانی تاواتباری گەورە"وە وەرگرتبوو، هیدیکەش ئەو بەشەی پیلانی شۆڕشگێڕانە کە لە بەسەرهاتەکەی نیچایۆفەوە وەرگیرابوو. دۆستۆیڤسکی لە یادداشتەکانیدا خەتی بە ژێر ئەم ڕستانەدا کێشابوو: **«کۆی بەزەئامێزی و دۆخی**

**مەراقباری ڕۆمانەکە لە ستاڤرۆگیندایە... ئەو پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە.»** ئەو، بە ڕاکێشەی سروشتکردی تاکەکەسیی خۆی، سەرنجی هەموان ڕادەکێشێت، کاریگەرییەکی بەهێزیش لە سەر هەموان دادەنێت، بەتایبەت لە سەر ڤۆرخۆنسکی و شاتۆف[١٤٦] و کیریلۆفدا[١٤٧]. ئەگەر بەپێی یادداشتەکان و ڕۆمانەکە شتەکان هەڵسەنگێنین، ئەوا دەبێ بڵێین دۆستۆیڤسکی هەرگیز نەیتوانی خۆی لە دەست ئەو نەختە دڕدۆنگییە ڕزگار بکات کە لەمەڕ وێنەی ستاڤرۆگین لە مێشکیدا بوو. تەومژ و ناڕوونییەکانی پەیوەندییە سیاسی و ڕۆحییەکانی ستاڤرۆگین لەگەڵ هەر جۆرە پیلانگێڕییەکدا، کتومت لەگەڵ سەرجەم ئەو ناڕونییانەدا وێک دێتەوە کە لە ڕەفتار و پەیوەندیی ئەم پاڵەوانە لەگەڵ ژنە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت: لیزا[١٤٨] و داریا[١٤٩] و ماریاتیمۆفیۆنا[١٥٠]ی کەمئەندام کە ستاڤرۆگین ژیانی هاوسەرێتیی لەگەڵدا دەبەستێ هەتا خۆی وەک شەهید بنوێنێت و هەستی خەڵک ببزوێنێت. بەوەشی ئەم ناڕوونییانە ئەوەی لێکەوتۆتەوە کە هەندێک لە ڕەخنەگران بگەنە ئەم دەرەنجامە کە دۆستۆیڤسکی

ویستوویەتی هەقیقەتێکی قووڵی سیمبۆلیک لە وجوودی ستاڤرۆگیندا دەربخات، بەڵام یادداشتەکانی تایبەت بەم ڕۆمانە بۆمانی دەردەخەن کە ئەو بە ئەنقەست دیوێکی پەنهانی بەخشیوەتە ئەم کاراکتەرە کە ڕەنگە دانپێدانانێکی هێمایی بێت بە شکستی هونەری بۆ وێنەکردنی ئەو کاراکتەرەی لە بنەڕەتدا بایەخێکی جەوهەریی زۆری بۆ نووسەر هەبووە. بەڵام دواجار دەورێک ستاڤرۆگین لە ڕۆمانەکەدا دەیگێڕێت، بە شارەزاییەوە داڕێژراوە و زۆریش کاریگەرە. ستاڤرۆگین لە شەڕی ناوەکیی خۆیدا، دەگاتە قۆناغی بێئەخلاقیی سایکۆلۆژییانە کە ناتوانێت تیایدا چاکە و خراپە لێکدی جیا بکاتەوە. «لە پێشدەم تیمۆندا»[151] ئەو فەسڵە بەناوبانگەی لەمەڕ دەستدرێژیکردنی ستاڤرۆگینە بۆ سەر کچێکی کەمتەمەن و کاتکۆفیش ئامادە نەبوو چاپی بکات، بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتیی ستاڤرۆگین زۆر گرنگ و بایەخدارە. لە هەمان ئەو فەسڵەدا دەردەکەوێت کە ستاڤرۆگین تەواو دیلی دەستی هێزەکانی خراپەیە، ئیمانی بە خودا نەماوە و دواجاریش کانگای چاکەی جەوهەریی سروشتی بە تەواوەتی وشک بۆتەوە.

یەک ڕێگاشی جگە لە ـ خۆکوشتن ـ لە بەردەمدا نەماوە.

شاتۆف، ئەو ڕادیکاڵەی وەک جاران بیر ناکاتەوە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، نەک ستاڤرۆگین، هەڵگری سەرەکیی بیرۆکەکانی دۆستۆیڤسکی و وەڵامدانەوەی ئایدیۆلۆژیکی دۆستۆیڤسکی یە بۆ ئەو شۆڕشگێڕانەی لە دوارۆژدا دێن. لەڕاستیدا جڤینە سەرسووڕهێنەکانی ئەم شۆڕشگێڕانە گاڵتەجاڕکردنی بزاڤەکەیە و سەرکردەکەشیان ڤۆرخۆنسکی، مرۆڤێکی شەڕەنگێزی نیمچە گاڵتەجاڕ و نیمچە بەزەئامێزە. پاشماوەی پیلانگێڕەکانیش، لەوانە ڤیرگینسکی[152] و شیگالیف، کەسانێکی نەفام و سەیر و خوتوخوێڕین کە تەنانەت ئازایەتی و سەرازایی سەرکردەکەی خۆشیان نییە. دۆستۆیڤسکی لە شیکار و لێکدانەوەی خۆی بۆ شۆڕشگێڕان و چالاکیی شۆڕشگێڕان شێوازە دیالکتیکییەکەی خۆی دەکاتە قوربانیی ئامانجێکی مشتومڕئامێز.

لیبراڵی پیر، ستیفان ترۆفۆمۆڤیچ ڤۆرخۆنسکی[153]، باوکی پیۆتەری تینووبەخوێن، بە قەڵەمێکی پاراو، هاوشێوەی دۆنکیشۆتێکی ڕووسی وێنە کراوە. لە

وێنەی ئەمدا، دۆستۆیڤسکی گاڵتە بە قەناعەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمانی گەنجیی خۆی دەکات. کاتێک ئەم پیرەپیاوە ژیکەڵەیە لە دیمەنەکاندا ئامادە نییە، کاریگەریی گێڕانەوە تا ئاستێکی بەرچاو دادەبەزێت. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، دواپاشماوەکانی لیبرالیزمی ئەم پیرەپیاوە لە هەمبەر ئەو ئیمانە نوێیەدا کە بە ئایینی هەژاران هێناویەتی، کاڵ دەبێتەوە؛ هەمان ئەو خەڵکەی پێشتر سووکایەتیی پێدەکردن.

"**جادوولێکراوەکان**" خۆشەویستی و ناوبانگی دۆستۆیڤسکی ی بۆ زیندوو کردەوە. ئەم ناوبانگ و خۆشەویستییەشی دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپا، بەو کۆڕ و کۆبوونەوە و جڤینە پڕ حەماسانەی ڕێکی دەخست و تیایدا بەرهەمەکانی خۆی بۆ خەڵک دەخوێندەوە، دیسان زیاتر بەرزبۆوە. لەم سەردەمەدا لە جڤینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆنزەرڤاتیڤەکاندا بەشداریی دەکرد و بەم شێوەیەش بوو بە دۆستی نزیکی کەسایەتییە دەستڕۆیشتوو و دیار و بەرجەستەکانی ڕووسیا کە هەندێکیان لە دەسەڵاتی شاهانەوە نزیک بوون، لەوانە سیناتۆر

ک.پ.پۆبیدۆنۆستیڤ[١٥٤]. ئەم پەیوەندی و دۆستایەتییانەش بوون بەهۆی ئەوەی دۆستۆیڤسکی بتوانێت لە مانگی کانوونی دووهەمی ساڵی ١٨٧٣دا، سەرنووسەرێتیی هەفتەنامەی **هاووڵاتی**[١٥٥] بەدەست بهێنێت. بەڵام تەنانەت دۆستۆیڤسکی ش نەیدەتوانی بەرگەی هەڵوێستی کۆنەپەرستانەی ڕەق و سفتوسۆڵی ئەم هەفتەنامەیە بگرێت. لەبەر ئەمەش دوای ماوەیەکی زۆر کورت، بۆ پتر لە ساڵێک، لە نیسانی ساڵی ١٨٧٤دا واز لە سەرنووسەریی ئەم هەفتەنامەیە دەهێنێت. خۆشبەختانە باری ئابووریی بووژابۆوە، چونکە خێزانی بووبووە ئەرکداری چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی و بەمەش داهاتێکی بەرچاویان دەست دەکەوت.

دۆستۆیڤسکی لە ماوەی سەرنووسەریی خۆیدا لە **هاووڵاتی**، ستوونێک لەژێر ناوی "یادداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەر"دا دەنووسێت، پاش ئیستیغالەکەشی، لە کانوونی دووهەمی ساڵی ١٨٧١دا، بەشێوەی گۆڤارێکی مانگانەی سەربەخۆ ئەم بەشە دەبوژێنێتەوە. ئەم گۆڤارە بۆ ماوەی ساڵیک بەردەوام دەبێت و ئەو ژمارانەشی کە زیادەن، لە ساڵانی ١٨٨٠

و ۱۸۸۱دا بڵاو دەکرێنەوە. "یادداشتەکان" چەندین تەقریری لە سەر ڕووداوە هەنوکەییەکانی نێو کۆمەڵگە تێدایە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە دادگاییکردن و خۆکوشتن و زیندوکردنەوەی ڕۆح* و بار و ڕەوشی ئیشکردنی منداڵان لەنێو کارگەکاندا بکەین، بەڵام هاوکات بۆ دەربڕینی بیر و بیرۆکەکانی خۆی لەمەڕ کێشە گشتییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکان، سوودی لەم تەقریرانە وەردەگرت. ئەمە جگە لەوەی لەنێو لاپەڕەکانی ئەم یادداشتانەدا ڕێکەوتی بیرەوەریی ئەدەبی و ڕەخنە و بابەتی بیۆگرافی و کورتەچیرۆک و هەندێک سکێچی ئەدەبی دەکەین. لەوانە ئەم چیرۆکانەمان بەرچاو دەکەوێت: "ڤیلاس"[156]، "بۆبۆک"[157]، "ماریای جوتێر"[158]، "درەختی پیرۆزی کریسمەس"[159]، "دەلال" و "خەونی زەلامی گاڵتەجاڕ"[160]. ئەم دوا چیرۆکەش باشترین وێنەیە کە دۆستۆیڤسکی دەرهەق بە "چاخی زێڕین" ـ وێنایەک لەمەڕ زەوی، لە پێش هەبوت ـ خستوویەتیە ڕوو؛ ئەم وێنەیە باڵی بە سەر توانای خەیاڵی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا کێشاوە. بەڵام

* spiritualism

ئامانجێکی گەورەتر لە پشتەوەی ئەم "یادداشتانە"دا خۆی حەشار داوە. لە زیهنی دۆستۆیڤسکی دا، ڕۆژنامەوانی و ئەدەب، پەیوەندییەکی قووڵیان لەنێواندایە، چونکە بە ڕای ئەو، پەیوەندیی دولایەنەی نێوان واقیع و هونەر، دەشێت لە دەوری تەوەری دیتن و بینینی ژیانی ڕۆژانەدا دەق بگرێت. ئەویش خۆی لە گۆڤارەکەیدا، لە ناو چەشنە دیتن و بینینێکەوە، بابەتی بۆ چیرۆکەکانی خۆی هەڵدەهێنجا. "یادداشتەکان" سەرنجی زۆر خوێنەریان بە لای خۆیاندا ڕاکێشا؛ جگە لەمەش بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی گۆشەنیگاکانی دۆستۆیڤسکی و دیکەی ڕۆمانەکانی، بایەخ و گرنگییەکی بەرچاویان هەیە.

لە "یادداشتەکاندا" دۆستۆیڤسکی قسە لە سەرچاوەی ڕۆمانی دواتری خۆی، واتە "**گەنجی کاڵفام**"[١٦١] دەکات: دانپێدانانەکانی ئارکادی دالگۆرکی[١٦٢]، گەنجێکی زۆڵەزا و بێئەزموون، لەمەڕ بەسەرهات و سەربوردەکانی خۆی لەنێو دونیای کۆمەڵایەتیی پیتەرزبورگدا کە تیایدا بە شوێن باوکیدا دەگەڕێت کە بەهۆی پشتگوێخستنیەوە، ڕقی لێیەتی و لە هەمان کاتیشدا تینووی سۆز و مەحەبەتیەتی.

لەنێو دالگۆرکیدا، تەڕی و تەرچکییەکی دڵگیر هەیە. ڕا و بۆچوونەکانی، پەرتەوازەبوونی، سڵنەکردنی، هەستیاری و ئایدیالخوازیی گەنجانەی، بە وشیاری و ڕۆچوونی وردەوە وێنە کراوە. دۆستۆیڤسکی لە دارشتنی کەسایەتیی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا و لە زۆر شتی دیکەی ئەم بەرهەمەدا، هەمیسان کەوتە گرتەکردن لە سکێچە مەزنە نەنووسراوەکەی خۆی، واتە "ژیانی تاوانباری گەورە".

لە ئاکامدا کاتێک دالگۆرکی، ڤۆرسیلۆفی[١٦٣] باوکی دەدۆزێتەوە، ئیتر ناوەندی سەرنج لە چیرۆکەکەدا دەگۆڕدرێت و بەکردەوە ڤۆرسیلۆف لەبری کوڕەکەی دەبێتە پاڵەوانی ڕۆمانەکە. ڕاستییەک لەو خاڵەدا شاراوەیە کە دۆستۆیڤسکی بەهۆی بێورەی و نائومێدییەوە دەرهەق بەم ڕۆمانە، بە ژنەکەی دەڵێت: «لە **گەنجی کاڵفامدا** چوار ڕۆمانی سەربەخۆ بوونی هەیە.» چونکە لە کۆتایی بەشی یەکەمدا پەیچنی ڕۆمانەکە، یەکسەر دەچێتە ژێر کاریگەریی بزۆزییەکی وەهاوە کە هاتنی زۆر کاراکتەری نوێ بە سەریدا دەیسەپێنن. جگە لە تیمای یەکەم، سێ تیمای دیکەش گۆش دەکرێت، تیمای پێنجەمیش کزەتیشکێک

لێدەدات. ئەو ڕووداوانەی دواتر دێن، بریتین لە چەند چیرۆکی دڵداری و شەڕی نێوان باوک و کوڕ بۆ داگیرکردنی کاترینا ئاخماکۆڤا[١٦٤] کە ژنێکی جوان و سۆزانییە؛ نامەیەکی ناوزڕێنی گوماناوی لەمەڕ کاترینا، لە قوڵی کراسەکەی دالگۆرکیدا دووراوە و هەموو کاراکتەرە سەرەکییەکانیش، بەوپەڕی هێزەوە هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە نیازە گڵاوەکانی خۆیان ئەم نامەیە وەدەست بخەن. ئەو تیما نێوەناچڵەی پێنجەمیش لەمەڕ گرووپێکی پیلانگێڕی شۆڕشگێڕە کە ئەمیش هەمیسان لە تەقریرێکی ڕۆژنامەوانی وەرگیراوە لەسەر چالاکییەکانی ئەم گرووپە. سەبارەت بەمەش، ڕاستییەکی سەیر ئەوەیە کە دۆستۆیڤسکی، لانیکەم بە بەراورد لەگەڵ "جنۆکەکانی" **جادوولێکراوەکاندا**، ئەم شۆڕشگێڕانە بە پاڵەوان وەسف دەکات.

ڤۆرسیلۆف سەرنجڕاکێشترین کاراکتەری ڕۆمانەکەیە، کەسایەتیی مەتەڵئامێزیشی بیرخەرەوەی کەسایەتیی گوماناوی و ئەفسونسازی ستاڤرۆگینە. کەسایەتیی ئەمیش بە هەمان شێوە گۆش دەکرێت ـ بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، دەنگۆکان و ئەو

کاریگەرییەی لە سەر خەڵکانی دیکەی دادەنێت. لێرەشدا دیسان وەک نموونەی ستاڤرۆگین، دواوێنەی ڤۆرسیلۆف کاریگەرییەکی نێوەناچڵ، بەڵام بەهێزی هەیە. ڤۆرسیلۆف کە سەربە بنەماڵەی ئەریستۆکراتەکانە، لە پرس و کێشە سیاسییەکاندا سینیست و ڕەشبینە، پێشی وایە هیچ چینێک ئەوەندەی جەماوەری ڕەنجبەر، حەزی لە تەوەزەلی و وەستۆکی نییە، قەناعەتیشی وایە ئەمە چینی پارەدارە بە مەبەستێکی چاکەخوازانە هەموو خۆشی و شادییەکانی زەحمەت و کارکردنی داهێناوە. وابەستەبوونی بە خودا، یەکسەر ڕووکەشی و عاتیفییە؛ بەڵام بە کوڕەکەی دەڵێت هزری فەزیلەتی بێمەسیح هزری هەموو شارستانییەتی مۆدێرنە، کە ئەمەش قەناعەتی خودی دۆستۆیڤسکی بوو. هەروەها ئاماژەش بەو بۆچوونە دڵخوازەی دۆستۆیڤسکی دەدات کە ئەورووپا لە لێواری هەرەس و هەڵوەشانەوەدایە، چونکە بە لای ماتریالیزمی شۆڕشگێڕانەدا شکاوەتەوە و ڕووی لە مەسیح وەرگێڕاوە، دواجاریش ڕووسیا کە نەک هەر لەپێناو خۆیدا، بەڵکو لەپێناو هەموو جیهاندا دەژی، دەبێتە

ڕێنوێن و چاوساغی ئەورووپا بۆ گەیشتن بە هەرێمبەری خودا و بەختەوەری.

لەمەڕ ڤۆرسیلۆفی دووڕوخساردا، دۆستۆیڤسکی بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە، بۆ یەکەمجار ئاماژە بەوە دەکات کە کامە پرەنسیپی بونیادی و نادیار بەردەوام ئیلهامی پێبەخشیوە هەتا لە وێنەکردنی هەندێک لە مەزنترین کاراکتەرەکانیدا، زیهنی خۆی سەرقاڵی دووڕوخساریی ئەو پێرسۆناژ و کاراکتەرانە بکات. دەرکەوتی سایکۆلۆژییانەی دووڕوخساری [کۆی پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی ] هێندەی دەستنیشانکەری بیر و هەست و ئاکار و ڕەفتارەکانیان بێت، بە شێوەیەکی دیار ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵەیە کە ئەو دووڕوخسارییە لە زاتی خودی دۆستۆیڤسکی دا دەیگێڕا.

بەگشتی "**گەنجی کاڵفام**" لە ئاستێکی خوارتری ڕۆمانە گەورەکانی تری کۆتاسەردەمانی نووسەریی دۆستۆیڤسکی دا دادەنرێت. دەفتەری یادداشتەکانی تایبەت بەم ڕۆمانە کە تاڕادەیەک بەرکەماڵترە لە دەفتەری یادداشتی ڕۆمانەکانی دیکە، دەریدەخات کە ئەو بیرۆکانەی دۆستۆیڤسکی لە مێشکیدا بوون، لە

ڕۆمانە کاملکراوەکەدا نەهاتۆتە دی. یەک نموونەشیان ئەمەی کە لە یادداشتەکاندا نووسیویەتی، دەبێت ئەم ڕۆمانە هێرش و هەڵمەتێکی هەمەلایەن بێت بۆ سەر گەندەڵییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی نێو کۆمەڵگە، بەڵام شتێکی لەم شێوەیە هەرگیز لە **گەنجی کاڵفامدا** بوونی نییە. پێدەچێ دۆستۆیڤسکی تاڕادەیەک لە ئاڵۆزییەکانی پەیچندا، تووشی سەرلێشێوان بووبێت. بە شێوەیەکی بەرچاو، نەوعییەتی گرنگیدان بە ڕۆح و دەروونی پاڵەوان و کاراکتەرەکان، کە یەک لە نەوعییەتە تایبەتەکانی کۆی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی یە، لەم بەرهەمەدا نائامادەیە، جگە لەمەش ئەو سەرقاڵییە باوەی کاراکتەرەکانیشی بە پرسە قووڵە ئەخلاقی و ئایینییەکان، هەرچەند هەندێ جار بە جۆریک لە جۆرەکان، لە ڕووکەشدا خۆی دەردەخات، بەڵام هەرگیز ڕۆ ناچێتە ناخی پەیوەندییەکان لەگەڵ ژیاندا. ڕووداوی چیرۆکەکە هەرگیز بۆ ئاستی فیکر بەرز نابێتەوە، بەڵکو زۆرجار لە ناو خۆیدا تەواو دەبێت. ئەم کەلێن و کەموکووڕییە بێگومان بەرەنجامی نەبوونی بیرۆکەیەکی سەنتراڵیی قایلکەرە کە لە شاکارەکانی دۆستۆیڤسکی دا گینگڵێک

بە بیر و فیکر دەدات و پشکێکی زۆریشی لە هارمۆنیی هونەریی ڕۆمانەکەدا هەیە. ئەو دەیوت یەکەم قۆناغ لە پرۆسەی داهێنانی ئەمدا، بەرهەمی "شاعیر"ـە، واتە هەوڵدانێکی ئیلهامئامێز و خەیاڵمەند کە بێچمگرتنی بیرۆکەی سەنترالّیی ڕۆمانەکەی لێدەکەوێتەوە. دووهەم قۆناغیشی بە "چالاکیی هونەرمەند" ناو دەنا - واتە دەرهێنانی فۆرمی بنجبەست و دیاریکراوی بەرهەمە تەواوبووەکە لە یادداشت و ڕەشنووسەکاندا. دەفتەری یادداشتەکانی تایبەت بە **گەنجی کاڵفام** دەریدەخات کە دۆستۆیڤسکی بە شێوەیەکی دیار لە هەر دووی ئەم قۆناغەی داهێنانی نێو ئەم ڕۆمانەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

دۆستۆیڤسکی لە دوامەلزەمەی "یادداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەر"دا کە لە کانوونی یەکەمی ١٨٧٧دا بڵاو دەکرێتەوە، بە خوێنەرانی خۆی دەڵێت ڕێگا نادات ئەم مەلزەمانە بڵاو بکرێتەوە تا خۆی بۆ بەرهەمێکی دیکەی هونەری تەرخان بکات کە «بە شێوەیەکی نادیار و نائیرادی» لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە زیهنیدا «خۆی نووسیوە». لە کانوونی

دووەمی ساڵی ١٨٧٩دا، بڵاوکردنەوەی **برایانی کارامازۆف** لە **تەتەری ڕووسیدا** دەست پێکرد و کۆتافەسڵیشی لە تشرینی دووهەمی ساڵی ١٨٨٠دا تەواو دەبێت.

لە ڕوویەکەوە دەتوانین بڵێین دۆستۆیڤسکی لە سەرجەم ژیانی داهێنەرانەیدا، خۆی بۆ ئەم هەوڵە ئەوتۆیە ئامادە دەکرد. تیمای سەرەکیی ڕۆمانەکە ـ دانەپاڵی تاوانی باوککوژییە بە دیمیتری[١٦٥] بێگوناح و هەڵەی دەستەی دادگۆیان کە حوکمدانی ئەوی لێدەکەوێتەوە ـ لەسەر بناغەی گێڕانەوەی تاوانبارێک بوو کە دۆستۆیڤسکی لە ڕۆژانی زیندانیدا لە سیبریا بیستبووی. ئەو بەشەی تایبەت بە یانەی کوڕان کە بەسەرهاتی کۆلیا کراسۆتکین[١٦٦] و ئیلیۆشای[١٦٧] بچکۆلی تێدایە، لە ئەپیزۆدێکی وەلانراوی نێو یادداشتەکانی تایبەت بە **دەبەنگ** وەرگیراوە. "یادداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەر" زۆر بابەتی تێدایە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئەو بابەت و بیرانەی لەنێو ئەم ڕۆمانەدا خراونەتە ڕوو. سکێچی "ژیانی تاوانباری گەورە"ش هەوێنێکی خۆی بەخشیوەتە ئەم ڕۆمانە، بەتایبەت لە دارشتنی

کاراکتەری ئالیۆشا[١٦٨] و زۆسیمادا[١٦٩]. زۆرێک لەو کاراکتەرە تایپیکەی کە دۆستۆیڤسکی لە سەرەتای قەڵەمهەڵگرتنیەوە، بۆ نووسینی چیرۆک، هەوڵی دەدا دارِشتنیان بۆ بکات، بە بەرکەماڵترین شێوە لەم دوابەرهەمەیدا دەرکەوتوون.

سەرباری ئەوەی "**برایانی کارامازۆف**" درێژترین ڕۆمانی دۆستۆیڤسکی یە، بەڵام دەتوانین سکێچی پەیچنی ئەم ڕۆمانە لە چەند ڕستەیەکدا کورت بکەینەوە: چیرۆکی تاوانێک تیایدا دیمیتری کارامازۆف و باوکی، خەنیمە دڵداری یەکترن بۆ گەیشتن بە کۆشی گرۆشنکا[١٧٠]. سمیردیاکۆف[١٧١]، کوڕەی زۆڵەزای کارامازۆف بە هەڵخڕان و دنەدانی براکەی تری، واتە ئیڤان[١٧٢]، باوکی دەکوژێت و بەپێی بەڵگەکانیش دیمیتری تۆمەتبار و دواتر تاوانبار دەکرێت.

بەڵام دۆستۆیڤسکی، لە سەر پاشخانی ژیانی شارێک و پەرستگەی ئەو شارە، بە هەموو ڕێوشوێنە سایکۆلۆژی و ڕۆحییەکانیەوە، ململانێی کێوئاسای نێوان عەشق و نەفرەت دەهێنێتە نێو ئەم چیرۆکە پیس و نەگریسەوە. لە هەموو ڕۆمانەکەدا گەڕان بە

شوێن ئیمان، گەڕان بە شوێن خودا، شەپۆل دەدات کە بیرۆکەی سەنترالّییانەی ڕۆمانەکەیە. لە هیچیەک لە شاکارەکانی تریدا، پەنگر و پشکۆی دونیای ئایدیۆلۆژییانەی دۆستۆیڤسکی، ئاوا بریسکانەوەیەکی تیشکداری نییە، لە هیچکامەشیاندا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئاوەها قووڵ و بە ئاوا کاریگەرییەکەوە، بەرگی مانا بکاتە بەر بیرۆکەکانی. هەموو هونەر، ڕاڕایی و دڕدۆنگییەکان، حیکمەتی پێگەیشتووی ئەوی تێدا کۆ کراوەتەوە. هەموو ئەو مانایەی ژیان لەلای ئەو هەیبوو - بەرزی و نزمی و هێماکانی، ئەو تێگەیشتنەی لەمەڕیان هەیبوو، لە کاراکتەرە ناوازەکانی ئەم ڕۆمانەدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەرچەند هەموو ئەو شتانەی لە ژیاندا دیتوومانە و بیستوومانە، ناتوانێت ڕوونکردنەوەیەکی قایلکەرمان بۆ پاڵنەر و کردار و هەڵسوکەوتە سەرپەڕەکانی کارامازۆفی پیر و کوڕەکانی، بۆ زۆسیما و گرۆشنکا و کارینا ئیڤانۆڤا[١٧٣] پێشکەش بکات، بەڵام تێکڕای ئەم کاراکتەرانە وەک سیمبول، یان وەک دەرکەوتە مرۆییەکانی بیرۆکەکان لە میتافۆریکی نوێی ژیاندا، وەها ڕیالیستییانە داڕێژراون کە بە تاسەوە

دۆشدامان و حەپەسانی خۆمان لە سووچێکەوە دادەنێین و وەکو بوونەوەرانێکی زیندوو لە ئامێزیان دەگرین. لە ناو ئاوا خولقێندراوانێکدا، واقیعی هونەری بەلای واقیعی ڕۆحانی، یاخود وێناگەلێک لە واقیعی ڕۆحانیدا دەشکێتەوە.

باوک شەقڵی خۆی لە سەر هەریەک لە کوڕەکانی بەجێ هێشتووە. ئەم شەقڵە کارامازۆفییە، شەهوەتی جەستەییە کە دۆستۆیڤسکی لە وێنە کەمتر شەڕەنگێزەکانیدا، بە "وزەی ژیان" ناوی دەبات. ئەم شەهوەتە جەستەییە کە دەمارە سەرەکییەکەی لە لای کەسایەتیی باوکدایە، دیمیتری دەڕوخێنێت و لەناوی دەبات، لە ئیڤانیشدا بەهێزترین پاڵنەری پێش بەهێزترین پاڵنەرەکانە، هەتا لەنێو ئالیۆشای قدیسئاساشدا کەللەسەری ناشیرینی نەختێک دەردەخات. دیمیتری دەڵێت سەرلەبەری کارامازۆفەکان فەیلەسووفن، لەنێویشیاندا غەریزەی ئاژەڵییانە هەمیشە شەڕ لەگەڵ دیوی ڕۆحانی و ئەخلاقیی سروشتکردیاندا دەکات.

وەک چۆن یادداشتەکانی تایبەت بەم ڕۆمانە دەریدەخات، ئالیۆشا بەرلە هەموو کاراکتەرەکان، لە

بیر و زیهنی دۆستۆیڤسکی دا بیچم دەگریت، وەسفکردنیشی لە ڕۆمانەکەدا وەک "پاڵەوانی داهاتووی چیرۆکەکە"، دەریدەخات کە نووسەر ویستوویەتی لە پاشکۆ، یاخود پاشکۆگەلێک لەسەر ئەم ڕۆمانە، درێژە بە گۆڕان و گۆڕانکارییە ڕۆحییەکانی بدات. بڕیار وابوو ئالیۆشا ئەو گەشتە پیرۆزەی پاڵەوانی سکێچی "ژیانی تاوانباری گەورە" بە ئەنجام بگەیەنێت. ئالیۆشا کە لەنێو هەموو براکانیدا تاقە کەسێکە ژیانی پتر لە مانای ژیان خۆش دەوێت، نموونەی ئامانجی مەسیحییە. وێڕای ئەوەی دۆستۆیڤسکی بە ئاشکرا دەیویست لە درێژەی چیرۆکەکەدا، لە تێپەڕین لە بەرزەخی ژیانی مۆدێرن، ڕاپێچی نێو گێژاوی گوناحی بکات، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو لە دڵی خۆیدا، نهێنیی نوێبوونەوەی پێیە کە بواری دەستوپەنجەنەرمکردنی لەگەڵ شەیتاندا بۆ دەڕەخسێنێت، بێئەوەی لەم شەڕەدا ڕۆحی خۆی بدۆڕێنێت.

دیمیتری ژیانی خۆش دەوێت، بەڵام مانای ژیان هێشتا سەری لێدەشێوێنێت. ساکاربوون و هەستی قووڵ جەوهەری وجوودی ئەون. دەڵێت: «نەفرەت

لەوانەی بەدزییەوە سەرەتاتکێ بەناو دڵی مرۆڤدا دەکەن!» ئەوەی پێش هەموو شتێک ئازاری دەدات، ئەمەیە کە مرۆڤ بە زیهنی باڵا، بە ئامانجی مریەمی پاکیزە دەست پێدەکات و دواجار چارەنووسی ئامانجی سۆدۆمی* تووش دەبێت. دیمیتری لەبەر هەستی تاوانێکی ئەخلاقی بۆ کوشتنی باوکی - ئەو ئاواتەخوازی مەرگی باوکی بوو - حوکمی تاوانبارییەکەی خۆی قبوڵ دەکات و دەڵێت: «دەمەوێت ئازار بچێژم و بە ئازارچەشتن خۆم پاک و پاکژ دەکەمەوە.»

ئیڤان کە زۆرتر سەرقاڵی واتا و مانای ژیانە هەتا خودی ژیان، سەرنجڕاکێشترین کاراکتەری ڕۆمانەکەیە، لە زۆر لایەنیشەوە نموونە و وێنەی زیهنیی خولقێنەرەکەیەتی. ئیڤان ئاخر کاراکتەری دووڕوخساری نێو شانەی کاراکتەرە دووڕوخسارەکانی بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکی یە. تەوەری دووڕوخسارییەکەشی، ململانێیەکی دنیاییە لەگەڵ خودادا. ئیڤان بە ڕاپەڕینێکی بچووک دەست پێدەکات و دەگاتە شۆڕش و یاخیبوونێکی

---

* Sodom

میتافیزیکیی دژبە جیهانی خودا. دەماری کارامازۆفییانە لەنێو ئەودا بەرگی غرووری فیکری و مەعنەوی لەبەر دەکات. ئیڤان بەو غروورەی هەیەتی، لە خەونی مرۆڤ ـ خودابووندایە؛ بەڵام کاتێک لایەنی چۆکدادەری کەسایەتییەکەی زاڵ دەبێت، ئەوا ئیتر جیهان ـ خودا قبوڵ دەکات، چونکە ناتوانێت لە هاوئاهەنگی و هارمۆنیی باڵاتری نێوان مرۆڤ و دونیای خودا تێبگات. ئیڤان لەم ململانێ ناوەکییەدا، بەڕاستی سەرقاڵی هەمان ئەو شتانەیە کە لە گەڕانی خودی دۆستۆیڤسکی دا بۆ گەیشتن بە ئیمان بوونی هەیە، پرسی گوناح و مەینەتچەشتن، پەیوەندیشیان بە بوونی خوداوە.

چڵەپۆپەی ململانێی ئیڤان لە بەشی «تەبا و ناتەبا»[١٧٤]دا هاتووە کە یەکێکە لە بەرزترین و ڕاقیترین داڕشتنە هونەرییەکانی دۆستۆیڤسکی . ئیڤان دوای ئەوەی چەندین چیرۆکی ڕاستەقینە لەمەڕ ئەشکەنجەدان و ئازاری منداڵان بۆ ئالیۆشا دەگێڕێتەوە، داوای ڕەچاوکردنی دادپەروەری و ویژدان دەرهەق بە مافی ئەم قوربانییانە دەکات، ئەویش دادپەروەرییەک نەک لە بەهەشت یان لە

دۆزەخدا بەڵکو دادێک لە سەر ئەرز. دەشڵێت ئەگەر بڕیار وایە هاوئاهەنگی و هارمۆنییەتی ئەبەدی بە قیمەتی ئەشکەنجە و ئازاری ئەم منداڵە مەعسوومانە بێتە دی، ئەوا ئەو حاشا لەم هاوئاهەنگی و هارمۆنییەی نێوان دونیای خودا دەکات. کاتێکیش ئالیۆشا پێدادەگرێت کە مەسیح کە لەپێناو هەموو مرۆڤەکاندا ئەشکەنجە درا، لەسەر هەق بوو کە ئەم بەرپرسانەی ئەشکەنجەدانی بێگوناحەکان ببەخشێت، ئیدی ئیڤان وەڵامی خۆی بەو «ئەفسانەی پشکنیاری گەورە»[١٧٥]یە دەداتەوە کە زۆریش بەناوبانگە. لەم بەشەدا پشکنیار بەو سۆنگەیە مەسیح تاوانبار دەکات کە بە ئاگاداری لە چاکە و خراپە، بانگەوازکەری ئازادی و ئیرادەی ئینسانە لە هەڵبژاردنی شتەکاندا. دۆستۆیڤسکی هەم لە یادداشتەکاندا، هەمیش لە نامەیەکدا کە بۆ بڵاوکەرەوەی ئەم ڕۆمانەی دەنێرێت، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەرگۆمێنتەکانی ئیڤان بۆ ڕەتکردنەوەی واتا و مانای جیهانی خودا، وەڵام نادرێتەوە؛ ئیڤانیش تەییدی بەڵگەکەی پشکنیار دەکات بۆ حاشاکردن لە مەسیح.

بەڵام لە بەشی دواتردا، دۆستۆیڤسکی هەوڵ دەدات وەڵامیک بۆ ئەمە بدۆزێتەوە، وەڵامەکەش لە سەر زاری زۆسیما، ڕاهیبی پیرەوە دەردەبڕدرێت. پێشتر ئەم وەڵامە، بە وشەکانی خودی دۆستۆیڤسکی، لە "یادداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەر"دا هاتووە: دەبێ تەنها لە پێگەی ڕۆحیی مرۆڤەکانەوە لە یەکسانی بگەڕێین؛ مەینەتچەشتن هاوئاهەنگی و هارمۆنیی ژیان لە ناو نابات، بەڵکو خۆی گەیشتنە بە ئامانجێک، یاسایەکە لە یاساکانی عەدالەتی ئیلاهی کە بۆ هەموانە و گوناح و تاوانەکانی ئینسان ڕاست دەکاتەوە؛ ناتوانین تەنها بە پشتبەستن بە عەقڵ لە نهێنیی هارمۆنیی دونیایی تێبگەین، بەڵکو دەبێ بە هەست و نەست و ئیمان لێی تێبگەین. ئەگەر کەسێک، ئامێزی خۆشەویستی بۆ تێکڕای مەخلووقەکانی دونیا بکاتەوە، ئەوا ئەم خۆشەویستییە پاساوی سەرجەم مەینەتێک دەداتەوە و هەموانیش دەبنە شەریکی گوناحی یەکدی و بەمەش ئازارچەشتن بۆ گوناحی خەڵکانی دیکە، دەبێتە ئەرکی ئەخلاقییانەی هەر مەسیحییەکی ڕاستەقینە. ئەم گوتوبێژە بێئەنجامەی نێوان ئیڤان و زۆسیما،

ڕەنگدانەوەی ئەو گوتوبێژە پڕژانەیە کە لە زیهنی دڕدۆنگ و دوالیزمییانەی دۆستۆیڤسکی دا لە گەڕانیدا بۆ گەیشتن بە ئیمان لەگەڕدا بوو.

لەوانەیە دۆستۆیڤسکی ویستبێتی لە درێژەی ڕۆمانەکەدا، بە شێوازێکی داڕێژراوتر وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵام پاش ئەو وتارە بەناوبانگەی پەردەلادان لە سەر پەیکەری پۆشکین کە سەرجەم ئامادەبووانی سەرسام کرد کە هەموویان لە کەسانی دیاری وڵات بوون، بە پێشبینیی پڕزایەڵەی خۆی کە ڕووسیا مەهامێکی جیهانیی هەیە، ئیتر پتر لە چەند مانگێک نەژییا.

دۆستۆیڤسکی ٢٨ی مانگی کانوونی دووهەمی ساڵی ١٨٨١، ماڵئاوایی لە ژیان دەکات و بە مردنی، درێژەی ئەم بەرهەمە باڵی کشوماتی و کوژانەوەی بەسەردا دەکشێت. "**برایانی کارامازۆف**" پتر لە هەر ڕۆمانێکی دیکەی دۆستۆیڤسکی ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێ ناوەکییەی دۆستۆیڤسکی یە کە چاوگ و کانگای هونەرەکەی بوو - زیهنی دۆستۆیڤسکی لەگەڵ ئەرگۆمینت و بەڵگەکانی ئیڤاندایە، دڵیشی لەپاڵ تێگەیشتنی هەستەوەرانەی زۆسیمادا بوو. ئەم

ململانێ بەهێزەی نێوان زیهن و دڵ، توخمێکی زیاتر دەخاتە سەر ئەم ڕۆمانە کە لە سەرووی ئەزموونەکانی ئەم جیهانەی دادەنێت. ئەم ڕۆمانە، جۆرە بێئاسۆیی و بێڕۆخییەکی تێدایە کە دەگاتە ئەودیوی جۆش و شەهوەتی خاکیی چیرۆکەکەوە، دەگاتە شوێنێک دەکرێت تیایدا لە هەموو هۆکارە گشتی و غایەتمەندەکانی هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئینسان تێبگەین. پێدەچێ هەر ئەمەش پاساوی ئەم قەناعەتەی دۆستۆیڤسکی بێت کە ئەو ڕیالیزمە باڵاترەی کە مەیدانی تەڕاتێنکردنی بوو، لە ڕیالیزمەکەی شێکسپیر دەچوو ـ نەک بەس تەسک بکرێتەوە بۆ وێنەکردنەوەی ژیان، بەڵکو سەرقاڵی نهێنیی وجوود و ڕۆحی مرۆڤ بێت.

**پەراوێزەکان :**

١. Albet Einstein،(١٩٥٥ ـ ١٨٧٩). زانای فیزیای ئەڵمانی ـ ئەمریکی.

٢.Feodr Dostoevsky (١٨٢١-١٨٨١)

٣. Carl Friedrich Gauss، (١٩٢٤ ـ١٨٧٠). زانا و بیرمەندی ئەڵمانی.

٤.v.I. Lenin، (١٩٢٤ ـ ١٨٧٠). سەرۆک و ڕێبەری شۆڕشی کۆمۆنیستیی ڕووسی.

٥. Maxim Gorky، (١٩٣٦ ـ ١٨٦٨). نووسەری ڕووسی.

٦.William Shakespeare، (١٦١٦ ـ ١٥٦٤). شاعیر و شانۆنامەنووسی بەریتانی.

٧. Vladimir Nabakov، (١٩٧٧ ـ ١٨٩٩). نووسەری ئەمریکیی بەڕەگەز ڕووسی.

٨. Joseph Stalin، (١٩٥٣ ـ ١٨٧٩). سەرۆک و ڕێبەری ڕووسیای سۆڤیەت تا ١٩٥٣.

٩.Friedrich Nietzsche، (١٩٠٠ ـ ١٨٤٤). فەیلەسووفی ئەڵمانی.

١٠.shigalev

١١. The possessed (١٨٧٣)

Tomas Masaryk.١٢، (١٩٠٠ ـ ١٨٤٤). فەیلەسووف و سیاسەتوانی چێک، یەکەم سەرۆک کۆماری چێکۆسلۆڤاکیا.

١٣. spirit of Russia

١٤ . Adolf Hitler، (١٩٤٥ ـ ١٨٨٩). سەرۆکی ئەڵمانیای نازی.

martin Luther.١٥، (١٥٤٦ـ ١٤٨٣). ڕیفۆرمخوازی ئایینیی ئەڵمانی، دانەر و داڕێژەری ئایینزای پرۆتستان.

١٦. Andre Malraux، (١٩٧٥ ـ ١٩٠١). نووسەری فەڕەنسی.

١٧. (١٩٨٠ ـ ١٩٠٥). فەیلەسووف Jean Paul satre و نووسەری فەڕەنسی.

١٨. (١٩٦٠ ـ ١٩١٣) . Albert Camus نووسەری فەڕەنسی.

١٩. L Homme revolte (The Rebel,(١٩٥١)

٢٠. The Brothers Karamazov, (١٨٧٩ – ١٨٨٠)

٢١، (١٨٨٣ ـ ١٨١٨). Ivan Turgenev نووسەری ڕووسی.

٢٢. (١٩١٠ ـ ١٨٢٨) . Leo Tolstoy نووسەری ڕووسی.

٢٣. (١٨٣٧ ـ ١٧٩٩). Alexander pushkin شاعیر و نووسەری ڕووسی.

٢٤. (١٨٥٢ ـ ١٨٠٩). Nikolai Gogol نووسەری ڕووسی.

٢٥ . شاعیری یۆنانی کۆن.. Homer

٢٦، (١٦٨٤ـ١٦٠٦). Pierre Corneille

شانۆنامەنووسی فەڕەنسی.

٢٧. (١٦٩٩ ـ ١٦٣٩). Jean Racine

شانۆنامەنووسی فەڕەنسی.

٢٨. (١٧٧٨ ـ ١٧١٢). Jean Jacques Rousseau

فەیلەسووف و نووسەری فەڕەنسی.

٢٩. (١٨٣٢ ـ ١٧٤٩). Johann Wolfganh Goethe

شاعیری ئەڵمانی.

٣٠ . (١٨٢٤ ـ.. George Gordon Byron

١٧٨٨). شاعیری بەریتانی.

٣١ . (١٨٠٥ ـ ١٧٥٩). . Freidrich Schiller

شاعیر و شانۆنامەنووسی ئەڵمانی.

٣٢ . (١٨٤٥ ـ.. Augest Wilhelm Schlegel

١٧٦٧). ئەدیبی ئەڵمانی.

٣٣ . (١٨٢٩ ـ ١٧٧٢). . Friedrich Schlegel

ئەدیبی ئەڵمانی.

٣٤ . (١٨٢٣ ـ ١٧٦٤). . Ann Radgliffe

ڕۆماننووسی بەریتانی.

٣٥ . (١٨١٨ ـ ١٧٧٥). ڕۆماننووس . M. g. Lewise

و شانۆنامەنووسی بەریتانی.

٣٦ . (١٧٨٠ ـ ١٨٢٤).. Charles Maturin
ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی ئیرلەندی.
٣٧ . (١٧٧٦ ـ ١٨٢٢).. E. T. A. Hoffmann
هونەرمەند و مۆسیقار و نووسەری ئەڵمانی.
٣٨ . (١٧٧١ ـ ١٨٣٢). شاعیر . Sir Walter Scott
و ڕۆماننووس و مێژوونووسی سکۆتلەندی.
٣٩ . (١٧٩٩ ـ ١٨٥٠).. Honore de Balzac
ڕۆماننووسی فەڕەنسی.
٤٠ . (١٨٠٢ ـ ١٨٨٥). شاعیر و . Victor Hugo
ڕۆماننووسی فەڕەنسی.
٤١ . خاتوونە ڕۆماننووسی . Geore Sand
فەڕەنسی.
٤٢ . (١٨٠٤ ـ ١٨٥٧).. Eugene sue
ڕۆماننووسی فەڕەنسی.

٤٣. Eugnie Grandet

٤٤. Mikhail

٤٥. Poor Folk

٤٦.Vissarion Belinsky، (١٨١١ ـ ١٨٤٨).
ڕەخنەگری ڕووسی.

٤٧. The Diary of a writer (١٨٧٣ ـ ١٨٨١)

٤٨. The station Master (١٨٣٠)

٤٩. The Overcoat (١٨٤٢)

٥٠ . (١٨١٢ ـ ١٨٧٠). Charles Dickens.
ڕۆماننووسی بەریتانی.

٥١. Clarissa (١٧٤٧– ١٧٤٨)

٥٢ . (١٦٨٩ ـ ١٧٦١). . Samuel Richardson
ڕۆماننووسی بەریتانی.

٥٣. Nouvelle Heloise (١٧٦١)

٥٤. Jacques (١٨٣٤)

٥٥. Devushkin

٥٦. The Double (١٨٤٦)

٥٧. Dead Souls

٥٨. Golyadkin

٥٩. Ivan

٦٠. Mr. Prokharchin

٦١. The Landlady

٦٢. A Faint Heart

٦٣. The Honest Thief

٦٤. Netichka Nezvanova

٦٥. Fatheland Notes

٦٦ . (وەرگێڕانی فارسی، . Hero of Our Time
کەریمی کشاوەرز، تاران، کتێبی گیرفان،١٣٤١).

٦٧ . (١٨٤١ ـ ١٨١٤). شاعیر . Mikhail Lermontiv
و نووسەری ڕووسی.

٦٨. Yefimov

٦٩. Katya

٧٠ . (١٨٠٤ ـ ١٧٢٤). . Immanuel Kant

فەیلەسووفی ئەڵمانی.

٧١ . (١٨٥٥ ـ ١٧٩٦). قەیسەری ڕووسیا . Nicholos I

١٨٥٥ .لە ساڵی ١٨٢٥ـەوە تا ساڵی

٧٢. Mikhail Petrashevky

٧٣ . (١٨٧٣ ـ ١٧٧٠). . Charles Fourier

سۆسیالیستی فەڕەنسی.

٧٤ . (١٨٢٥ ـ ١٧٦٠). . Comte de Saint Simon

سۆسیالیستی فەڕەنسی.

٧٥ . (١٨٦٥ ـ. . Pierre Joseph Proudhon

١٨٠٩). سۆسیالیست ـ ئەنارشیستی فەڕەنسی.

٧٦. Duriv Circle

٧٧. Semyonev

٧٨. Omsk

٧٩. S. G. Nechaev

٨٠. Semipalatibsk

٨١. Marya Isaeva

٨٢. Mameladov

٨٣. Crime and punishment (١٨٦٧)

٨٤. Uncle s Dream (١٨٥٩)

٨٥. Zina

٨٦. The Government Inspector (١٨٦٣)

٨٧. The Village of Stepanchikovo and Its Inhabitants (١٨٥٩)

٨٨. The Friend of the Family

٨٩. Colonel Rostanev

٩٠. Foma Opiskin

٩١ . (کاراکتەری سەرەکیی شانۆگەرییەکی . Tartuffe کۆمێدیی مۆلیەر هەر بەم ناونیشانە).

٩٢. Tvre

٩٣. Time

٩٤ . (١٨٦٤ ـ ١٨٣٢). . Apollon Maikov شاعیری ڕووسی.

٩٥ . (١٨٦٤ ـ ١٨٣٢). . Apollon Grigoriev نووسەری ڕووسی.

٩٦ . (١٨٩٦ ـ ١٨٢٨). ڕەخنەگری . N. N. Strakhov ڕووسی.

٩٧ . (١٨٨٩ ـ ١٨٢٨). . N. G. Chennishesky ڕەخنەگری ڕووسی.

٩٨ . (١٨٣٦ ـ ١٨٦١). . N. A Dobrolyubov ڕەخنەگری ڕووسی.

٩٩. The House of the Dead

١٠٠ . (١٨١٢ ـ ١٨٧٠).. Alexander Herzen
نووسەر و بیرمەندی ڕووسی.
١٠١. Gazin
١٠٢. Orlov
١٠٣. Valkovsky
١٠٤. Raskolnikov
١٠٥. Svidrigailov
١٠٦. Stavrogin
١٠٧. The Insulted and the Injured
١٠٨. Vanya
١٠٩. Natassha
١١٠. Alyosha
١١١. Katya
١١٢. Nelli
١١٣. Winter Notes on Summer Impressions
١١٤. Polina Suslova
١١٥. Epoch
١١٦. Notes from the Undergrund (١٨٦٤)
١١٧ . (١٨٩٥ ـ ١٩٧٥).. Mikhail Bakhtin
ڕەخنەگری ڕووسی.
١١٨. M. N. Katkov
١١٩. Russian Messenger

١٢٠. Sonya

١٢١. Luzhin

١٢٢. Lebezyatnikov

١٢٣. Rastignac

١٢٤ . (وەرگێڕانی فارسی: م. ا. ب . Pere Goriot
ئازین، تاران، نیل، ١٣٣٤).

١٢٥. Anna Snitkina

١٢٦. The Gambler (١٨٦٦)

١٢٧. Polina Alexandrovna

١٢٨. Alexei Ivanovich

١٢٩ . (١٨٧٦ ـ ١٨١٤). ئەنارشیستی . M. Bakunin
ڕووسی.

١٣٠. The Idiot

١٣١. A Gentle Creature (١٨٦٧)

١٣٢. prince Myshkin

١٣٣ . پاڵەوانی ڕۆمانێک بە هەمان . Don Quixote
ناو، نووسینی سێرڤانتس.

١٣٤ . پاڵەوانی چیرۆکی نامەکانی . Pickwick
پیکویک، نووسینی چارلز دیکنز.

١٣٥. Epanchins

١٣٦. Ivolgins

١٣٧. Rogozhin

١٣٨. Ganya
١٣٩. Nastasya
١٤٠. Aglaya
١٤١. The Eternal Husband
١٤٢. Pavel Pavlovich
١٤٣. Velchaninov
١٤٤. Pyoter Verkhovensky
145 The Devils
١٤٦. Shatov
١٤٧. Kirilov
١٤٨. Liza
١٤٩. Darya
١٥٠. Maria Timofeevna
١٥١. At Tikhon
١٥٢. Virginsky
١٥٣. Stepan Trofimovich Verkhovensky
١٥٤. Senator K. P. Pobedonostsev
١٥٥. Citizen
١٥٦. Vlas
١٥٧. bobok
١٥٨. The Peaseant Marie
١٥٩. The Heavely Christmass Tree

١٦٠. The Dream of a Ridiculous Man
١٦١. A Raw Youth (١٨٧٥)
١٦٢. Arkady Dolgruky
١٦٣. Versilov
١٦٤. Katerina Akhmakova
١٦٥. Dmitri
١٦٦. Kolya krasotkin
١٦٧. Ilyosha
١٦٨. Alyosha
١٦٩. Zosima
١٧٠. Grushenka
١٧١. Smerdyakov
١٧٢. Ivan
١٧٣. Katerina Ivanovna
١٧٤. Pro and Contra
١٧٥. Legend of the Grand Inquisitor

## Selected Bibliography

EDITIONS

Poor Folk. Saint Petersburg 1846

The Double. Saint Petersburg 1846

The Friend Of The Family. Saint Petersburg 1859

The Insulted and the Injured. Saint Petersburg 1861

The house Of the dead. Saint Petersburg 1861

Winter Notes On summer Impressions.saint Petersburg 1863

Notes from the underground. Saint Petersburg 1864

The Gambler. Saint Petersburg 1866

Crime and punishment. Saint Petersburg 1867

The Idiot. Saint Petersbrg 1869

The Eternal Husband. Saint Petersburg 1870

The Diary Of a Writer. Saint Petersburg 1873 1881

The Possessed. Saint Petersburg 1873

A raw Youth. Saint Petersburg 1875

The Brothhers Karamazov. Saint Petersburg 1879 1880

## TRANSLATIONS

### INDIVIDUAL WORKS

The Brothers Karamazov. Translated by Constance Garnett. New York 1945

Crime and Punishment. Translated by Jessis Coulson. New York 1952

The Diary of a Writer. Translated by Boris Gottieb. New York 1949

A Disgraceful Affair. Translated by Nora Gottlib. Philadelphia 1963

The Friend of the Family. Translated by Constance Garnett. New York 1949

The House of the Dead. Translated by Constance Garnett. New York 1915

The Idiot. Translated by David Magarshack. More 1955

The Insulted and the Injured. Translated by

Stance Garnett. New York 1955
Letters from the Underground. Translated by C. J. Hogarth.
New York 1957
Poor Folk. Translated by Robert Dessaix. Ann Arbor Mich. 1982
The Possessed. Translated by Constance Garnett.
New York 1948
Winter Notes on Summer Impressions. Translated by
Robert Lee Renfield. New York 1955

## COLLECTED WORKS

Great Short Stories of Fyodor Dostoevsky.
New York 1968
Occasional Writings. Edited by David Magarshack.
New York 1969
The Short Stories of Dostoevsky. Edited by William Phillips.
New York 1957
Works. Translated by Constance Garnett. 12 Vols.
New York 1951

CORRESPONDENCE NOTEBOOKS

Dostoevsky: Letters and Reminiscences. Edited by S. S. Koteliansky

And J. Middleton Murry. New York 1923

Letters. Edited by Ethel C. Mayne. New York 1984

Leeters of Dostoevsky to His Wif. Edited by Elizabeth Hill

And D. Mudie Hill. New York 1930

Letters of Fyidor M. Dostoevsky. Edited by Ethel C. Mayne.

London 1914

The Notebooks for the Five Major Novels. Edited by Edward Wasiolek.

Chicago 1967 - 1971

The Unpublished Dostoevsky: Diaries and Notebooks 1860 - 1881)

Ann Arbor Mich. 1975 - 1976

## BIOGRAPHICAL AND CRITICAL STUDIES


Abraham G. Dostoevsky. New York 1974

Bakhtin Mikhail. Problems Of Dostoevsky s Poetics.
Translated by R. W. Rotsei. Ann Arbor Mich. 1973

Belknap R. L. The Structure Of The Brothers Karamazov.
The Hague 1976

Berdyae Nicholas. The Spirit Of Dostoevsky.
Translated by Donald Attwater. New York 1957

Camus Albert. The Rebel: An Essay on Man in Revolt. Translated by Anthony bower.
New York 1954

Carr Edward Hallett. Dostoevsky 1821 – 1881
New York 1981

Cerny V. Dostoevsky and His Devils. Ann Arbor Mich. 1975

Coulson Jessie. Dostoevsky: A Self – Portrait.
London 1962

Curle Rchard. Characters of Dostoevsky: Studies from Four Novels.
London 1950

Dostoevsky A. Fyodor Dostoevsky: A Study.
New York 1972 (By his daughter.)

Dostoevsky Anna. Reminiscences. Translated and edited by Beatrice Stillman.
New York 1975 (by his second wife)
Fanger Donald. Dostoevsky and Romantic Realism.
Cambridge Mass. 1965
Frank Joseph. Dostoevsky: The seeds of Revolt 1821 – 1849
Princenton N. J. 1976
----- Dostoevsky: The Years of Ordal 1850 – 1859
Princeton N. J. 1983
Gide Andre. Dostoevsky. Translated and With an Introduction by Arnold Bennet.
New York 1925
Grossman L. Dostoevsky: A Biography.
Indianapolis. Ind 1975
Ivanov Vyacheslav. Freedom and the Tragic Life: A Study in Dostoevsky. Translated by Normeron.
New York 1952
Jackson Robert Louis. Dostoevsky s Quest for Form: A Study of His Philosophy of Art. New Haven Conn. 1966
Jones M. Dosteoevsky:The Novel of Discord.
London 1976

Labrin Janko. Dostoevsky: A Study.
New York 1947
Linner Sven. Dostoevskij on Aealism.
Stockholm 1964
Lord R. Dostoevsky: Essays and Perspectives.
Berkeley Calif. 1970
Magarshack David. Dostoevsky.
West port Conn.1976
Matlaw R. E. (The Brothers Karamazov) : Novelis_tic Technique.
The Hague 1957
Meier – Graefe Julius. Dostoevsky: The Man and His Work. Translated by Herbert H.
Marks. New York 1928
Merezhkovsky D. S. Tolsti as Man and Artist With an Essay on Dostoevsky.
New York 1902
Mochulsky Konstantin. Dostoevsky: His Life and Works.
Translated by Michael A. Minihan.
Princeton N. J. 1967
Murry John Middleton. Fyodor Dostoevsky: A Critical study. NewYork1966 Passage Passge

Charles E. Dostoevsky the Adapter: A Study in Dostoevsky of the
Tales of Hoff mann University of Nourth Carolina Studies in Comparativ Literature no.10
Chapel Hill N. C. 1954

Payne Robert. Dostoevsky: A Human Portrait. New York 1961

Peace R. Dostoevsky. Cambridge Mass. 1975

Powys John Cowper. Dostoevsky: A Study. London1946

Reeve F. D. The Russian Novel
New York 1966

Roe Ivan. The Breath of Corruption: An Interpreta tion of Dostoevsky.
London 1946

Simmons Ernest J. Dostoevsky: The Making of a Novelis.
New York 1940

Steiner George. Tolstoy or Dostoevsky: An Essay in the Old Criticism.
New York 1971

Troyat Henri. Firebrand: The Life of Dostoevsky.
Translated by Norbert Guterman.
New York 1946

Wasiolek Edward. Dostoevsky: The Major Fiction.
Cambridge Mass. 1964
Woodhouse C. Dostoevsky.
New York 1974
Yarmolinsky Avrahm. Dostoevsky: His Life and Art.
New York 1957